# له دنیای هەژار و دەوروبەری

شێرکۆ هەژار

٢٠١٧

## ناوەرۆك


سلەمەشەلم ........................ ٥-٧

چۆن حەمەسمێلی بێ سمێڵ دەوڵەمەند بوو ........................ ٨-١٠

حەسەنەسوور ........................ ١١-١٣

حەسەن زیرەك ........................ ١٤

موكرپیانی ........................ ١٥-١٩

كاك عەبدۆك باوە، دەوام ماوە یا نماوە ؟ ........................ ٢٠-٢٢

نقوود و نەجمەدین عەونی ........................ ٢٣-٢٤

كۆتری ئاشتیی هەژار و رۆژبەیانی ........................ ٢٥

لە نەقڵە سەیرەكانی هەژار ........................ ٢٦-٢٨

هەر پریشكێك لە هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری، نە پتر ........................ ٢٩-٣٢

لە ئەبونواسەوە ........................ ٣٣

هاواری زۆرلێكراو لە ماك كریاوە ؟ ماك كریا كێیە ؟ ........................ ٣٤

فەرهەنگی ئەولیاپەرستی، چۆن پیس بەسەر هەژار و هێمندا دەشكێتەوە ... ٣٥-٣٦

وتووێژی محەمەد ئوزوون و مەحموود باكسی لەگەڵ مامۆستا هێمن

لە مهاباد هاوینی ١٩٧٩ ........................ ٣٧-٤٤

جەواهیری ........................ ٤٥-٤٩

دۆستایەتیی هەژار و یەزیدییەكان ........................ ٥٠-٥٥

مەلە خۆشخوانەكەی كە ئەمڕۆ هێلانەكەی بە یەكجاری بەجێهێشت ........ ٥٦-٥٨

محەمەد عەلی كوردی ........................ ٥٩

لە فەیسبووك : هەژار - مەخابن ........................ ٦٠-٦٦

وێنەیەکی مامۆستا هەژار ........................ ٦٧-٧٠

شیعری شاعیرەکەی کە بوو بە قەساب ........................ ٧١

ئەم وێنەیە لە بیرەوەریی مندا ........................ ٧٢-٧٣

هەنگری من ........................ ٧٤-٧٥

مرۆڤی بەجێ ... نابەجێ لە ژیانی هەژار- هێمن‌دا ........................ ٧٦

دەبێت هەژار چیرۆکی ئەم شیعرەی لەکوێوە هێنابێت ؟ ........................ ٧٧-٧٩

وەرگێڕانێکی هەژار لە " أحمد شوقی" ........................ ٨٠-٨١

یوونس بەحری ........................ ٨٢-٨٥

کۆچی مامە عەبدوڵڵای شەرەفکەندی " ماڵی خۆمان" ........................ ٨٦-٩٠

رۆژێکی هاوینی ١٩٥٤، ئۆتۆمبیلێك لە شەقامی رەشیدی بەغدا، لە حەیدەرخانە، لەبەردەم سەرەتای یەکەم کۆڵانی دەستەچەپی دووکانی شەربەتی حاجی زبالە وەستا و، منی تەمەن هەشت ساڵ و چەند مانگێك و، ژنی هەژار و لەگەڵ "مامەحەمەدی حاجیاڵڵا"، کە لە سابڵاغەوە دەهاتین، لە ئۆتۆمبیل دابەزین و لە چەند پلەکانی سەرەتای کووچەی تەسك چووینە خوارەوە و، بە حەوت - هەشت دەقیقەیەك گەیشتینە بەردەمی ماڵێك؛ مامە حەمەد لە دەرگای دا، کردیانەوە و، بە بەخێرهێنانێکی زۆر گەرمی ژنێکەوە (کە دوایی دەرکەوت ناوی "خات شەوکەت" بوو) چووینە ژوورەوە. خۆشەویستی و رێز و شادییەکی ئێجگار زۆریان پیشان داین و هەر کرا بە جێژن و، سفرەی پڵاو و بەزم و رەزم رازایەوە.

ئیدی ئەو ماڵە بۆ دەوری ساڵێك بوو بە ئادرەسی منیش.

خانوو، دوو نهۆم، چوار ژوور بوو. خات شەوکەت خۆی و، مێردی و، کچی تەمەن ١٤ ساڵی (فەوزیە خانم) لە ژوورێك، کچەکەی دیکەی لەگەڵ مێردیدا (مەلا یحیای چروستانی بە زاوابەندی) لە ژوورێکدا، مام قادرێك و ژنی و کچی و کوڕی لە ژوورێکدا و، هەژار و ژنی و من لە ژوورێکدا. مام قادری گەرمیانی، خۆی ئێجگار زۆر باریك بوو، دەتگوت بە تەشی رستووتە و، ژنەکەی ئێجگار زۆر قەڵەو بوو، کچەکەیان (پەری خانم) لە دایکیشی قەڵەوتر بوو و، کاك "ئیبراهیم"ی کوڕیان کە لە ساڵی یەکەمی کۆلیجی سەربازی بوو، هەر ناوبەناو سەری دەدا- یەوە. مام قادر خانەنشینێکی زۆر هەژار بوو، کرێی زۆر بە زەحمەت بۆ دەدرا، سەری مانگان تا دوای نیوەشەو نەدەهاتەوە نەوەکا داوای کرێی ژوورەکەی لێبکەن. ئەوجا کە نیوەشەو دەهاتەوە، لەگەڵ ژنیدا لێیان دەبوو بە شەڕ و من هەر یەك شتم دەبیست :" نیمە، نیمە، نیمە، لەکوێی بێنم". هەژار دەیگوت : "خات شەوکەت زۆر قەڵەوە، بەڵام ئەگەر هەر کەمێك چەوری کەن، بە هاسانی دەچێتە قوونی دایکی پەرییەوە!". بەڕاستی سێ خانمی زۆر قەڵەو لەو ماڵەدا هەبوون. مێردی خات شەوکەتیش (وەکو ژنەکەی) هەر سابڵاغی بوو و کارێکی ئاگرکوژاندنە- وەی کەناری دیجلەی هەبوو، لە ژوورێکی ژێر سەعاتەکەی" سرای" زۆرتر شەوانە دەمایەوە و بۆخۆی بە تەنیەڵی لێیدەخەوت. ساڵی جارێك یا دووان کارێکی ئاگرکوژاندنەوەی کەناری رووباری دەبوو. زۆر لە ژنی دەترسا و، وا دەبوو ئەو ژنە قەڵەوە - بە زاراوەی ئێستا - "شکەنجەی دەدا"، پیس پێیدا دەکێشا. من ئەوەم زۆر پێ سەیر بوو، هەمیشە پێم وا ببوو کە پیاو لە ژن دەدا، بەڵام ژن لە پیاو بدا؟ ئەوە شتێکی زۆر سەیری نوێ بوو بۆ دنیای زانیاریی من. مەلا یحیا لە کۆندا پیاوی حەمە رەشید خان ببوو، ئێستا مەلای لەشکر (ئیمام تابوور) بوو. زۆر

باسی حەمە رەشیدخانی دەکرد و، هەژار دەیگوت بابی(مەلا محەممەدی چروستانی) زۆر شارەزای شیعری" نالی"
بوو . خات شەوکەت خانووەکەی لە موکریانییەك بە کرێ گرتبوو و، ئەو دوو ژوورەی وا بە کرێ دابوو بە مام
قادر و هەژار . یەکەم ماڵی هاوسێی دەستی راستمان، حەمە سمێڵی بێ سمێڵی سابڵاغی بوو . کەمێك بەولاوەتر :
ماڵی حەمە دەلاڵ ( حەمەی عەزەکوێری سابڵاغی) بوو . هەمیشە دنیایەك سابڵاغی بەدەورەوە بوون، هەر بینا
دیتت سابڵاغییەك لە شوێنێکەوە دەهاتە ئەو گەڕەکە و هەموو سابڵاغییەکانی بەسەر دەکردنەوە .

لەو ساڵەی کە ماڵی هەژار لەو شوێنە بوو، بیرەوەریی زۆری زۆر سەیر و سەمەرەم زۆر بە زیندوویی لەبیرماون،
هەر دەڵێی دوێنێ بوون، کەچی زۆر شتی دوای ئەوەم لەبیرنەماون، دیارە راستە بیری منداڵی تیژە . سەعات
پێنجی ئەم بەیانییە وەخەبەر هاتم، خەوم لێ نەکەوتەوە و، نازانم چۆن لەسەر جێگا ئەم دوو شتەم وەبیرهاتنەوە کە
بەوە پێکەنینێکی زۆر گرتمی :

یەکێکیان سڵاوێکی زۆر تایبەتیی نێوان هەژار و حەمەسمێڵ بوو، کە لەبەر دەرگا وادەبوو تووشی یەکتر دەبوون،
حەمەسمێڵ بە هەر دوو دەستی بازنەیەکی ناتەواوی دروست دەکرد، وەك ئەوە کە بیەوێت دارێکی زۆر ئەستوور
بخاتە باوەشییەوە و دوو دەستی نەگەنەوەیەکتر! و هەژاریش بە قاقای پێکەنینەوە بە کێشانی بازنەیەکی ناتەواوی
بە هەمان شێوە بە هەر دوو قۆڵی وەڵامی دەدایەوە و، حەمەسمێڵیش هەمان پێکەنین دەیگرت .

من ئەوەم چەند جارێك دیت، نەمدەزانی ئەو سڵاوە چی بوو، تا رۆژێك حەمەسمێڵ لە ماڵی هەژار دیسان وای‌کرد
و باسی‌کرد، ئیدی بۆم روون بۆوە چ باس بوو : تۆمەز هەر جارە کە مێردی خات شەوکەت حەمەسمێڵی بدیتایە،
باسی وڵاخەکانی سەربازی عرووسی بۆ دەکرد کە لە شەڕی گەورەی یەکەمدا لە سابڵاغ بوون و، بە هەر دوو
دەستی ئەو بازنە ناتەواوەی دەکێشا و دەیگوت : لاقی ئەسپەکانیان ئەوەندە بوو!

ئەوەکەی دیکەش ئەوەبوو جارێك کوڕێکی خات شەوکەت بە سەردانی چەند رۆژێك لە موکریانەوە پەیدا بوو، لە
مێردی پێشووی بوو، تەمەنی بە دەوری بیست ساڵێك دەهاتە بەرچاو و دەیانگوت نازانم لەکوێ ئاسنگەر بوو .

حەمەسمێڵ، رۆژێکیان - وەکو هەمیشە- بە پێکەنینەوە پەیدا بوو، لە هەژاری پرسی: ئەرێ کاکە ( ئەو بە هەژاری
دەگوت کاکە، هەژاریش هەر پێیی‌دەگوت حەمە) ئەمن کە بەو کوڕەی خات شەوکەت دەڵێم چۆنی ؟ جوابێکی زۆر
سەیرم دەداتەوە، نازانم دەڵێ چی، ئەوە دەڵێ چی ؟ هەژار گوتی : وەرە با ئەوجارە پێیی‌بڵێین چۆنی و، چاك زەینی
بدەینێ بزانین دەڵێ چی .کە هەلێکیان دیتەوە، پێکەوە پێیانگوت : چۆنی ؟ وەڵامێکی دایەوە،کە دیسان حەمە
سمێڵ هیچی لێ بۆ ساغ نەبۆوە، بەلام گوێی هەژار وەریگرت،گوتی : دەڵێ " سلەمەشەلم"! ئێ ؟ یانی چی ؟

6

هەژار دەستبەجێ تەرجومەشی کرد ، گوتی : یانی " سڵامەت بی ئینشاڵڵا"!

هەر واش دەرچوو!   ئەو " سڵامەت بی ئینشاڵڵا"ی خۆی وا دەگوت : " سڵەمەشەڵم"!

# چۆن حەمەسمێڵی بێ سمێڵ دەوڵەمەند بوو

پیاوێکی سابڵاغی بە ناوی قادر ( قالەی مەنسووری ؟)، پێش ٦٥ ساڵێك، چوو دوو سەماوەرێك و چەند چادان و ئیستیکان و ئەو شتانەی پێداویستی چاخانەی لە گۆشەیەکی بەردەمی سەرەتای بازاڕی زێڕینگەران (سوق الصیاغە) ی بەغدا دانا( کە کۆتایی بازاڕەکە لەوسەرەوە لە بازاڕی سەرای (سوق السرای) دەردەچوو) . زۆر سەیر بوو کە پێش ئەوە چایچییەك بۆ ئەو زێڕینگەرانە لەو ناوە نەبوو . کاك قادرکاری زۆر باش بوو، هەر زێڕینگەرێك کڕیار رووی تێبکردایە، لەپێشدا داوای چای بۆ دەکرد ئەوجا دەیگوت دەی .

حەمەسمێڵی بێ سمێڵ، چووە لای " قالەی برام"! ( کە هەژار هەر وای پێدەگوت) و، بە چاوی بە فرمێسکەوە باسی بێکاری و برسێتیی خۆی بۆ کرد، کە : منیش وەکو تۆ سابڵاغیم و کەوتوومە غەریبییەوە و کەسم نیە و، ئێستاش هەر خودام هەیە و تۆ! قالە کردی بە شاگردی خۆی، رۆژانە بە ٢٠٠ فلس و، نانی نیوەڕۆشی لەسەر حیسابی قالە بێت . حەمە بەوە زۆر شاد و مەمنوون بوو و هەر دوعای خێری بۆ وەستای دەکرد.

وەستا و شاگردی، هەرتك نەخوێندەوار بوون، حەرفیان نەدەناسی . رۆژێك، حەمە نامەیەکی بە کەسێك نووسی، کە : " رۆڵە گیان قالە، ئەمن بابتم و، لەسەر مردنم، مەوەستە، هەر ئێستا وەرەوە تا پووڵ و حاڵ و ماڵت تەسلیم بکەم و، فریا بکەوە پێش مردنم بۆ دواجار ماچت بکەم"! . حەمە نامەی خستە پاکەتێکی کۆنی نامەوە و دای بە قالەی وەستای :"وەستا، پیاوێك ئەو کاغەزەی هێنا و، پەلەی بوو، رۆیشت، کوتی ئەوە بدە بە ئاغای مەنسووری و پێی بڵێ فریای بابی بکەوێ". پێکەوە چوونە لای خوێندەوارێك، نامەکەی بۆ خوێندنەوە کە حاڵ و مەسەلە ئەوە بوو، بابی دەمرد و دەبوو فریای بکەوێت . قالە، چاخانەکەی دا دەست حەمەسمێڵی شاگردی و، سابڵاغ هاتم!

حەمە دەست بەجێ چاخانەکەی گواستەوە گۆشەیەکی ناو جەرگەی بازاڕەکە و، چوو لە ئیدارەی شارەوانی ( بلدیە) بە ناوی خۆی نووسی ( قالە عەقڵی ئەوەی نەبووبوو ئەو کارە بکات) . قالە دەچێتەوە سابڵاغ، تەماشا دەکات بابی لە خۆی ساغترە و نە ئاگای لە کاغەز هەیە و نە هیچ . دەزانێت کە پەندیان پێداوە . دەگەڕێتەوە بەغدا، پێی وایە لەوێ چاخانەی هەیە، بەڵام نا، چاخانەکە ئێستا هی حەمەیە و، بە هەزار ناڵی عەلی، ئەمجارەیان حەمە، قالە بە شاگردی خۆی رادەگرێت، رۆژانە بە ١٠٠ فلس و، بە بێ نانی نیوەڕۆش .(من حەمەسمێڵم لەو چاخانەیدا دیتووە، بەڵام ئەوە کاتێك بوو کە قالەی لا نەمابوو، قالە ئەوسا کاری وێنەگریی دەکرد) .

چا بردن بۆ دووکانان ئیدی هەر تەنیا کاری قالەی شاگرد بوو، حەمە کاری دیکەی زۆر گرنگتری هەبوو : کوردان ماچ بکات! بە بازاڕ و دەوروبەریدا دەسووڕایەوە، هەر کوردێکی بدیتایە، کە زۆر بوون بە جلوبەرگی

کوردییەوە لە کوردستانەوە هاتبوون و دەچوون زێڕ بکڕن، بە بێ هیچ پێشەکییەك لەپێشدا دەستیدەکردە ملیانەوە و، بە ماچ دەکەوتە سەریان و، هەمیشەش فرمێسکی حازر و بزر بەدەستی خۆی بوو : ئەوە ئێوەش کوردن ؟ خەڵکی کوێن ؟ کەوتوونە ئەو بەغدایەی پڕ لە کافرانی کە لە خودا ناترسن! وەرن ئەمن پێتانبڵێم کێ لەو بازاڕە لە خودا دەترسێ، لەوی بکڕن . دەیبردنە لای زێڕینگەرێك کە پێشەکی لەگەڵیدا رێككەوتبوو : خەڵکت بۆ دەهێنم، نیسبەتی دەلاڵییەکەم بدەیە و، هێندێك لە خەڵکی تریشیان پتر لێ بستێنە و، ئەو پترەش بەش دەکەین . زۆرتر وا بوو، کوردە کڕیارەکانیش هەر شتێکیان دەدایێ ... هەقی ئەوەی کە بردبوونییە لای ئەوانەی" لە خودا دەترسان"! حەمە بەوە پارەیەکی باشی وێکنا، ئەوجا چاخانەکەی کرد بە دووکانی زێڕینگەری بە بێ ئەوە هیچ لە زێڕینگەری بزانێت! چۆن ؟ دەچوو زێڕی لە دووکانداران وەردەگرت و لە جامخانەی دووکانەکەی خۆی دادەنا و، ئەگەر هەر کارێکی زێڕینگەرییش پێویست بوایە مەسەلەیەك نەبوو، بە کڕیاری دەگوت : بۆت دەدەم بە شاگردەکانم یا خۆم سبەینێ بۆت دەکەم و تۆ دووسبە وەرە وەریگرەوە ...ئیدی و، بۆ زێڕینگەرەکانی دەبرد . (خەلیلی سدیقی، گۆرانیبێژی بەناوبانگ، لەو سەردەمەدا زۆر لەو دووکانەی هاتوچۆی دەکرد و، بە سەعات لای دادەنیشت) . حەمە کارەکەی وا گەورە بوو کە ئیدی لەو بازاڕەدا جێی نەدەبۆوە، دەبوو بیر لە سەرووتر بکاتەوە : ئەو زێڕە لە کوێوە دەهێنن ؟ لە عارەبستانی سعوودی، ئێ بۆچی هەموو ساڵێك نەچمە حەج تا کۆڵێك زێڕ بهێنم ؟ لەگەڵ دەستەیەك حاجیی قاچاخچیی زێڕدا رێككەوت، کە ئیدی هەموو ساڵێك سەریان بچووایە حەجیان نەدەچوو .

بەوجۆرە، ئەو شاگرد چایچییەی کە چای وەستا قالەی بۆ زێڕینگەران دەبرد، ئێستا زێڕینگەران چاویان لە دەستی ئەو بوو کە زێڕی قاچاغیان لە عارەبستانەوە بۆ بهێنێت . دوا جار کە من حەمە سمێڵم دیت، دووکانی زێڕینگەریی لە" شارع النهر"ی زۆر شیك و دەوڵەمەند بوو،کە زۆر سیاحەتگەر روویان تێدەکرد . خانوویەکی زۆر گەورەی چەند نهۆمی لە شوێنێك هەبوو کە زۆر لە ماڵی هەژار دوور نەبوو و، جێژناوجێژن، هەر خۆی دەهات سەری لە ماڵی هەژار دەدا و، بە هەمان سڵاوی" لاقی ئەسپەکانیان ئەوەندە بوو" دەستیان بە پێکەنین و باسی رابردوو دەکرد . پێوەندیی خێزانی لەمێژ بوو لە ئارادا نەمابوو . پێم سەیر بوو، کە دوا جار لە ماڵی هەژار دیتم، جلوبەرگی زۆر گرانی لەبەر بوو، چونکە ئەو کەسێك بوو زۆر ئاگای لە پارەی بوو و، تەخشان پەخشانی نەدەکرد . کە بە پاس ( ئۆتۆبوس)ی شار هاتوچۆی دەکرد، قەت لە پێشەوە دانەدەنیشت، چونکە بە پازدە فلس بوو، هەر لەدواوە لەسەر کورسییە رەقەکانی دەرەجەی دوو دادەنیشت چونکە ئەو بە دە فلس بوو، پێنج فلس فەرقیدەکرد .

من دواجار" قالەی برام"م ساڵی ١٩٧٩ لە مهاباد لە ماڵی هەژار دیت، وادەزانم وێنەگریی دەکرد .

حەمەسمێڵ مرد و، من لەلای خۆمەوە گوتم : میراتێکی زۆری بۆ" سەمیر"ی کوڕی جێهێشتووە،ماڵی خۆنەخۆری بۆ چەکمەبۆری . بەڵام دۆستێکی خۆشەویست لە هەولێرەوە، کاك ئیسماعیل لە ڕێگای فەیسبووکەوە ئاگاداری کردمەوە کە سەمیری کوڕی پێش خۆی مردووە و، میراتەکەی ڕەنگە زۆرتر بۆ ژنی دووەمی مابێتەوە .

هەژار لە "چێشتی مجێور"یدا دەڵێت کاتێك ماڵی لە خانووەکەی خات شەوکەت (و هاوسێیەتیی حەمەسمێڵ) گواستەوە، بردییە شوێنێك لە گەڕەکی "فەزوەت عەرەب". بەڵام نا، لێرەدا سەهوی کردووە، لەوێوە بردییە شوێنێکی تری نیزیکی هەمان شوێنی یەکەم بەڵام بەری ئەوبەری شەقامی رەشید. شوێنەکە دە دەقیقەیەك بە پیاسە لە ماڵی" بەدیع باباجان"ی هونەرمەند دوور بوو، کە ئەویش لە خانوویەکی وەهادا دەژیا، بەڵام لە جیاتی ژوورێك دوو ژووری گرتبوون. هەژار، دوای چەند مانگێك ئەوجا لەگەڵ وریا کانیمارانی (برای عەبدوڵڵا کانی مارانی) لە "فضوة عرب" خانوویەکیان پێکەوە گرت، ئەوە ساڵی ١٩٥٥ بوو. هەژار لە کاتی نووسینی ئەوەدا بە سەهو بازی بەسەر ئەو نێوانەدا داوە.

ئەم خانووەی دوای ئەوەی ماڵی خات شەوکەت، ئێجگار زۆر زەلام بوو، دەتگوت سەرای سەردەمی عوسمانییە. دوو نهۆم بوو، هەر نهۆمە ٧ تا ٨ ژووری تێدا بوو، حەوشەیەکیش پێم وایە حەفتا میتر بە پەنجا میتر دەبوو. یەك شێرەی زەلامی ئاو لە ناوەندی حەوشە بوو و، هەر نهۆمە یەك ئاودەستی تێدا بوو و، ئیدی حەمام ومەتبەخ و ئەو شتانەش نەبوون (دوایی نەما، هەموو کۆڵانەکە وەبەر شەقامی" الجمهوریة" کەوت). من ئەوەم زۆر باش وەبیر نایەت، بەڵام پێم وایە لەوێ بوو کە هەژار لەسەر دیوی ناوەوەی ئاودەستەکەی نووسیبوو:

دە هەستە بیبە دەر بیری فرۆشتن و کڕین        خەڵکی چاوەڕێ دەکەن، نەچیە دەرێ لەخۆ دەڕین!

هەر ژوورە، خێزانێکی تێدا بوو (نەدەدرا بە سەڵت). ژوورێك ماڵی هەژاری تێدابوو و، ژوورەکەی پەنای هی حەسەنە سوور و خوشکی بوو. حەسەنە سوور، خەڵکی سەقز بوو و، مووی لەشی سوور بوو و ئیتر هەر وایان پێ-دەگوت. ئەو خوشکەی، پێشتر ژنی حەسەن زیرەك ببوو، هەمان" حەسەن زیرەك"ی - بە زمانی ئێستا- هونەرمەند و ئەو شتانە (ئەوسا خەڵك هەر دەیانگوت "گۆرانیبێژ" و هیچی دی). خوشکی حەسەنە سوور، زۆرتری رۆژی لای ژنی هەژار بەسەردەبرد و، بیرەوەریی خۆی لەگەڵ حەسەن زیرەکدا بۆ باس دەکرد، دیار بوو دڵی هەر زۆر لای حەسەن زیرەك بوو، زۆری خۆش دەویست و غەریبیی دەکرد.

حەسەنە سوور و حەسەن زیرەك و ئەحمەدی شێخاڵی (کە لە رادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدا دەردەکەوت) و کەسانێکی تریش لە خەڵکی موکریان لە بەغدا هەبوون، هەموو سەریان لە دووکانی هەژار دەدا، بەڵام حەسەنە سوور وا لێرەدا ببووە هاوسێش و، زۆر جار لەگەڵ خوشکیدا دەهاتنە ماڵەکەی هەژار و، ئیدی پێکەنین دادەمەزرایەوە.

حەسەنە سوور زۆر قسەخۆش بوو و، فێڵبازێك بوو، ئەگەر لە نیزیکتەوە بوایە، دەبوو زۆر ئاگات لە قۆڵی خۆت

بوایە لەبنڕا بۆی نەبڕیبای. سەردەمێك لە كەركووك ببوو، لە هەمان ئەو كاتەدا كە هەژار و قانیع و مەلاشكور-یش لە كەركووك دەژیان. هەژار دەیگێڕایەوە، دەیگوت :

" حەسەنە سوور لە كەركووك لە هوتێلێك شاگرد بوو. هاوینانە، خەڵكی لەهوتێل دەمانەوە، شووتییان دەكڕی و، سەرەتا هەر دەیانخستە حەوزی حەوشی‌هوتێلەكەوە تا دوایی شاگردەكان بۆیان‌دەبردن، بۆیان قاش دەكردن و دەیانخستە سەر قاپێك شتێك. حاجییەكی عەرەبی دەوڵەمەندیش لەو هوتێلە دەمایەوە، بە حەسەنسووری دەگوت :« شووتییەكم بۆ بكڕە، بەڵام بچووك، من هەر خۆم تەنیام، بیخە حەوزەكەوە با هێندێك سارد بێ» . حەسەن دەچووە بازاڕ، دەگەڕا، گـەورەترین شووتیی دەدیتەوە، دەیكڕی و بۆ حاجیی دەهێنایەوە و پێی‌دەگوت : « حاجی بە قەبری بابم لەوە بچووكتر دەستنـەكەوت!»، ئەوجا كە دەهاتە سەر لەتكردنی شووتی، هـەمیشە كەمێك لە دوورەوە ئەوەی دەكرد بـەڵام بە شێوەیەك كە حاجی حەقەن چاوی لێ بوایە. لەپڕێكدا بە پتەیەك وای‌دەكرد وەك ئەوە كە شووتییەكە شتێكی پێوە بووبێت و بە سەری قامكی لێی فڕێ‌بدات، هیچیش نەبوو، هەر بە درۆ وای‌دەكرد. حاجی دەیكوت : ئەوە چیە ؟ بۆچی وات كرد ؟ حەسەن دەیكوت : هیچ نەبوو حاجی، خەمت نەبێ، تەواو، فڕێمدا! چیت فڕێ دا ؟ هیچ، مێرووڵەیەك بوو و تەواو! نازانم حەسەن چۆن ئەوەی دیتبۆوە كە حاجی زۆر حەنبەڵی بوو و ئیدی ئەگەر حەسەن وای بكردایە، تازە حاجی شووتییەكەی بۆ نەدەخورا. حاجی دەیكوت : لای‌بە، فڕێی‌دە، پیس بوو، تازە بۆم ناخورێ. حەسەن دەیكوت : نـا، خۆ هەر مێرووڵەیەك بوو، یا دوو، یا ئەوپەڕەكەی سـێ مێرووڵە! حاجیی بـەدبەختی هەر شێت دەكرد، لە كاتێكدا نـە مێرووڵە هەبوو و نـە هیچ، ئیدی شووتی بۆ حەسەن دەمایەوە و، دەیهێنا بەشی ئێمەشی لێ دەدا".

قالەی مەنسووری، كە وادیار بوو تازە ئیدی نەخۆشیی قۆڵبڕانی هەمیشەیی گرتبوو، ماوەیەك لەگەڵ ئەو حەسەنە سوورەدا بە شەریكایەتی دووكانێكی وێنەگرییان لە شوێنێكی دەوروبەری بەغدا ( بیاع) دانا. بە زوویی، نازانم حەسەنە سوور چۆن هەر دوو قۆڵی لە بنڕا بڕی و دەستی بەسەر هەموو دووكانەكەدا گرت. حەسەنە سوور و قالە، تا ئەوسا هەرتك كۆمونیست بوون، ئیتر قالە دوای ئەوە لە داخان بوو بە پارتی و دوژمنی خوێنخۆری‌كۆمونیستان! ( ئەو سەردەمە كێشەی دوو لایەن لە نێوان پارتی و شیوعیدا بوو) .

حەسەنە سوور تا سەر هەر كۆمونیست مایەوە. من دوا جار ساڵی ١٩٧٥ لە سەقز دیتم. لە كاتی هەرەسەكەدا بوو، لە مەریوانەوە دەچوومە مهاباد، لە ڕێگا تووشی" جەمال یەكتا"ی وێنەگر بووم ( كۆیی بوو و، زۆر دۆستی

هەژار بوو،  دوا جار دووكانی وێنەگریی لە سلێمانی هەبوو)، كە ئەویش دەچووە مهاباد ، ئیدی پێكەوە لە ڕێگادا چەند سەعاتێك  لە سەقز ماینەوە، لەوێ چووینە لای حەسەنە سوور لە دووكانی وێنەگرییەكەی .  حەسەن دیار بوو زۆر ساز بوو . پێموایە توودەیی بوو . منی جیاكردەوە، سەفتەیەكی پارەی لە گیرفانی دەرهێنا و گوتی :  فەرموو . پێمگوت كە پارەم  پێویست نـەبوو و سوپاسم كرد .  جەمال كامیرایەكی  پێ فرۆشـت، دوای ئەوە گوتی :  زۆر  بە هەرزانی لێ كڕیم، دەستی بڕیم!

من دوو جار " حەسەن زیرەك"م لە دووكانی هەژار دیت . جاری یەكەم، هەژار پێی گوت : ئەوە كوڕمە، خۆی و دایكی گۆرانیی تۆیان زۆر پێخۆشە . حەسەن زیرەك بێ ئەوە هیچ بڵێت،هەر بە دەربڕینی دەموچاو و بە شێوەیەك خۆ راستكردنەوەی لە دانیشتنیدا، بە روونی پیشانی دا چەندە بە بیستنی ئەو قسەیە شاد بوو و، وەك بڵێت : خۆ دەبینن ها من چ گرنگم . جاری دووەمیش هەر وا دەوری سەعاتێك مایەوە . ئەو زۆر ڕێزی لە هەژار دەگرت، بەڵام هەژار رەحمی پێ نەدەكرد و لەگەڵیدا زۆر زبر بوو . هەژار زۆر جار ئەوەی بۆ خەڵك گێڕاوەتەوە :

" جارێك حەسەن زیرەك هاتە لام و كوتی :« كاك هەژار گۆرانییەكی زۆر خۆشی تازەم هەیە، هێندێكت بۆ بڵێم؟»، ( خەڵك بەگشتی بە هەژاریان دەگوت «كاك عەزیز» بەڵام حەسەن زیرەك یەكێك بوو لە كەم كەسان كە هەر پێیان-دەگوت كاك هەژار) ئیدی بە بێ ئەوە بزانێ من دەمەوێ بۆم بڵێ یان نا، بەو شێوەكوردییە موكریانەی خۆی كەوتە كوتنی گۆرانییەكی عەرەبی : تەییب تەییب تەییب تەییب،( گۆرانییەكی كە ئەو رۆژانە زۆر باو بوو، وا دەزانم هی « نهاوند»خانم بوو: طيّب طيّب) . كوتم : بەسە، حەسەن بەسە، هەتیو دنیات پیس كرد! بەسە، ئەتۆ چت لە عەرەبی داوە هەتیو ؟ جارێكی دی غەڵەتی وا نەكەی ".

پتر لە دە ساڵ دوای ئەوە، جارێك حەسەن زیرەك چووبوو لە چیا هەژاری دیتبوو . هەژار دەیگوت پێمكوت : « حەسەن كوڕە ئەوە چیە دەڵێن ژنەكەت؟!" ( مەبەست میدیا خانم بوو)، كوتی :" نا كاك هەژار، خۆ تەڵاقم داوە، چیدی ژنم نیە» .

هەژار، قەت نە كاسێتی دادەنا و نە رادیۆی بۆ بیستنی گۆرانی و مووسیقا دەكردەوە ( لە شوێنێك خوێندمەوە كە دەڵێت لە كەرەج كاسێتی گۆرانیی" أم كلثوم"ی دادەنا و گوێی لێدەگرت، دەبێت ئەوە شتێكی نوێی ژیانی دوای ١٩٧٥ی بووبێت، پێش ئەوە شتی وای نەبوو) . ئەگەر كەسێكی دیكە كاسێتێكی دابنایە، یا لە رادیۆوە بە رێكەوت دەنگی گۆرانییەكی بیبستایە، ئەوا دەنگی" محەمەدی ماملێ"ی زۆر پێ خۆش بوو و زۆر بە ڕێزەوە ناوی دەهێنا ، گۆرانییەكی" سالح دیلان"یش دەیزواند: با بچینە سەر وەیس، وادیاربوو دڵدارییەكی سەردەمی سەرەتای لاویی وەبیردەهێنایەوە . گۆرانییەكیعارەبیی" كارم محمود"یش (على شط بحر الهوى)ی پێ خۆش بوو، ئیدی جگە لەوەندەیە ئاگام لێنەبووە هیچ گۆرانی یا مووسیقایەكی لا هیچ بووبێت . هەژار زۆر دۆستی شەخسـ-سیی تاهیر تەوفیق بوو و، مەشقی پێ دەكرد كە شیعرەكانی بە گۆرانی بڵێت، بەڵام دەنگی پێ شتێكی تایبەتی نەبوو، نێوانەكەیان پێوەندیی بە گاڵتەی زۆر جلف و خواردنەوە و دنیای سێكسەوە هەبوو .

## موکرِڕیانی

هاوینی١٩٧١ بوو . رۆژێك لە ماڵی هەژار لە بەغدا ، لەگەڵ کاك مەلا رەشید دانیشتبووم . مەلا رەشید ئەوسا لە ژوورێکی خانووەکەی ماڵی هەژاردا بوو، پێم وایە تازە ژنی گواستبۆوە ( هیوادارم ساڵەکەم لێ تێکنەچووبێت) . سەر لەبەیانیی ئەو رۆژە کتێبی" الملل و النحل"ی" شهرستانی" (ی سەدەی دوازدە)ی لە کتێبفرۆشییەکی" شارع المتنبی" کڕیبوو، بەوە پێدەکەنین کە مەلا رەشید دەیگوت : " ئەو نووسەرە کۆنانەی مسوڵمانان کە خەڵکانێکیان بە دڵ نەبووبن، کردوویانن بە " الملاحده و الزنادقه و ..."، ئەگەر ئێستا زیندووبوونایەتەوە،" البشامرجه" (پێشمەرگە) و " الشیاوعه" ( شیووعی) و " البرازنه" ( بارزانی) و" الطلابنه" ( تاڵەبانی) و چیدییان دروست دەکرد . ئێمە لەو پێکەنینەدا بووین،کە لە دەرگا درا. لەوکاتەدا کەسێکی تری غەیری خۆی و خۆم لەو ماڵە نەبوو، ئیتر من چووم دەرگامکردەوە، چ ببینم ؟ زەلامێکی رەشتاڵەی چوارشانەی بەخۆوە، زۆر عارەب، تەمەنی بە نیزیك لە چل ساڵێك دەهاتە بەرچاو . شکڵی بە شێوەیەك بوو کە حەزم دەکرد لەوێوە هاوارم لە مەلا رەشید بکردایە کە : ئەمەتا " العفارته" (عفریت) . ( تەبیعی بە عارەبی) گوتم : فەرموون ؟ پیاو بێ سەلام و کەلام، هەر دەمی‌کردەوە گوتی: أنت موکرِڕیانی ؟ ( تۆ موکریانیت ؟ بەڵام بە دوو" ڕ"ی زۆر قەڵەوی زۆر عارەبییانە) . من هیچم نەگوت . ئەوجا سەری قامکی ئیشارەتی بۆ ناوەڕاستی سنگی خۆی برد و گوتی : أنا هم موکرِڕیانی! ( منیش موکریانیم) . دیسان من هیچمنەگوت، هەر وا لە شوێنی خۆم وەستام، خودایا ئەو عفریتە عارەبە موکرِڕیانی چی و شتی چی ؟ ئەوجا گوتی : من لە تەرەفی " گیو موکرِڕیانی"یەوە دێم، ئوستاد " گیو موکرِڕیانی" لە هەولێر ئادرەسی ئێوەی دامێ و گوتی بێمە خزمەتتان . ئیتر کە وای گوت، گوتم : فەرموو، ئەمەش هەر ماڵی ئوستاد گیوە، سەرچاوان . کە هاتە ژوورەوە، مەلا رەشید گوتی : ئەوە کێیە ؟ گوتم : ئەوە دەڵێت موکرِڕیانییە و ئیدی نازانم، دەڵێت لە تەرەفی مامۆستا گیوەوە هاتووە . ویستم بچم شتێکی ساردی بۆ خواردنەوە بۆ بهێنم، دەستی گرتم و، گوتی " نا، بۆ کوێ دەچیت ؟ توخوا دانیشە گوێم لێ بگرە، ئەگەر بزانیت ئەوە چەند ساڵی تەمەنم لە موکرِڕیانییەك گەڕاوم و وا ئێستا دەیبینمەوە"و، دایە گریان! فرمێسکی بۆ راندەگیرا. هەرچۆنێك بوو، مەلا رەشید شتێکی خواردنەوەی فریا خست، ئەوجا زەلام خۆی گرتەوە و، زۆر بە تەرکیز و بە نەزم خۆی روون کردەوە، گوتی :

" من ناوم « بەرزان"ـە ( دەبێت دەوری ١٩٤٣ لەدایکبووبێت، کە ئەوسا عیراقی بە بۆنەی راپەڕینی بارزانەوە منداڵیان وا ناوناون) .« ملازم ئەووەل"م لە" القوة الجویه" (ستوانی یەکەمی هێزی هەوایی)، بەڵام فرۆکەوان نیم . بابم خەڵکی موکرِڕیانە، لەگەڵم دەژی و، لە ماڵی ئێمە هەر ئەو کوردی دەزانێت .

دایکم چووەتە رەحمەتی خودا . من لە بەغدا لەدایکبووم و ئیدی فێری کوردی نـەبووم . خەجاڵەت خۆم، ئینشاڵڵا لە ئێوە فێری زمانیخۆمان دەبم . من ژنم لە عەشیرەتێکیعارەب هێناوە،کورێکم هەیە تەمەنی پێنج ساڵە، ناوم ناوە" مستەفا" و ئێستا دەزانێت بۆچی وام ناوناوە،پێمگوتووە تاکو هەر کە بانگیان کرد" مستەفا بەرزان"، بیری لای سەرۆکەکەمان سەرۆك مەلا مستەفای بارزانی بێت . موحیتی ژیانی من زۆر عەشیرەتییە . لەگەڵ ئەفسەرانێکی هێزیهەواییدا ، زۆر جار تووشی قرِە بووم، چونکە هەموو-یان هەر باسی عەشیرەتی خۆیان دەکەن و، بە ئەسڵ و فەسڵی خۆیان هـەڵدەڵێن و، بە من دەڵێن : ئەدی تۆ لە چ عەشیرەتێکیت ؟ ماڵی خزمانی ژنەکەشـم، هەمان پرسیارم لێ دەکەن، ئێستا کورِەکەشم لە ماڵە خاڵوانی فێربووە، دەیەوێت کەسانێك لە عەشیرەتی ماڵی باوکی ببینێت ".

دیسان بە فرمێسکی زۆرەوە کەوتە باسی خەمی گەورەی ساڵانی دوورودرێژی، بـەڵام بەتایبەتی بۆ ئێستای کە پرسیاری کورِەکەی زۆر نارِەحەتی دەکرد . ئەوجا گوتی :

" بریارم دا بچم لە کـوردستان بگەرِێم بەڵکو موکرِیانییەك پەیدا بکەم . چوومە هەولێر . لەوێ لە ناو بازارِ و سەر شەقامەکان پرسیارم کرد ئەگەر کەسێکی موکرِیانی لەوێ هەبێت . هـەرچی پرسیارم لێ کرد گوتی ئوستاد گیو موکرِیانی هەیە، لە فلانە شوێنە و دەتوانیت بچیت بیبینیت . ئیدی چوومە خزمەت ئوستاد گیو موکرِیانی، زۆر لەگەڵم باش بوو، زۆر حـورمەتی گرتم و، ئـەم ئادرەسەی ئێوەی دامێ و گوتی برِۆ پێیان بڵێ لە تەرەف گیوەوە هاتوویت ".

ئیدی بەوجۆرە لەگەڵ ملازم بەرزانی موکرِیانیدا بووین بە ئاشنا . هەژار خۆی قەت نـەیویست هیچ نێوانێکی لەگەڵ ئەو پیاوەدا هەبێت و، زۆریش بەوە توورِە بوو کە گیو ئەو ئادرەسەی دابووێ . دەیگوت : " ئاخر هەر ئەگەر بزانیبا موکرِیانی یانی چی ؟ بەرەبابە ؟ عەشیرەتە ؟ ئاخر ئەوە چ مناسەبەیەکی لەگەڵ مندا هەیە ؟".

مەلا رەشید بە زوویی زۆری خۆشویست و، خەبەری بۆ خەزووری نارد ( کە لە سلێمانی دەژیا) رانکوچۆغەیە-کیان بۆ " مستەفا بەرزان" هێنا و، تا دوا رۆژی مەلا رەشید لە بەغدا هەر وا دۆست مانەوە . باوکی " بەرزان"، بە کوردی قسەی دەکرد، بەڵام هیچی موکریانییەتیی پێوە نـەمابوو، شێوازی لەوەی کەرکووك نیزیك بوو و، لە هەوڵی دۆزینەوەی خزمانی موکریانیی خۆیدا، نامەیەکی بە فارسی بە مەلا رەشید بۆ " ئەمینە قاضی"ی کە لە " ئیندرقاش"ـە نووسی ( پەیتا- پەیتا ناوی ئەو " قاضی"یەی بە " ضی"یەکی زۆر عارەبییانە دەگوتەوە) .

بەرزان و کورِی و باوکی، چەند جار هاتنە ماڵی هەژار، بـەڵام قەت ژنیان لەگەڵ نەبوو، ژنیعەشیرەت نـەدەبوو

قەت هیچ پیاوێك لە هیچ کوێیەك تـەنانەت بە پەچە و عەباشەوە ببینێت، چۆن ببینێت ؟ خۆ لە ژێر خێوەتی مۆبایلیشەوە درێژی و پانیی بۆ چاوی پیاوان چ مەعلووم چ بە بیری پیاواندا دەهێنێت ؟!

منیش جارێك چوومە ماڵی کاك بەرزان، لەگەڵ مەلا رەشید و ژنی و خەزووری، ژنی هەژاریش لەگەڵ بوو : نیزیکەی نیوەڕۆیەك، بەگوێرەی دەعوەتێکی لێی کردبووین، گەیشتینە ماڵی بەرزان، دیتمان لە خانوویەکی زۆر گەورەدا لە کەناری بەغدا( لای کەناڵی ئاوی دەوری لایەکی بەغدا کە لەودواییانەدا کێشرابوو) . لە دەرگامان دا، بەرزان دەرگای کردەوە، کراسێکی سپی( دشداشە)ی عارەبانی لەبەر بوو، پێخواس و هەرتك پێی قوڕاوی بوون . ئێجگار زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێکردین و، باوکیشی بەدوویەوە بوو، بەڵام ئەو پێخواس نەبوو . حەوشەیەکی ئێجگار زۆر زەلام کە زۆر چاك بۆ مەیدانێکی وەرزشی شارەوانی دەگونجا، بە بێ یەك تاقە دارێك بارێك گوڵێك گیایەك سەوزییەك تێدا، بەشی هەرە زۆری هەر قوڕ بوو و تەواو . تەنیا گۆشەیەکی بچووکی وشك بوو، کە مێزێك و چەند کورسییەکی لێ بوو . لە گۆشەیەکی حەوشەکەی، زۆر دوور، مانگایەکی هۆڵەندیی زەلام بە کاوێژکردنەوە لێی دەنۆڕین . دوو ژنەکان ئیتر ون بوون، چوونە ژووری نهێنیی حەریم . مەلا رەشید و خەزووری و من لەگەڵ بەرزان و بـاوکی دانیشتین و، دوای کەمێك پیاوێکی تر پـەیدا بوو، تـەمەنی لە بیستوئەوەندە سـاڵێکی دەکرد، بەرزان گوتی : ئەمە برامە . کەمێك دوای ئەو، مستەفا بەرزانیش هاتە لامان .

کاتێك من گوتم : ئەوە ئێوە مانگاشـتان هەیە ؟ گوتی : ئەی چۆن ؟ من منداڵم هەن ( کیژێکی لە کوڕەکەی بچووکتریشی هەبوو)، دەمەوێت مستەفا بەرزان شیری چاك و دۆی چاك و رۆنی کەرەی چاك و ماستی چاك و قەیماغی چاك و- دوا برگە - پەنیری چاك بخوات و بەهێز بێت،" أم مصطفى" (دایکی مستەفا) مانگا دەدۆشێت و هەموو ئەو پێداویستییانە بە زیادەوە لەو شیرە دابین دەکات، وا دەبێت بەشی خەڵکی تریشی لێ دەدەین، ئەو مانگا هۆڵەندییە شیری زۆر دەدات . ئەوجا فەرمانی دا بە براکەی : شیرمان بۆ بێنە . شیر هات، لە چیدا ؟ لە یەك سـەتڵدا! ئەوجا پەرداخی زۆر زلی باغەی زۆر دزێو دانران و گوتی : دەی بیسمیللا! بەرەی بەرزان کەوتنە سەر خواردنەوەی شیرێکی زۆر (ی تەبیعی چاك!)، پێم وابوو بەوە دەیانویست ئێمەی میوانیان هانبدەن کە شەرم نەکەین و زۆر بخۆینەوە و بەهێز ببین .

بە هـەر حاڵێك بوو، لە بـەخشندەیی میوانداریی شیر دەرچووین . ئـەوجا دوای کەمێك، مستەفا چوو خەبەری لە ژووری نهێنیی ژنانەوە هێنا کە نان حازرە . چـەند مێز بە پەنای یەکترەوە ریز کران . من ئەوەم لا سەیر بوو،

وام‌دەزانی لەسەر ئەرز لە شوێنێك سفرە رادەخەن، بەڵام لە کوێ ؟ من زۆر کەم شوێنی وشکم دەدیت، بەو هاوینە هەمووی هەر قوڕ بوو، ئێستاش نەمزانی ئەو هەمووە قوڕە لە هاویندا چی بوو و، نەشمدەویست زێدە پرسیاربکەم نەوەکا دڵی کاك بەرزان برەنجێنم . خواردن هات، چ خواردن ؟ بە بێ هیچ زێدەگۆییەك، ئێمە کە بە مستەفا بەرزانیشەوە دەبووینە شەش کەس، خۆراکی حەقمەن پتر لە چل کەسمان لە بەردەم بوو ... ئیدی هەرچی لە قامووسی بەغدادا هەبوو : پڵاو و چەند جۆر خۆرشت ( شلە) و گۆشتی ئێجگار زۆر و مریشك و چەند جۆر کوببە و دۆڵمە و ... پەیتا - پەیتا کاك بەرزان دەستی دەخستە قاپێکی زەلامی پڕ لە شۆرباوەوە و، پارچەیەکی گەورەی گۆشتی لێ هەڵدەگرت و بۆی لەسەر دەورییەکەت دادەنایت و دەیگوت : ئەمەش بۆ خاتری من بخۆ . هێشتا دەستت بۆ نەبرد- بوو کە یەك مریشکی تەواویشی بۆ لەسەر گۆشتەکە دادەنایت و دەیگوت : ئەوەش بۆ خاتری مستەفا بەرزان ... ئەوجا چنگێك پڵاوی تری دەخستە سەر و، هەر کە یەکێکمان دەیگوت : ئاخر بۆم ناخورێت، دەستبەجێ بەڵگە- یەکی قانوونیی بۆ دەهێنایەوە : نا، ئاخر گوتم بۆ خاتری مستەفا بەرزان، سوێندم خوارد و من منداڵم هەیە، ئەگەر نەیخۆی، ئەوا منداڵم تووشی قەزا و بەڵا دەبن! چونکە سوێندم خواردووە . ئای چ رۆژێك بوو... چ رۆژێك بوو ... چ رۆژێك! کە لەگەڵ مەلا رەشید و خەزووریدا تووشی ئەو لێشاوی خواردنەی حاتەمی تەیی بەرزان موکرڕیانیی خزمی ئەمینە قاضی ئیندرقاشی بووین . ئیتر جۆرێك فیلمی" لا گراند بوف" ی" مارکۆ فێرریری" کە خۆراك وا لەبەر چاوی مرۆڤ بخات تا چەند رۆژ هەر کە لە دوورەوە سفرە دەرکەوت، مرۆڤ لە ترسانی وەکو شێت رابکات، هەر وەکو مەجنوونی بەدبەخت ئیتر دەشت و دەر بێت مسکێنی و ببڕای- ببڕای تازە نەوێرێت بگەڕێتەوە ئەو شارە! ئای کە خزمی ئەمینە قاضیئیندرقاشی ئەو رۆژە لە بەغدا چ سفرە و خوانێکی میوانداریی‌موکرڕیانیی پیشان دا. دەبێت چۆن بەوجۆرە، خزمە عارەبەکانی عەشیرەتی ژنەکەی بۆڕ دابێت، ئەوە ئێوە عەشیرەتی عارەب و ئەمەش ئێمەی موکرڕیانی .

دواتر، لەگەڵ مەلا رەشید چەند جار گوتمان : جا بەس نەبوو خودا رەحمی کرد و هەژارمان لەگەڵ نەبوو ؟ هەژار بە شتی وا زۆر پیس تووڕە دەبوو، من دیتوومە لە میوانییدا لەسەر شتی وا هەر شەڕی لەگەڵ خاوەنماڵ کردووە .

هاوینی ساڵی دوای ئەوە، کە هەژار بۆ بەسەربردنی گەرمای هاوین، دوو خێوەتی لە شیوەڕەش، لەوبەری خێوەتە- کانی ماڵی بارزانی لە سەرووی حاجی ئۆمەران هەڵدابوون و، ژن و منداڵی لەگەڵ بوون، بەرزان و باوکی چوونە لای لەوێ و، بێهوودە هەوڵی پێوەندییەکیان بە " ئەمینە قاضی" و خزمانی تری ئیندرقاشیان دا . بەرزان

دەیویست هەرماڵی بهێنێتە کوردستان، ئـەگەر بکرایە لە نیزیکترین شوێنێك لە موکرِیان، یا لە شوێنێکی تر، دوور لە مەیدانی شەڕ و سیاسەت، شوێنێکی وەك هـەورامان، دێیەك ئاوەدان بکاتەوە کە تێدا مانگای هۆڵەندی و باغ و باغات و هەنگ بۆ هەنگوین و چی و چیی تێدا بێت و، ببێت بە ماڵ بۆ هەر موکرِیانییەك و، ئوستاد حەژاریش! سەرۆك بێت و ... کۆڵێك لەو خەیاڵانە . هەژار هەر ئامادە نەبوو گوێی لێ بگرێت . بەرزان بەوە کۆڵی نـەدا و چوو دکتۆر مەحموود عوسمانی لە ناوپردان دیت، لەوێ بەتەواوی دڵی شکا و گەڕایەوە بەغدا . لای من، بەتایبەتی زۆرگلەیی لە دکتۆر مەحموود هەبوو، دەیگوت : " دکتۆر مەحموود لەسەر جێگا درێژ بووە، چوومە لای، هەر هـەڵیشـنەستا ، هەر وا بە درێژبوونەوە زۆر نـاخۆش قسەی لەگەڵ کردم، گوتی :" ئێ بۆچی ئەو بەغدا خۆشە بەجێ‌دەهێڵیت ؟ ".

تەبیعی، ئەفسەرێکیعیراقی کە قەت هیچ کوردێك نەیناسیبێت، چۆن بڕوای پێ بکەن کە ئەوەی دەیڵێت راستە و، شتێکی شاردراوە لە کاردا نیە، بەڵام کابرا خۆی دەیگوت کە دەیویست لە شەڕ و سیاسەت دوور بێت و، هەر خەریکی ئاوەدانکردنەوەی دێیەك بۆ موکرِیانییەکان لە هەر شوێنێکی کوردستان بێت و هیچی تر . منیش خۆ هەر بەو شێوەیە ناسیومە کە باسم کرد، بـەڵام پێمەوابوو هیچی نـەدەشـاردەوە، دڵی لە سەر زمانی بوو، تـەنانەت جارێك گوتی:" سەردەمێك نێوانم لەگەڵ« سعدون غیدان"(وەزیر و هەڤاڵی سەددام) هەبوو، دەیویست خزمایەتیی بکەم، ژنێـك لە ماڵیان بهێنم، ئیدی بە بـەشێك لە خۆیانم دابنێن و، لەگەڵ خـۆیاندا بمبەنە پێشـەوە و، وەزیفە و مەرکەزی بەرزم بدەنێ، بەڵام من چۆن شتی وا دەکەم ؟ من کوردی موکرِیانیم و خزمی ئەمینە قاضی لە ئیندر- قاش، چۆن خزمایەتیی ئەو سەگبابانە دەکەم ؟ ".

بەهەرحاڵ، بەرزان هەر پێی لە سەردانی ماڵی هەژار نەبڕی و، ئێجگار زۆر بە گەرمی تەعەسوبی موکرِیانییە- تیی خۆی دەردەبڕی . ئیدی نەمزانی شڵپوهوڕی گەرداوی دەریای بەغدا دوای ئەوە بەکوێیدا دا .

## -٢٠- کاک عەبدۆک باوە، دەوام ماوە یا نەماوە ؟

کاک عەبدۆک باوەی سەرتاش، لە شەقلاوە، بە لێ جیابوونەوەی هاوسەری، ماوەیەک شپرزە بوو، کاروکاسابەت و دووکانی لەدەست دا و،کەوتە دنیایەکی خۆیەوە کە ئیتر ئەو و خەڵکی دنیای تر یەکتریان پێ شێت بوو . کوردێکی زۆر دڵسۆزی نەتەوە و نیشتمانی خۆی بوو و، لە مەڵبەندی شۆڕش ناوبەناو - ئەوەندەی کە دەوام هەبوایە - سەری خەڵکیشی چاک دەکرد، چونکە زۆرتر وابوو باسی فکر و فەلسەفەی لەگەڵ زەلامی بەردەستیدا دەکردنەوە و، کە وادەبوو لە نەزانیی ئەو زەلامە وەڕەز دەبوو، ئیدی لەنیوەیدا لێی دەوەستا و سووک و هاسان پێی دەگوت :

" مامۆستا ببـوورە، دەوام نەما!" . کە خـاوەن ریشـی نیوە تاشراو دەیگوت : کورە بۆ خاتری خودا عەبدۆک ...، وەڵامی دەدایەوە کە " نیە، خاتری چی ؟ دەوام کە نەما یانی نەما، ئاخر ئەتوو لۆ تێناگەی ؟ " .

هەژار و عەبدۆک باوە نێوانیان زۆر خۆش بوو . هەژار لە حاجیئۆمەران سەریخۆی و ئەگەر کوڕەکانی لابوونایە هی ئەوانیـشی هەر لای ئەو چاک دەکرد . جارێک" سەعیدناکام"ی میوانیشی خستە بەر دەست و مەقەستی کاک عەبدۆک و، لە نیوەیدا بە عەبدۆکی گوت : کاک عەبدۆک دەوام نـەما! ئیدی عەبدۆک وەستا و وازی لە سەعید ناکام هێنا . ناکام لە تووڕەییان دین و ئیمانی نەمابوو و، هەژاریـش قاقا پێدەکەنی : ئێ سەعید نۆکاو! وەستا پێت دەڵێ دەوام نەما، ئەمن چبکەم ؟ ئەوجا هەژار سەیری سەعاتەکەیکرد و بە عەبدۆکی گوت : نا،کاک عەبدۆک، دەوام بیست دەقیقەی ماوە . کاک عەبدۆک گوتی : باشە، مادام بیست دەقیقەی مایە، بە ئەو بیست دەقیقەیەی لۆی تواو دەکەم .

کە سەری هەژاری چاک دەکرد ،هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، بەزمێکی هێندە خۆشیان پێکەوە دەنایەوە، نەبێتەوە، سەرەتا هەژار پێی دەگوت : کاک عەبدۆک دەی گۆرانییەکەت ؟ ئیدی کاک عەبدۆک گۆرانییەکەی دەگوت :

شـەمامە و خالخال شـەمام شلکی کلاشـینکۆف! ئەوجا هەژار کە دەیزانی کاک عەبدۆک حەزی لە وەڵامدانەوەی چ پرسیارێکی فەلسەفە بوو، پێیدەگوت : " ئەرێ کاک عەبدۆک، ئەتۆ پێم نالێی خواردنی گۆشتی بەراز بۆچی حەرامە ؟ " . کاک عەبدۆک وەڵامێکی دەدایەوە کە زۆر سەرنجی مستەفای برامی رادەکێشا و،لای خۆیەوە نوو-سیبوویەوە، کە من نووسینەوەکەی لێرەدا بە دەستکارییەکی خۆمەوە دەگێڕمەوە، چونکە وا دەزانم من هێندێک وشەی کاک عەبدۆکم باشتر لەبیر ماون، دەیگوت :

" دە رەحمەت لە باب و داکت لۆ ئەو قسەیەت . برێ لۆ ؟ پرسیت گۆشتی بەرازی لۆ حەرام کرایە ؟ بە برای خۆم برێم، هەروو لەو کێژ و حۆلانە بپرسە . بە سەرێ توو، دڕندەی ئەوها لەو وڵاتەی هەیە،

مەگین هەر خودا لۆ خۆی بزانی . بەرازی فەقیر لە ماڕێ خۆی دانیشتییە،کاری بە کەس نەدایە، دووکانی هەیە، ژنی هێنایە، جار- جار لۆ خۆی بە شاخ و داخیدا دەگەرێتن، پیاسەی دەکاتن و نان پەیدا دەکاتن،بەشەکی دەخواتن و بەشەکی لۆ حورمەکەی دەباتن . ئەو نامەردانە لە رێیە سەنگەری لۆ دەگرن . کە هات بچتەوە، تەق گولـلەیەکی تێدەگرن . بەرازی قوڕبەسەر، ئاخر لۆ ... لۆ ؟ هەی داکتان کەر بگێ! .... - بەلان لە بەینی ئەو دووەمان دەرنەچی - گۆشتی بەرازی لە گۆشتی کەویش خۆشترە، بەو شەرتەی بزانی کووی لێنێی . دەپرسی کوو ؟ سەری لەپێشدا روو لە قیبلەی دەکەی، بیسمیللایەکی لە سەر دەخینی و، جوان بە چەقوو سـەرێی دەبڕی . ئـەوجا بە برنج یا ساوەری لێیدەنێی و، دەستانی خۆتی پێ بخۆ و عالەم چ دەرێن با برێن " .

جارێکیان بە هەژاری گوت:

ــ کاک هەژار، ئەو ترێیەی دەبینی ؟

ــ ترێی سەر ساباتەکە دەڵێی ؟ چییەتی ؟

ــ کاک هەژار، ئەو عالەمە، حاشای حازری، حاشایەکی کوڕەکانت، زۆر کەر و بێ ئەقل و شێتن، برێ لۆ ؟

ــ بۆچی کاک عەبدۆک ؟

ــ گۆتت لۆ! ئەو ترێ جوان و نازدارە لێدەگەرن، دەستی لێ نادەن، تا پایز دێتن و لەو خۆی بەو دارەوەی هیشک دەبیتن . لێیان دەپرسم : لۆ ؟ دەرێن : " نـزانین، باب و باپیریشن دەمیان پێ نەکەتییە و ئەمەش نزانین کوو دەخوری" . پێیان دەرێم :" بابان وێران، ئەنگۆ تێنگەن نا ، ئاگاتان لە دنیا نیە" . فایدەی چی ؟ بەدەستم نیە . دەنا دەمهێنا هەرچی ترێی ئەو دەوروبەرەیە، یەك جێ لە مەنجەڵەکیم دەنا ، سەرم باش قەپات دەکرد ، چل رۆژ و چل شەوان لێدەگەرام، جوان لۆ خۆی بترشێتن، جا دەبیتە شەراب . عەمرم، هەر تێکە و وەخوو .

من یـەکەمجار ساڵی ١٩٧٣ کاک عەبدۆك باوەم لای هەژار لە شیوەڕەش دیت، دواجاریش ساڵی ١٩٧٩ هەر لای هەژار لە کەرەج بوو کە دیتم . قاپێکی هێنابۆوە کە دۆڵمەی تێدا بردبوو . کاک عەبدۆك دۆڵمەی زۆر پێ خۆش بوو و هەژار بۆ دۆڵمەخواردن لەبیری نەدەکرد .

ئێستا بە چاکی لە یادم نەماوە کێ بوو بۆی گێڕامەوە گوتی :

عەبدۆك باوە لە کەرەج ماوەیەك لە ماڵی" محسن دزەیی" ماوەتەوە . رۆژێك لەوێوە چووەتە ماڵی هاوسێیەك و

هێندێك برنج یا ساواری" لۆ مارێ کاك موحسینی" داوا کردووە! ئەوانیش داویانەتێ ( تەبیعی تێگەیشتوون کە بۆخۆیەتی) .کە" محسن دزەیی" پێی زانیوە، زۆر تووڕە بووە و دەریکردووە . ئیدی نەمزانی کاك عەبدۆك باوە چیی بەسەرهات ... ئێستاش دەوامی ماوە یا - خوانەکات - نماوە .

نەجمەدین عەونی،برای" محەمەدعەلی عەونی"ی کوردی بەناوبانگی میسر، سەردەمێك هەر بە ناسنامەی میسری لە بەغدا کارمەند بوو،لە ئیدارەی ئاودان ( مديرية الري العامه) ئەندازیار بوو . چەند ساڵێك دۆستایەتییەکی لەگەڵ هەژاردا هەبوو . هەژار، جگە لە ١٩٦٤-١٩٦٥ی کە لە بەغدا بوو و نەجمەین بە رێکوپێکی سەری دەدا، دوای ئەوەش کە لەگەڵ هەر ئاگربەسێکی نێوان کورد و حکومەتی بەغدادا بەپەلە خۆی دەگەیاندەوە بەغدا،نازانم نەجمەدین چۆن وا زوو پێی‌دەزانی، هەر هەژار دەهاتەوە و نەجمەدین و ژنەکەی( ئوستادی کۆلیجێك بوو) ئێوارەی ڕۆژی دوای ئەوە دەهاتنە سەردانی هەژار . نەجمەدین بە عارەبیی میسری و هەژار بە عارەبیی بەغدایی قسەیان دەکرد . هەژار دەیگوت ئەوە پیاوی حکومەتی میسرە و، لە قسەدا زۆر بە ڕوونی دیار بوو کە حیسابی بۆ ئەوە دەکرد نەجمەدین بەڕاستی وەهابووبێت و،ئەو شتانەی لا باس‌دەکرد کە بە قازانجی سەرۆکبارزانی بگەیشتایەتەوە حکومەتی میسر . من خۆم ئاگام لێ نەبووە بەڵام دەڵێم حەتمەن دەبێت هەژار چوونەکەی خۆی بۆ لای سەفیری میسریشی ( بەوشێوەیەی کە لە چێشتی مجێوردا باسی‌دەکات) لای نەجمەدین باس‌کردبێت .

مانگی سیپتامبری ١٩٧٠ جەمال عەبدونناسر مرد . نەجمەدین زۆر بە خەمباری هاتە لای هەژار و، باسی ئەو " مصيبه"یەی کرد . لام وابوو چاوەڕوانیی لە هەژار هەبوو سەرەخۆشیی لێ بکات، بەڵام هەژار هەر مێشیشی میوان نەبوو . ئەوجا نەجمەدین بە هەژاری گوت :

ــ ئوستاد هەژار، بۆ شینی عەبدونناسر هیچ شیعرێکت داناوە ؟

ــ نا

ــ ئەی شیعرێك دانانێیت ؟

ــ ئەی حکومەتی میسر " نقود" دەدا ؟ ئەگەر نقود (نقوود) بدا، بە چاوان، دەنا من شیعری بەخۆڕاییم نیە .

" نقود" بە عارەبی واتا پارە، بەڵام قەت لە قسەکردندا بەکارنایەت، بە عارەبیی کتێب، بە زاراوەی بانك و حیسابداری و ئەو شتانەیە . گوتنی ئەوە لە قسەدا شتێکە بۆ پێکەنینە .

هەژار،ڕۆژی دوایئەوە،ئەوەی بۆ مەلا شکور گێڕایەوە . مەلا شکور پێی خۆشترین نوکتەیەك بوو کە لە تەواوی ژیانیدا بیستبووی . ئیتر لەو دەقیقەیەوە کە هەژار ئەوەی بۆ گێڕاوەتەوە تا دوا لەحزەی کە من مەلاشکورم دیتووە ( شوبات/ فیوریەی ١٩٧٤)، مەلاشکور چ لە قسەکردنی لەگەڵ مندا و، چ کە دیتبێتم لە بەرچاوی من چ بە

بە کـوردی و چ بە عارەبی قسەی لەگەڵ کەسێکدا کردبێت، لەجیاتی " پارە" گوتوویە " نقوود" و لەگەڵیدا لە قاقای پێکەنینی داوە .

لەم دواییانەدا بیستمەوە کە " خانی" (کوڕی هەژار و کۆپیی هەژار خۆی لە مەسەلەی پارەدا) لەگەڵ کەسانێکی دیکەدا پێکەوە هەمان وشە بەکاردەهێنن، بەڵام بە گۆڕینێکەوە، دەڵێن : " نقوور"! نـازانم ئەمە لەوەوە هاتووە کە خانی عارەبی نازانێت و بە هەڵەی وەرگرتووە یا چی .

هەژار بیرەوەریی سەردەمی شەڕیدووەمیجیهان و، باسی قسەی دواتری لەبارەی ئەو شەڕە دەگێڕایەوە،دەیگوت : چەند کەسێکی بێحورمەتی سەگبابی لێ دەرچێ، کە سەر بە ئینگلیس و ئەمریکا بوون و، دوژمنی میللەت بوون، خەڵك بە عام ئەو " حەقیقەتە پیرۆزە"ی دەزانی کە لە سەرەتای شەڕەکەدا دوو کۆتری ئاشتی لە دنیادا هەبوون : هیتلەر و ستالین. وەختێك هیتلەر لە ستالین هەڵگەڕایەوە و پەیمانی دۆستایەتییەکەی پێشێلکرد، تـەبیعی سـەگبابەکانی سەر بە ئیستیعمار ئەوەیان بۆ تـەبلیغاتی خۆیان قۆستـەوە و کەوتنە سەر گاڵتەکردن بە عەقڵی میللەتی کە هیتلەر و ستالینیان بە دوو برای دڵسۆز و دوو کۆتری ئاشتـی دادەنان. بـەڵام میللەت منەتی بەو سەگبابانەی سەر بە ئیستیعمار نەبوو، ئەوەندە هەبوو کە ئێستا میللەت ئیدی بوو بە دوو دەستە، تـەنانەت ئەو دوو دەستەییە ساڵانێکی دوای کۆتایی شەڕەکەش هەر درێژەی هەبوو : ئەوانەی خەتای تێکچوونی نێوانی دوو برایان دەخستە ئەستۆی هیتلەر و ئەوانەی دیکەی کە دەیانخستە ئەستۆی برا کۆترەکەی دیکە. ئەمن ستالینم پێ کۆتریئاشتی بوو و، خەتای تێکچوونینێوانیم لەگەڵ هیتلەردا دەخستە ئەستۆیهیتلەر. مەلا جەمیل رۆژبەیانی دەیگوت : نـا، هیتلەر کۆتری ئاشتی بوو و، ستالین لەگەڵ" چرچل"دا رێككەوت و خیانەتی بە سۆسیالیزم و بەرەی میللەتانی مەزلووم کرد.

هەژار، دواتر بیروڕای لەبارەی هەرتك کۆترەوە گۆڕیبوو و گاڵتەی بە عەقڵی ئەوسای دەهات، بـەڵام ئـەمجارەیان بە شێوەیەکیسەیر شێتوشەیدای ئاشتیخوازیی مائۆتسی- تونگ بوو، زۆری پێ سەیر بوو کە شاعیرێکی ئەوەندە ناسکیکە نایەوێ خوێن لە کەپۆی چۆلەکەیەکیش بێ! چۆن دەتوانێ ژیانی ملیارێك ئینسان وا بە خۆشەویستی و تەبایی هەڵبسووڕێنێ و، بەتایبەتی بە ئەوەندە قسەی خۆش وەپێکەنینیان بخا، بەفوونە بڵێ: نە پێڵاوی تەسك و نە ژنی فراوان! یا لەبەرچاوی دەوروبەرەکەی قوونی خۆی رووت بکا و وەبەر هەتاوی بدا و بڵێ : ئەوە بۆ قوونم باشە!

هه‌ژار گێڕایه‌وه :

جارێـك له مزگه‌وتی ڕۆستم به‌گی سابڵاغ هه‌رایه‌ك قه‌وما . مه‌سه‌له چیه ؟ دوو مردووشۆر شه‌ڕیان بوو . له‌سه‌ر چی ؟ له‌سه‌ر مردووشۆرین . یه‌كێكیان وا ده‌بوو مردووی پتری به‌رده‌كه‌وت و، پووڵی پتری پێ ده‌بڕا و، ئه‌وه‌كه‌ی دیكه به‌وه تووڕه ده‌بوو . كه‌سانێكی خێره‌وه‌مه‌ند كه‌وتنه نێوانه‌وه و سوڵحیان پێكردن كه : با به نۆره بێ . بـه‌ڵام ئه‌ویش نـه‌یخوارد، چونكه واده‌بوو مردوویه‌ك ئی ماڵێكی زۆر ده‌وڵه‌مه‌ند ده‌بوو و ئه‌وه‌ی دی ئی ماڵێكی زۆر هه‌ژار و، ئه‌وه به قازانجی یه‌كێكیان و زیانی ئه‌وی دیكه‌یان ده‌شكایه‌وه . دیسان لێیان بۆوه به شه‌ڕ . هه‌ر چاره‌یه‌كی ده‌یاندیته‌وه، كێشه‌یه‌كی تێدا ده‌بوو و دیسان ده‌قه‌وما . له‌دواییدا، بڕیاریان دا كه ئاوای چاره بكه‌ن :

دارێك له نێوه‌ڕاستی ده‌ركه‌ی مزگه‌وت بچه‌قێنن، په‌رده‌یه‌ك تاكو ده‌گاته ژووری مردووشۆرین به ناوه‌ندی ڕێگاكه‌دا رابكێشن و به‌وه ڕێگاكه به دوو به‌ش دابه‌ش بكه‌ن، كێ له‌وێوه به مردوویه‌وه به‌لای راسـتی په‌رده‌دا چوو، بۆ فلانه‌یان و، كێ به‌لای چه‌پدا چوو بۆ ئه‌وی دیكه‌یان و، هه‌ركه‌سه‌و به نسیبی خۆی رازی بێ .

ڕۆژی دوای‌ئه‌وه، پیاوێك هاته مزگه‌وت و، به ده‌نگی به‌رز كوتی: ئه‌لفاتیحه . فاتیحا خوێندرا و، سه‌ره‌خۆشیی لێ كرا . ده‌ی مامه گیان، مه‌رحووم كێ بوو ؟ كوتی : جارێ قسه‌م بۆ ناكرێ، زۆرگه‌وره بوو، لێم‌گه‌ڕێن . به‌ڵێ، دیسان خه‌ڵك كه ده‌سته- ده‌سته روویان له مزگه‌وت ده‌كرد ، سه‌ره‌خۆشییان لێ ده‌كرد . ئاخری، دوای ته‌واوی ڕۆژ، خه‌ڵك ئیدی ویستیان بزانن پرسه‌ی كێ ده‌كه‌ن . دیسان پرسیاری مه‌رحوومیان كرد:

ــ ده‌ی كێ بوو ؟

ــ زۆر گه‌وره بوو .

ــ به‌ڵێ باشه، كێ بوو ؟ بابت بوو ؟

نا، قوربانه، بابی چی و شتی چی ؟ زۆر گه‌وره بوو .

ــ ئێ ؟ شێخی ته‌ریقه‌ت بوو ؟ ئه‌ولیا بوو ؟

ــ نه‌خێر، نه‌خێر، ئه‌ولیای چی ؟ زۆر گه‌وره‌تر بوو .

خه‌ڵك ئیدی تاقه‌تیان له‌گه‌ڵ نه‌ما:

ــ بیبڕه‌وه ئیدی، بڵێ، ئه‌وه بوو به چی ... كێ بوو ؟

ــخودا بوو!

ــ کوڕە ئەوە ئەتۆ دەڵێی چی؛ هەتیوە تۆ شێت بووی ؟

ــ نەوەڵڵا نە شێت بووم و نە هیچ، ئینسان کە دەمرێ ئەوجاماڵەکەی دابەش دەکرێ، وایە ؟ ئێ دە ئەوەتا ماڵی خودا بە پەردەیەك دابەش کراوە، ئەوە یانی چی ؟ یانی خودا مردووە!

* * *

وابووە لە کەرکووك کەسێك تووشی هەژار بووە و لە هەژاری پرسیوە : ئەوە بۆ کوێ دەچی ؟

هەژار گوتوویە : دەچمە مەتعەمی ئای - ئای فاسوولیا دەخۆم!

مەتعەمی ئای- ئای ؟

بەڵێ ئەرێ وەڵڵا ئای- ئای و فاسوولیاش دەخۆم!

هەژار لە باسی ئەو مەتعەمە ( ریستورانە)دا دەیگێڕایەوە دەیگوت :

ئەو مەتعەمە لە کەرکووك بوو، کە دەچووی، کەسێك دەهاتە لات، زۆر بە ئەسپایی لێی دەپرسی : فەرموون، چ دەخۆن ؟ تۆ - بڵێین - دەتگوت : فاسوولیا . کابرا هەر لەوێوە زۆر بە تووڕەییەوە بە هەموو دەنگی خۆی هاواری لە زەلامی مەتبەخەکە دەکرد: ئای- ئای ئەوە فاسووڵیا ئەخوا! ئەوجا دیسان بە ئەسپایی لێی دەپرسی: سەلاتەش ئەخۆن ؟ ــ بەڵێ باشە . دیسان بە هەمان تووڕەییەوە لەوێوە هاواری دەکرد : ئای- ئای کوڕە خۆ ئەوە سەڵاتەشی ئەوێت! ئیدی هەتا تۆ داوای شتی پترت بکردایە، ئەو دەنگی هاواری تـووڕەیی پتری لێ بەرز دەبۆوە : کوڕە خۆ ئەمە ... ش ئەخوات!

هەژار دەیگوت : ئەمن هێندە کـەیفم پێدەهات، زۆری پێ پێدەکەنیم و هەر بۆ ئەو ئای- ئایەش دەچوومەوە ئەوێ، ئیدی نێوانمان خۆش ببوو و، وادەبوو هەر خۆم لە دوورەوە هاوارمدەکرد: ئای- ئای کوڕە خۆ ئەمن فاسوولیا دەخۆم! هەژار دەیگوت : هەر لەبەرچاوی من چەند جار خەڵك لەسەر ئەو هاوارەی بەگژیدا چوون، ئیدی حەیف خاوەنی مەتعەم لەسەر ئەوە دەریکرد .

* * *

هەژار چیرۆکی یەکەم چاخواردنەوەیەکی زۆر خۆشی لە سابڵاغ گێڕایەوە، گوتی :

کە بۆ جاری یەکەم چاخواردنەوە کەوتبووە سابڵاغەوە، دەیانکوت میوان لە ماڵە - وادەزانم گوتی - حاجی ڕەحمەتی چایان لەپێش دادەنرا . چەند کەسێك دەچنە ئەو ماڵە و، وەك چاوەڕواندەکرا، چایان لەبەردەم دانرا. چای دیشلەمە هێشتا نەبوو، هەر چای شیرین بوو، شەکری تێکرابوو و، کەوچکی چا لە پەنای ئیستیکان لە سەر ژێرپیاڵەکە بۆ

لێكدانی . میوان، پێشتر چایان نه‌خواردبۆوه، به‌ڵام ده‌یانزانی خۆ ناكرێ پیاو كه میوان بوو و شتیان له‌به‌رده‌م دانا، هه‌مووی بخوا یا بخواته‌وه، ئیدی به كه‌وچكه‌كه هه‌ر دوو كه‌وچك له چایه‌كه بۆ ده‌میان ده‌به‌ن و ته‌واو .

خاوه‌ن ماڵ پێیانده‌ڵێ : چایه‌كه‌تان بۆ ناخۆنه‌وه ؟

ده‌ڵێن : چامان خوارده‌وه، به‌زیاد بێ، تێرمان خوارد، زۆر خۆش بوو!

* * *

سه‌رده‌مێك، له گوندی " تربه‌سپی"ی نیزیكی قامیشلی، ماڵی هه‌ژار له ژوورێكی به كرێی خانوویه‌كی ماڵی " زه‌تۆ"ی ئاشووریدا بوو . زه‌تۆ، پیره‌مێردێكی زورهان و كه‌مێك خه‌ره‌فاویش بوو . ده‌یگوت كاتی خۆی له "لێڤی"ی هێزی ئاشووریی ئینگلیسه‌كاندا سه‌رباز بووه و، ده‌یگێڕایه‌وه كه چووه‌ته ره‌واندز و، ده‌یگوت من سۆرانی ده‌زانم : مریشكاكا، بزناكا، چێلاكا، ساڤاراكا ... ئیتر "كا"یه‌كی وه هه‌ر شتێكی كرمانجییه‌كه ده‌خست و ده‌یگوت ئه‌وه "سۆرانییاكا" . زه‌تۆ كه‌ڕیش بوو، ئیتر هه‌ژار هه‌ر له‌به‌رخۆیه‌وه، له‌گه‌ڵ قسه‌كانی ئه‌ودا، قسه‌ی خۆی ده‌كرد : ده‌ستاكات به گوناكا! سه‌راكات به قونگماكا! ... ئیدی به‌وجۆره .

* * *

سه‌ید ره‌سووڵی بابی گه‌وره (دیهقان)، ماوه‌یه‌ك له دێیه‌كی باشوور( سه‌روچاوه؟) ده‌ژیا، گوایا حه‌مامێكی زۆر خۆشی له ماڵێداهه‌بووه . ئیدی كه دۆستانی میوانی بوون، حه‌مامیان بۆ گه‌رم‌كراوه، شتێكی كه بۆ ئه‌و دۆستانه له‌و هه‌لومه‌رجه‌ی ئه‌وێدا تا بڵێیت نیعمه‌ت بوو . جارێكیان هه‌ژار و ئه‌حمه‌د ته‌وفیق و هه‌ڤاڵانێكی ئه‌حمه‌د ته‌وفیق وێكڕا ده‌چنه ماڵی سه‌ید ره‌سووڵ و، رۆژێك له‌وێ حه‌مامیان بۆ گه‌رم ده‌كرێت و هه‌موویان خۆیان ده‌شۆن . رێك دوای ئه‌وه،هه‌ژار نیوه رووت داده‌نیشێت، هه‌ر ئه‌وه‌نده خاولییه‌كی به ناوقه‌ده‌وه‌یه و هیچی دی و، ئه‌حمه‌د ته‌وفیق و هه‌ڤاڵه‌كانی خه‌و ده‌یانگرێت و هه‌ر وا له په‌نا هه‌ژار پاڵ ده‌كه‌ون سه‌ری خه‌وێك بشكێنن . زه‌لامێك وه‌ژوور- ده‌كه‌وێت و، وادیاره هه‌ژاری به‌و رووتییه له‌وێ پێ سه‌یر بووه، به هه‌ژار ده‌ڵێت : كاك هه‌ژار ئه‌وه تۆ نه‌خۆشی ؟

— نه‌خۆشم ؟ نه‌خۆشی چی ؟ بۆ نه‌خۆشم ؟ — ئه‌دی بۆچی خۆت رووت كردووه‌ته‌وه ؟

— رۆڵه گیان، جا تۆ بۆچی پرسیاری ئه‌و مردووانه ناكه‌ی ؟

— كاك هه‌ژار، بۆچی ئه‌وانه مردوون ؟

— ئه‌دی چۆن ؟ ئه‌گه‌ر من به‌وه كه خۆم رووت كردووه‌ته‌وه نه‌خۆش بم، ئه‌وانیش ده‌بێ مردوو بن!

ئیدی مردووه‌كان له قاقه‌ی پێكه‌نین ده‌ده‌ن! تا چه‌ند ساڵ دوای ئه‌وه‌ش ئه‌وه‌یان به پێكه‌نینی زۆره‌وه ده‌گێڕایه‌وه .

١٧ ساڵ دوای کۆچی دوایی هەژار بوو کە من " هەژاری مرۆڤ ..." م بڵاوکردەوە . لەو حەڤدە ساڵەدا، زۆر یادی هەژار بە رەسمی لەکوردستان کرانەوە . بۆچی ئەوانەی ئەو یادەیاندەکردەوە، نەیانویست منی لێ ئاگاداربکەنەوە، یا بڵێین تۆش دەتوانیت بێیت و قسەیەك بکەیت ؟ خۆ من هێشتا هیچم لەبارەی هەژار نەنووسیبوو و هەڵوێستم لەو نەدەزانرا . چونکە هەژاری مرۆڤ " خۆی " بۆ ئەوانە هیچ مەوزووعێك نەبوو، ئەینا - بەگوێرەی فەرهەنگی کوردستانی باشوور، تەنانەت وەزیفەی دەوڵەتیش وادەبێت بەو پێوانەیە دەبەشرێتەوە، چ جای دەعوەتێك . نموونە کەم نین . ئەوان، لێرەدا، " هەژاری خۆیان بۆ کاری خۆیان بە ئەو شێوەیەی کە خۆیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەیانەوێت "یاد دەکەنەوە، ئەوجا ئەوە فری بەسەر هەژاری مرۆڤ خۆیەوە هەیە یان نا، بە هیچ جۆرێك هیچ مەسەلە-یەك نیە . ئەسڵەن هەژار لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەی کە ئەوان بۆخۆیان بۆیان دروست کردووە، لای ئەوان هەر وجوودی نیە . ئەوان بەرپرسیاری سیاسەتن و کارەکەیان وەهایە، حەقیقەتی هەژار و دنیای رۆشنبیری شتی ترن . من هەژار خۆیم بۆ هەژار خۆی باس کردووە، ئەگەر بشچوومایەتە یادکردنەوەی، هەر وام دەکرد ، هەژارم لە " هەژار خۆی " بۆ " هەژاری خۆیان بۆ کاری خۆیان " نەدەستاند .

ئەوەی من خۆم لامەوایە کردوومە، ئەوەیە کە کاك سەرداری نووسەر دیتوویە : من ویستوومە بە ڤیدیۆی وشە، فیلمی دۆکومێنتیی ئەو رووحانەی دەوروبەرم بگرم و، بیخەمە ئارشیفی مێژووەوە، تاکو ئەگەر کەسێك ویستی دوای کۆچی دوایی ئەوانە، سەرێك بە مەجلیسیاندا بکات، ئەو کتێبەی من هێندێك لە ئارەزووەکەی بۆ بە جێ-بهێنێت . بە رادەی یەکەم باسی رووحی هەژارە، بەڵام دەوروبەریشی، کە لەنەتیجەدا جۆرە پانۆرامایەك پێکدە-هێنێت، کە نموونەی نیزیکەی هەموو چین و توێژەکانی ئەو سەردەمەی تێدا دەدیترێن . کاك سەردار، زۆردڵسۆزی هەژارە .کە باسی هەژار دەکات، بەو زمانە عیرفانییەی خۆی، وەك لە پیرێکی تەریقەت بدوێت وەهایە، بە خوێند-نەوەی ئەو کتێبەی من نە رقی لە هەژار یا لە من دەبێت و، نە خۆشەویستیی بۆ هەرکامیان زیاد یا کەم دەکات، بەڵام ئەوە سەردانێکی مەجلیسی هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری بۆ پێکدەهێنێت، مەجلیسی کەسانێکی کە زۆریان ئێستا نەماون، من هەوڵی - بە وشەکانی کاك سەردار -" تحضیرالأرواح "م داوە .

بەڵام مەگەر من توانیومە " هەموو هەژار " پیشان بدەم ؟ نا، تەبیعی نا، حەقەن نا، حەقەن هیچ کتێبێك لە دنیادا ناتوانێت " هەموو "ی کەسێك پیشان بدات، هەمووی چی ؟ بۆ " هەموو "ی رووحی هەر یەك مرۆڤێك لە دنیادا، ئەگەر هەموو کەلێنێکی شاردراوەی پێ بزانرێت، کە نازانرێت، رەنگە ئێجگار زۆر کتێب پێویست بن و،

ئەوەندەی من بزانم، تا ئێستا هیچ کەسێک نەیتوانیوە کاری وەها بکات .

ساڵی ٢٠٠٨، من یەکەم بەرگی " هەژاری مرۆڤ ..."م بڵاوکردەوە . دوو ساڵ، کەس بە نووسینی رستەیەکیش بەلایدا نەچوو . ساڵی ٢٠١٠، کەسێک لە شوێنێک پەیدابوو، کە زۆر رقی لە هەژار و من بوو، دەستیپێکرد، کاردانەوەی پیشاندا و، لاپەڕە لە ئینتەرنێتدا کرانەوە و تەپوتۆز هەڵیکرد .

کاتێک من لە وەڵامی یەکێک لە پرسیارەکانی" کاک محەمەد کەریم"ی بەڕێزی گۆڤاری" کۆوار"دا گوتم کە من کتێبم نە لە دژی کەس نووسیوە و نە بۆ پێهەڵگوتنی هیچ کەس؛ خانمێک، کە بە وێنەکەی شووش و بچکۆلە و سووکەڵەیەک دیار بوو، گەردەلوولی جەماعەت لەگەڵ خۆیدا لوول دا و،گوتی : من ئەو قسەیەی شێرکۆم قەبووڵ نیە . بۆچی قەبوولی نیە ؟ ئێستا دەقی وشەکانیم لەبەردەست نیە بەڵام بەم مانایە بوو : " کامیرا، بە گوێرەی زاویەی کە بۆی هەڵدەبژێردرێت، وێنە دەگرێت" .

کە ئەوەم خوێندەوە، وەکو ئێستا کە وەبیرم دێتەوە، پێکەنینێکی زۆر گرتمی . ئەو قسەیەم هێندە پێ سەیر و بێ-مانا بوو ... ئاخر کەسێک کە لە شارستان بژیت و،لایەنی کەمی خوێندەواریی هەبێت، چۆن قسەی وا دەکات ؟ نەوەڵڵا ئینشاڵڵا بەگوێرەی زاویەش فەرق ناکات! من زاویەیەک هەڵدەبژێرم کە کامیراکەم رووی لە میچەکە بێت و،ئەو وێنەی زەوییەکەم بۆ دەگرێت! هەر زاویە؟ ئەدی رووناکایی؟ لەکوێوە چەندە رووناکایی دێت و رەنگی چی لە وێنەکەدا چۆن دەردەچێت ؟ زوومی کامیراکە چۆن و لەسەر چیە ؟ چاوی کامیرا بە چەند دەرەجە دەکرێتەوە ؟ چ کامیرایەکە ؟ فیلمەکەی چ جۆرێکە ؟ کاتێک وێنەکە چاپ دەکرێت، چۆن چاپ دەکرێت ؟ دوای تەواوبوونی هەموو ئەوانەش، چەندە تێکەڵکردنی وێنەکان ( میکساژ) یا کاری " فۆتۆشۆپ" لە ئارادا دەبێت ؟

( بازیگەری فیلمیئەمریکایی کلارگ‌گیبڵ حەزی دەکرد کامیرا هەر تەنیا وێنەی لە لای راستی دەموچاوییەوە بگرێت،بڵێین وەکو جەلال تاڵەبانیی کە ئێستاکە ناهێڵن وێنەی لەچەپەوە بگیرێت، بەڵام - بۆ بەدبەختیی-، دنیای سینەما نەیدەتوانی ئارەزووەکەی بۆ بەجێبهێنێت) .

ئەوجا، مرۆڤ، زۆر لایەنی هەن بەڵام " لەحزە"ی زۆرتریشی هەن . دەکرێت مریشکێک لە لەحزەیەکدا بۆ رزگار کردنی جووجەڵەیەکی بەگژ رێوییەکدا بچێت(من ئەوەم لە فەیسبووکدا دیتووە)و،- بڵێین- چاوی رێوی کوێربکات و جووجەڵەکەی لێ رزگار بکات . گرتنی وێنەیەکی ئەوە نابێتە قاعیدە کە بڵێیت مریشک بە رێوی دەوێرێت و، لە هەر شوێنێک رێوی ببینێت - سوبحانەڵڵا- چۆن دەست بەجێ چاوەکانی کوێر دەکات! نا، نەخێر نەوەڵڵا وا نیە . بەڵێ دەکرێت شتی وەها رووبدات، لە فیلمێکی فەیسبووکدا دیتوومانە، کەواتە ئەوەش دەکرێت رووبدات و،

باشە کە بیزانین، بەڵام نابێتە قاعیدەیەك بۆ پێوەندیی نێوان مریشك و ڕێوی . مرۆڤێك، کە بە جۆرێك کۆتری ئاشتی ناسرابێت،دەکرێت لە لەحزەیەکی ژیانیدا، بە بێ ئەوە کە خۆیشی بزانێت چۆن و بۆچی،کردارێکی توندو- تیژیی لێ ڕوویدات .

پیتەری گەورەی قەیسەری ڕووسیا، کە دەیویست زۆر لە ڕۆژئاوا فێرببێت، لە سەردانی ئینگلستاندا، بە زۆر شێوە میوانداریی باشی لێ کرا . بەشێك لە میوانداریییەکەی ئەوەبوو کە ویستیان دەستەیەك نووسەر و شاعیر و فەیلەسووفی بۆ دەعوەت بکەن،کە لەگەڵ قەیسەر بدوێن و، بەوە قەیسەر لە ڕۆشنبیریی ئینگلیس ئاگادار بکەنەوە . یەکێك لەوانەی دەعوەتکران قەبووڵی نەکرد بچێت، نەچوو، بۆچی ؟ گوتی : چونکە قەیسەر ناتوانێت من ببینێت، ئەو هەر تەنیا لەحزەیەکی من دەبینێت و، من هەر ئەو کەسە نیم کە ئەو لەو لەحزەیەدا، بۆ ئەو چەند سەعاتەی کە لەبەردەمیم، دەیبینێت . من نامەوێت فێڵ لە کەس بکەم .

کتێبی باسی مرۆڤ بریتیە لە " پرپشك" . ئەوەی من نووسیومە، هەر پرپشکێکە لە هەزاری مرۆڤ و دەوروبەری . بەڵام کتێب کە پرپشکێك بوو، مانای ئەوە نیە کە بێ قیمەتە . پرپشك وجوودی هەیە،کە دەکرێت لە ئەزموونگە (لابراتوار)دا لەسەر وێنەکەی بنووسرێت : ئەمەش(تەرکیز لەسەر پیتی" ش") هەبووە، هەیە . بە زۆر پرپشك ئەوجا شتێکی پتر دێتە بەرچاو . پەیبردن بە حەقیقەتی" تەواو"ی مرۆڤ، وەهەمێکە کە قەت- قەت پێك نایەت، مەگەر هەر لەسەری شێتێکدا، یا ئەوەندە ملیۆن ساڵی تر، ئەگەر گۆڕانێکی داروینی، مرۆڤ بکات بە حەیوانێکی تر . هەرچی لەبارەی هەرکەسێکەوە بنووسرێت، هەر تەنیا پرپشکە، قەت چیرۆکی تەواوی ئەو کەسە نیە کە لەبارەیەوە نووسراوە . بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە مادام ناکرێت تەواو بێت با هەر نەنووسرێت، نا، مرۆڤ ئەوەندەی کە بڕ دەکات دەڕوات . لە تۆماری ئەوەدا، شێوەی کار( مێتەد ، مێتۆدە)ی ڕوو تێکردنی بەوجۆرەیە : زۆرترین پرپشك بۆ دیتنی ڕێگایەك لە ئەو هەمووە تاریکییەی تەلیسمی دەروونی مرۆڤدا، کە قەت کەس پەی بە هەمووی نابات .

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو قسەیەم، ڕووداوێکی ژیانی خۆم وەبیردێنەوە، کە لاموایە لێرەدا زۆر بە هانامەوە دێت :

" جارێك، سەرەتای شەوێکی پایزی١٩٧٤، بەتەنیا،لە شاری سلێمانی دەرچووم، بە قەیوان هەڵگەڕام، دەمویست بچمە ماوەت . بارانێکی زۆر و ڕەشەبا و سەرمایەکی زۆر بوو، بەڵام کێشەی گەورەم تاریکی بوو، تاریکییەکی وەها بوو کە قەت لە ژیانمدا نەمدیبوو، بە هیچ جۆرێك یەك تاقە بستی دەوری خۆم نەدەدیت : ئایا ئەوە هێشتا چیاکەیە، بەردە، دارە،

لێواری شیوە ... چیە ؟   ئەوەی لێرەدا فریام‌دەکەوت :" بروسکە" بوو . زووو- زووو بروسکە وەك چرکەی فلاشی کامیرایەك بەشی ئەو چرکە لەحزەیە ڕێگای بۆ ڕوون دەکردمەوە . ئیتر من لە ڕێگادا بە هەموو حەواسم چاوم دەبڕییە زەوی، تاکو بە ڕووناکیی بروسکەی داهاتوو ئاگاداری ڕێگاکەم بم " .

ئـەوەی کە من لە ژیننامەی هەژارم نووسیوە، وەکو ئەوەی هەر کەسێکی تر لە ژیننامەی هەر کەسێکی نووسیبێت، وەکو ئەو بروسکانەیە کە لەو هەلومەرجەدا لە قەیوان فریای من دەکەوتن،هەر یەك بروسکە بۆ دیتنێك لە تاریکا-یی ڕێگای تەلیسمی ژیانێکدا، نە پتر . مرۆڤ بەوجۆرەی کە خۆی نەیزانیوە بۆچی هاتووەتە ئەم دنیایە، بە هەمان شێوەش لێیدەردەچێت بە بێ ئەوە کەس قەت توانیبێتی بەتەواوی لێیتێبگات یا تەنانەت خۆی بەتەواوی لە خۆی گەیشتبێت . لێرەدا شتێك نیە کە پێیبگوترێت" تەواو"، تەنیا هەر" نیسبەت"هەیە، چ بروسکەیەك چ نیسبەتێك لە دنیای ئەو مرۆڤەی پیشان داوە و، ئەوە چەندە بۆ کێ و بۆ چی گرنگە و، وێنەگر دەتوانێت چەندەی لە چ زاویە-کەوە و لە چ لەحزەیەکیدا فرسەت لێ بهێنێت و بە چ کامیرایەك وێنەیەکی بگرێت .

( بەشێك لە نووسینێکی زۆر درێژترم لە فەیسبووکدا بە ناوی " چیرۆکی فیل و کتێب و خوێندنەوە"، بە کەمێك دەستکارییەوە) .

## لە ئەبونواسەوە

نازانم ئەم شیعرەی" أبونؤاس"ـە کە هەژار وەهای وەرگێڕاوە، یا شیعرێکی دیکەیەتی کە ئێستا من ناچمەوە سەری و بۆم نادۆزرێتەوە، کە ئەبونواس دەڵێت :

لا تبك ليلى و لا تبك الى هند　　　و أشرب على الورد من حمراء كالورد
كأسا إذا انحدرت من حلق شاربها　　　أجدته حمرتها في العين و الخد
فالخمر ياقوتةٌ و الكأس لؤلؤةٌ　　　من كف جارية ممشوقة القد

هەژار، سەرەتا بەمجۆرەی گوتبوو :

بیری گوزەشتە بۆ دەکەی ؟ بۆچی دەخۆی خەمی سبەی ؟
وەختی گوڵە بە رەنگی گوڵ تێکە بنۆشە جامی مەی
ئەو مەیە وا کە دەچتە ژوور، زوڵمەتی دڵ دەکا بە نوور
گورجێ لە کوڵم و چاوەوە دێتەوە دەر بە رەنگی سوور

بەڵام دوایی بۆ چاپی دیوانەکەی بەمجۆرەی لێ کرد:

بیری گوزەشتە بۆ دەکەی ؟ بۆچی دەخۆی خەمی سبەی ؟
کاتی گوڵە، بە رەنگی گوڵ تێکە بنۆشە پێکی مەی
ئەو مەیە وا کە فڕ کرا و گەیشتە جەرگ و ناوەوە
دێتەوە روو بە رەنگی ئاڵ لە روومەت و لە چاوەوە

کاک کامیل بۆکانی، ئەم قسەیەی لێرەدا هەبوو :

" دەستی خۆش بێ . بە رای من وەرگێڕانی یەکەمی بەیتی دووهەم زۆر خۆشتر و رەوانتر و لە دڵ نزیکترە . بەڵام بەیتی یەکەمی لە دەستکارییەکەدا جوانتر کردووە ".

هەژار، شیعرێکی بە ناوی" هاواری زۆرلێکراو" لە " بۆ کوردستان"یدا هەیە و، تێدا دەڵێت : " لە شاعیری زەنگی ئەمریکایی « ماك کریا» وەرگیراوە" . یەکەم دێڕی بەمجۆرەیە :

من کێم؟ چۆن ژیام ؟ بۆچ ئەمڕۆ دەژیم ؟ رەشم وەك دیزەم، رەشم وەك رەژیم

" کامەران موکری"یش هەمان شیعری وەرگێڕاوە . رەنگە هەرتکیان لە عارەبییان وەرگێڕابێت . هەژار بەتایبەتی بۆ رەقابەتی کامەران ئەو شیعرەی بڵاوکردەوە ( زۆر رقی لە کامەران بوو) و، لەبەرخۆیەوە دەیگوت : دەی، دە با خەڵك ببینن بزانن ەەرگێڕان چۆن دەبێ!

بەڵام ئاخر " ماك کریا" کێیە ؟ هەڵەی چاپ نیە ؟ بە ئینگلیسی چۆن دەنووسرێت ؟

من کە ئەم پرسیارەم لە فەیسبووکدا کرد ، هەر یەك کەس، بە ناوی کاك ئارام حسەن بیری بۆ ئەوە چوو کە تۆ بڵێیت مەبەست لە کلۆود مەککێی بێت ؟ ئیتر لەوە پتر نەرۆیشتین .

## Claude McKay



1889-1948

### Enslaved

Oh when I think of my long-suffering race,
For weary centuries despised, oppressed,
Enslaved and lynched, denied a human place
In the great life line of the Christian West;
And in the Black Land disinherited,
Robbed in the ancient country of its birth,
My heart grows sick with hate, becomes as lead,
For this my race that has no home on earth.

هەژار و هێمن، دوو شاعیری کوردی بە شێوازی موکریان بوون، کە لە موکریان و کوردستانی باشوور و تەنانەت ئەولاتریش خۆشەویست بوون . هەلومەرجی سیاسیی ژیانی کورد ، بارێکیان هەڵخستووەتەوە کە نەك هەر لێکۆ-ڵینەوەی ئەوانە بە چاوی رەخنەگریی زانستی لای " خەڵك" قەبووڵ نەبێت، بگرە نکوڵی لە کۆڵێك حەقیقەتیشیان بکرێت، چونکە ئەو حەقیقەتەیان لەگەڵ وەهمی فەرهەنگی " ئەولیاپەرستی"دا نایەتەوە .

ئـەولیا ، ئەوە نـەبوون کە خەڵك دەڵێت . تـەنانەت پێغەمبەری ئیسلام زۆر لەو شتانەی نـەگوتوون کە " خەڵك" داویاننەتە پاڵی . موسلیم و بوخاری و کەسانی تریش بە هەزاران بوختانیان دیتوونەتەوە کە بە پێغەمبەری ئیسلام کراون، خەڵك زۆر بە هاسانی بوختان بە پێغەمبەری خۆی دەکات و ... بە خودای خۆشی ." خەڵك" ئەولیای خۆی بەگوێرەی پێداویستی فرینی خەیاڵی خۆی دروست دەکات . " سایکۆلۆجیەتی من " کە " پێویست" ی بە سیفە-تێکی ئەولیاهەبوو، منەتێکی بە حەقیقەتێکی ئەولیاکە نیە، ئەو وابووە یا نەبووە بەجەهەننەم، خوای دەکرد چاوی دەردەهات و ملی دەشـکا ، بۆچی من ئـەولیام لە سـەری خۆمدا بۆ ئەولیای تەرەماش خۆی دەوێت یا بۆخۆم دەوێت ؟

لە مەڵبەندێکی ولاتێکدا ،کە نە" ئادیسۆن"ێکی تێدا بووە، نە" ئاینشتاین"ێك، نە "هیگل"ێك، نە" مارکس"-ێك و نە"دافینچی"یەك، نە هیچکام لە هەزاران داهێنەری زانست و ئەدەبیات و فەلسەفە و هونەری دنیا ؛ هەیبووە و نەیبووە هەر چەند شاعیرێکی هەبووە و، هەر ئەو دووانە لەکاتێکدا هەبوون کە هەنگاوێکی بوونە نەتەوەی تێدا ناوە و ئـالای خۆی هـەڵکردووە، ئەو دوو شاعیرە دێهاتییە زۆر کـەم خوێندەوارەی تێدا هەبوون، مـەگەر هـەموو پێهەڵگوتنەکەی هەر بۆ ئەو دووانە بێت، چونکە لەوە پتری نیە . کە داوا زۆر بوو و ،کالا کـەم بوو، بە گوێرەی قـانوونی بازاڕ نرخی کالا زۆر دەچێتە سەروو و ، لە کۆمەڵگەی فەرهەنگی کەراماتی ئەولیاپەرستیدا ، رێگایەك دەگرێت کە منەتی بە عەقڵانیەت ( راشنالیزم ) نابێت .

هەر بەغوونە: هەژار بەشی زۆری نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ژیا و ، قەت نەیتوانی تێبگات کە"سایکۆلۆجی" کۆڵەکەیەکی سـەرەکیی زانیاریی فەرهەنگی سەدەی بیستەمی مرۆڤی سەرزەوییە . هەر کە باسی سایکۆلۆجی دەکرا ، هەژار بە نوکتەی جنسی و غەیرە جنسیی خۆی، گاڵتەی بەو شتە دەکرد ( پێی‌دەگوت " عیلمی نەتڕی"! - بە فەلسـەفەش " فڵتەفڵت") و کۆڕی دەخستە جەزبەی پێکەنینەوە ( کە ئەو کۆمیدیاییەکی بلیمەت بوو) .

هێمن، بە شێوەیەکی تر، باسی زۆر شتی دەکردن کە تلپاتی تەرپشی لێ نەدەزانین، بەڵام خەڵکیش پتریان بۆ

دەخستە سەر، وەك ئەوە کە "گیوی موکریانی" بۆی دەنووسی : هێمن ئارەوی! (عارەبی) زۆر چاك دەزانێت و، ئەوەی پیشانی هێمن خـۆی دەدا! (لە کاتێکدا کە هێمن عارەبیی نـەدەزانی) . ئێستاش، کاردانەوەی "خەڵك" لە ئاست باسکردنی‌حەقیقەتی هەژار و هێمن، زۆرتر هەر بریتیە لە" جنێو" و، تاوانبارکردن بە خیانەت و تەنانەت "پارەیەکی کەم وەرگرتن لە دەستگا ئیستیخباراتییەکانی ئێران و ئینگلیس و ئیمپریالیزمی ئەمریکا و حـەتمەن ئیسرائیلیش! " ( هەمیشەش "پارەیەکی کەم" و قەت زیادی ناکەن) .

وەزعی سیاسی و کێشەی حیزب و شۆڕشیش لە کۆمەڵگەیەکدا کە فەرهەنگەکەی ئەم ئەولیاپەرستییە بێت و لە رووی ئەخلاقییەوە ئەمە حاڵی بێت - بە تەبیعەتی حاڵ - ناکرێت لەمە باشتری لێ چاوەڕوان بکرێت، کە ئێجگار زۆر خراپە و،من دەنگێکی رۆشنبیری لە موکریان نابیسم کەهەوڵ بدات ئەم قەفەسی ئەولیاپەرستییە بشکێنێت .

هەڵچنینی وەهم و خورافات بە دەوری هەژار و هێمنەوە، وا ئێستا زۆر بە خراپ بەسەریاندا دەشکێتەوە:

ئەوەی حەز بکات نوکتەیەکی جلف بۆ پێکەنین بڵاوبکاتەوە، دەیداتە پاڵ هەژار و هێمن :

" مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن جارێك لە سلێمانی پێکەوە پیاسە دەکەن"( لەکاتێکدا کە قەت هەژار و هێمن پێکەوە لە سلێمانی نـەبوون تاکو پیاسە بکەن یا نەکەن) و ئەم شەڕە جنێوەیان هەبوو : قەحبەخانەی هەژار و ... ئیدی . هێمن بە کەری گوت : هەژار و، هەژار بە کەری گوت : هێمن! ... سەرتاسەر درۆ و دەلەسە، کە نازانم ئەوە بەرەوکوێ دەڕوات، کەی دەستی هەژار و هێمن دەخەنە گەڵی یەکترەوە و، مامۆستا هەژاری بلیمەت کەی دەست بۆ قوونی مامۆستا هێمنی بلیمەت دەبات و ... هەرکەسیش بڵێت ئەوە بوختانە، پێی‌بڵێن : چـەندەت پووڵ لە دەوڵەت وەرگرتووە ؟ ... ئەم کەربازاڕە بەرەو کوێ دەڕوات ؟ نازانم .

هێمن و هەژار گـاڵتەیان هـەبوو، بـەڵام قەت - قەت جنێودان بە یـەکتر لە گاڵتەیاندا نـەبوو . وشـەی" کەر" و " قەحبە" و ئەو شتانە بە یـەکترگوتن بە هیچ - هیچ - هیچ جۆرێك لە نێوان ئەو دوو کەسـەدا نـەبووە ... ئەمە چ فەرهەنگێکە هـەی خـەڵك، کە خاولییەکی دیکەتان نیە قوونی وەهم و خورافات و شـەڕەجنێوی خۆتانی پێ بسڕنەوە خاولیی هەژار و هێمن نەبێت ؟

فەرهەنگی ئەولیاپەرستی چۆن پیس بەسەر هەژار و هێمندا دەشکێتەوە .

نووسینێك بەو ناوونیشانەوە لە سایتی "گزنگ"ی کۆتایی ئووت/ ئابی ٢٠١٠ی کاك "هێرش"ی رەحمەتیدا بڵاو-کراوەتەوە، کە سەنەدێکە سەرنجی من بۆ چەند شتێکی رادەکێشێت .

"هێمن"یـش، دیارە وەکو ئەو خەڵك و خوایە، لە قۆناغی جیاوازی ژیانیدا و، لە لەحزەی جیاوازدا، میزاج و بیر و قسەی جیاوازی هەبوون . "هەموو" مرۆڤێك لە دنیادا، بەگوێرەی سایکۆلۆجی، هێندێك جار هێندێك شت هەر وا لەخۆیەوە دەڵێت بە بێ ئەوە بزانێت بۆچی دەیڵێت یا تـەنانەت ئەو قسانەی یانی چی . مرۆڤ ئیتر وایە، لەحزەی ماندووبوونی هـەن، شـەو بـاش نـەخەوتووە یا پێش کەمێك میزاجیان تیکداوە، یا پێیان هـەڵگوتووە و غرووری پەیداکردووە، یا بەدمەستە، یا ... قەتارێك لە یایان .

من لام وایە ئەو دوو نووسەرە بە هیچجۆرێك لە ئاستی ئەو وتوویژەدا نەبوون، تەنانەت تێدا زۆر کۆڵەوار بوون و، هێمنیش تێدا لە هەمان ئاستی ئەواندا بووە، نە پتر .

یـەکەم پرسیاری لێی دەکەن ئەوەیە کەی لەدایکبووە، هێمن دەڵێت : ١٩٢٠، کە هەڵەیە، هێمن لێرەدا لە بیری چووەتەوە کە لە "تاریك و روون"ـەکەیدا نووسیویە ١٩٢١ .

ئەوجا هێمن بە بێ ئەوە کە شێوازی باکوور بزانێت، وادیارە بۆ ئەوە کە بەڵکو خاوەنی پرسیار باشتر لە وەڵامی بگات، ناوبەناو شتێك دەڵێت کە وادیارە بۆخۆی بە کرمانجیی باکووری زانیوە، لە کاتێکدا کە شتێکی سەیر و-سەمەرەی گوتووە و، بۆ کەسێکی کە شێوازەکەی هی باکوور بێت مەگەر هەر پێی پێبکەنێت . یەکێك لەو شتە خۆشانە ئەوەیە کە هێمن لەو قسانەیدا ئاگای لە جیاوازیی نێر و مێ لە شێوازی باکووردا نیە . کە هێمن دەڵێت : "زمانا کوردی" ( لەجیاتی زمانێ کوردی)، ئەوە بۆ کەسێکی باکوور وەکو ئەوە دێتە بەرگوێ کە تۆ بە عارەبی بە عارەبێك بڵێیت : "قالت أبوك" ( باوکت گوتی، لە جیاتی قال أبوك) . بە کرمانجیی باکوور، ئـەگەر بڵێیت "هەڤاڵا من"، ئەوا لە شوێنێکدا دەکرێت ئەو "ا"یەی" هەڤاڵا" بە وشەی "خانم" وەربگێردرێتە سەر سـۆرانی : "خانم هەڤاڵی من" .

ــ کەی دەستت بە دانانی شیعر کردووە ؟

ــ لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا .

ئەو کەسەی کە ئەو وتوویژەی لەگەڵدا کردووە، دەبێت لێی چاوەڕوان بکرێت کە لە خۆ ئامادەکردنیدا بۆ ئەو وتو - وێژە، "تاریك و روون"ی هێمنی سەیرکردبێت و، سـەرنجی ئەوەی دابێت کە هێمن شیعری پێش تەمەنی بیست

ساڵیی لەو دیوانەیدا نیە . کەواتە، جێی خۆی دەبوو پرسیاری شیعرەکانی تەمەنی نێوان ١٥ ساڵ و ٢٠ ساڵیی لێ بکردایە . نایکات . هێمن خۆی هەر ئەوەندە لەبارەیانەوە دەڵێت کە " باش نەبوو، نەباش بوو" .

ــ چۆن بوو کەوتە سەر دانانی شیعر ؟

ــ من حیسم کرد کە میللەتی من میللەتێکی هەژارە .

بەڵام ئایا هەر لە ١٥ ساڵییەوە وا بوو ؟ خۆ هێمن - بەگوێرەی نووسینی هەژار- لە خانەقای شێخی بورهانەوە شیعری داناوە و، دێڕێکی " إبن یمین"یشی " دە لۆچی خزاندووە"! مەگەر ئەوساش مەزلوومیەتی میللەتی هەژار لە ئارادا بووە ؟ ئەو دەستپێکردنە پێش تەئسیری مامۆستا فەوزی بووە یا دوای ئەوە ؟

خاوەنی پرسیار وێناچێت هیچی لە رابردووی ژیانی هێمن خوێندبێتەوە .

پرسیار:

تە گوتبوو کە ئیرۆ " هێمن" هەیە، ئەو گرێدایی" قازی محەممەد" و حیزبا دیمۆکراتە، چ قەسدا دکەی، تو چ دەخوازی بێژی ؟

وەڵام :

من پێموایە، خەباتا سیاسی نەکردبا ، ئینسانێك نەدەبووم ئەلئان تۆ بێی قسەم لەگەڵ بکەی، مومکین بوو منیش دێهاتییەك بم وەك ئەو هەمووە دێهاتییە، خەباتی سیاسی منی کردە ... ( دەقی نووسینەکە بەوجۆرە بە سێ نوختە کۆتایی دێت) .

ئەمە بە بیری من، مانای ئەوەیە هێمن - لەو لەحزەیەدا - زۆر بڕوای بە شاعیریی خۆی نەبووە، ئەینا خۆ نالی و مەحوی و مەولەوی تەنانەت ئەگەر هێرشیشیان بکردایەتە سەر کورد ، هەر شوێنی خۆیان لە ئەدەبیاتی کورددا دەپاراست، وەك کە " أبو نؤاس" وێڕای ئەو هەموو سووکایەتیکردنەی بە عارەب و پێهەڵگوتنەی فارس و پادشا- کانی ئێران، بە فەرمانی سەددام حوسێن پەیکەری بۆ دروست کراوە .

زۆر شیعری زۆر لە شاعیران بە هۆی ناوەرۆکی سیاسییەوە و، شاعیرەکەشیان بەهۆی پێوەندیی سیاسییەوە شوێنی گرنگیان لە ناو کورددا گرتووە، ئەوە حەقەن راستە . بۆ هەر میللەتێکی تریش کە لە هەمان قۆناغی خەبات و هەلومەرجدا بێت مەگەر هەر وابێت، بەڵام پێوانەی هەڵسەنگاندنی ئەدەبی هەر دەمێنێت و، لە دواییدا هەر شتە بە پێوانەی خۆی دەپێورێت .

ئەگەر ئێمە وەرگێڕانێکی باشی" فریشتەی پەڕیوە"ی هێمن بە هەر زمانێکی دنیا پیشانی کەسێکی خاوەنی

ئەو زەمانە، کە هۆگری شیعر بێت، بدەین، مەگەر هەر بە شیعری زۆر جوانی دابنێت :

سەرنجم گەر دەبڕمە بەژن و باڵات کچی جوان، بۆچی رووگرژی ؟ چ قەیدی ؟

ئەوە نە کاری بە پێشەوا داوە و، نە بە حیزبی دیموکرات، ئەوە هەر خۆی شیعری چاکە.

( ٢ )

نووسەر پرسیاری " جگەرخوین" لە هێمن دەکەن. هێمن دەڵێت کە جگەرخوینی دیتووە و، سەیر دادەبەزێتە سەر شاعیریی جگەرخوین، هەر هیچی پێوە نـاهێڵێت! جیاوازیی خۆی و جگەرخوین لەوەدا دەبینێت کە " هەموو" شیعری جگەرخوین بەمجۆرە خولاسە دەکاتەوە :

" شیعری شیعار دەڵێ یانی بۆ رۆژ شیعر دەڵێ : (..) شیـعرا جگەرخوین من پێموایە شیعارە، بۆ رۆژ دەڵێ وەك رۆژنامە بنووسێ وایە ".

جا توخوا ئەوەش بوو بە قسە ؟

باشە ئەوە گوتمان هێمن کرمانجیی باکوور نازانێت و تلپاتی تەرپیش لە زۆر شیعری جگەرخوین ناگات، بەڵام ئەی تۆ، نووسەری باکوور، تۆ نووسەر نیت ؟ چۆن وەڵامی ئەوە نادەیتەوە ؟ بۆچی هێندێك شیعری جگەرخوینی ئەڤین و شەرابی بۆ ناخوێنیتەوە و، مانای بۆ لێ نادەیتەوە ( چونکە ئەو حەتمەن باشیان لێ تێناگات) و، ئەوجا پێی بڵێیت کامەتە شیعار لەم شیعرەدا :

مەیگەر تو وەرە ئەم قەدەحان مەی بفرێنن

سەرخۆشی ببین ئەم کول و دەردان برەڤێنن

گازی کە کەچێ! لێ بـ خوەرە سازێ وەرینن

دا ئەم لـ سەرایێ بجڤن، سەر بهەژینن

ئاواز و نەواز خوەش بچیتن چەرخ و فەلەك تەڤ

دا خۆب و پەریزادە ژ پەردا خوە دەرینن

مەستانە ببن ئەم ژ خیالێن خوە خەبەر دن

دا کول د دلێ کوشتییێ گۆراندە نەمینن

یا :

کەچێ، دلبەر، ئەڤینا تە ژ بۆ دل پڕ جەفایە

تو خوەش رندی، شەکەرخەندی، گەلۆ ما ئەڤ رەوایە ؟

زۆر و زۆری دی . شیعاریشی هەیە بەڵێ، قسەی سەیر و سەمەرەشی لە سوێد کردوون، بەڵام ئاخر هەڵبژاردنی هێندێك شتی و، کردنی بە پێوانە بۆ حوکم لە سەر هەموو جگەرخوین، کە ئیتر جگەرخوین هەر ئەوەیە، دەبێتە بێئینسافییەکی زۆر. جگەرخوین، شیعرە زۆر سیاسییەکانیشی، ئەوانەیکە پێش چوونە سوێد دایناون، ئێستا-ش لەکاتی نووسینی ئەم دێڕانەی مندا، وەکو یەکەم رۆژی دانانیان، کوردی باکوور و رۆژئاوا دەورووژێنن، کەواتە تەنانەت لەوەشدا " شیعر بۆ رۆژ" قسەیەکی درشتە . ئەگەر - بەڤوونە- بیگوتایە : شیعری رۆژانەی بۆ هەموو رۆژێك لە رۆژەکانی کوردایەتی تا دوای سەربەخۆیی و یەکێتیی تەواوی کوردستان، ئەوسا لە واقیعی ژیان نیزیکتر دەبوو .

ئەوجا ئەگەر بەراوردی شیعار لە نێوان شیعری " تاریك و روون" و " دیوانا یەکان"ی جگەرخویندا بکەین، مەگەر ئەو دیوانەی جگەرخوین شیعاری لە " تاریك و روون" پتر تێدایە ؟ نووسەر لێرەدا دەبوو لێیپرسیبا: ئەدی کەواتە تۆ شیعری هەژارت لەو رووەوە پێ چیە ؟ شیعری شیعار نیە ؟ بژی لینین بژی ستالین خۆش بێ چەکوچ و داس ؟ بژی ایستالین و شاد بێ لینین ... تا بمانزانیبا چیی دەگوت . هێمن لێرەدا باسی شتێك دەکات کە هیچی لێ نازانیت، ئەوەندەش خۆی لە بەرانبەردا دەباتە سەرەوە کە غروور پەیداکردنی بەو ناوبانگەی خۆی تێدا زۆر لەبەرچاوە .

هێمن، ئەوسا بەهۆی حیزبی دیموکراتەوە، وەکو جگەرخوین لە سەرەتای گەیشتنە سوێدی، وەکو شتێکی توریستی (سیاحەتگەری) بوو بۆ وێنە لەگەڵدا گرتن و، چوونە پێشوازیلێکردنی لە سەر شەقامەکان، هەر وەکو قەیسەری رۆما بە سەرکەوتوویی لە مەیدانیشەڕ هاتبێتەوە ... ماڵی چەپڵە و جەماوەر ئاوەدان نەبێت چ بە شاعیر دەکەن . من لام وایە هەر چەپڵەیەکی کە بەهۆی سیاسەتەوە بۆ شاعیر لێدەدرێت، فیشەکێکە بە شاعیرییەکەیەوە دەنرێت . ئیدی کە فیشەکی زۆری پێوە نرا، ئەو بەدبەختە مەگەر هەر بمرێت، مرۆڤ کە ئەو هەمووە فیشەکەی پێوە بنێن مەگەر چیی بەسەردێت ؟ یا وەکو شێرکۆ بێکەس دەبێت بە کارتۆنی میکی ماوس و لە باخچەی گشتی دەینێژن، یا وەکو پەشێو سەری لێ دەشێوێنن و دەمی لێ دەستێنن و بێدەنگی دەکەن .

حیزبی دیموکرات ئەو وێنە لەگەڵ هێمنگرتنەی زۆر بە هێمن رەوا نەدیت . لەپڕێکدا شەقێکی تێهەڵدا، ئیدی دوای ئەوە نە پێشوازیی لێ دەکرا و نە هیچ، بەڵام کاتی ئەم قسانەی ئێجگار زۆر مەغروور بوو، وەڵڵا - خۆی

گوتمنی- خۆی پێ له سمد شکسپێریش! شاعیرتر بوو ( به قسەی بازاڕ شیعر ناڵێم، به قسەی شاعیرانه شێـعر دەڵێم!) .

نووسمر پرسیاری بیروڕای هێمن له بارەی ڕێنووس و زمانی یـەکگرتوو دەکات . هێمن همر دوو مەوزووعی ڕێنووس و زمان تێکەڵ دەکات و، له زاراوەی " زمانی کوردی تورکییه" و" کوردیی خودموختاریی ئێران" و ئەو قسانەدا ون دەبێت، دەریدەخات که هیچی پێ نیه تا لمو ڕووەوه بیڵێت، جگه لەوه که دەڵێت : " ئـەوه وەزیفەی سیاسییەکانه، دەبێ ئەوان جێبەجێی بکەن"،که ڕەنگه سیاسییەکانیش بۆ ئەوه بیانگوتایه :" با پرسیار له هەژار و هێمن بکەین، بزانین ئەوان دەڵێن چی، چونکه ئەوان شارەزای زمانن" .

( ٣ )

هێمن پێی سەیره چۆن خانی پێش ئینقیلابی فەرانسه باسی میللییەتی کردووه . خانی- به بیری منیش - حەتمەن مرۆڤێکی زۆر هەڵکەوتوو بووه، ڕۆشنبیرێکی گـەورەی سـەردەمی خۆی بووه، له سەرووی ئـاستی هۆشیاریی کۆمەڵگەی خۆیەوه بووه، بـەڵام دەکرێت دەنگی کەسانێك، کەمایەتییەکی بێ دەسەڵاتی خەڵك بووبێت ( لەوەدا تەنیا نەبووبێت)، لەکاتێکدا که هەستی دژایەتیی نێوان قەومەکانی ئیمپراتۆریی ئیسلامی شتێکی ئـەوەندەش سەیر نەبووه . دەبێت هێمن زانیبێتیت" فیردەوسی" چۆن باسیعارەبی کردووه، حەتمەن زانیویه، بەڵام پێوەندیی ئەوەی به کێشەی قەومەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ نەچووەتەوه سەر یەك .

هێمن - بڵێین وەکو دکتۆر زازا یا دکتۆر وانلی - زانیاری و هەستی مێژووناس و تـوانای شیکردنەوەی فکریی نەبووه، دێهاتییەك بووه که خوێندەوارییەکی کەمی هەبووه .

خانی، باسی" فکرەی نـەتـەوه خۆی لەخۆیدا(ناسیۆن)"ی نـەکردووه، باسی ئەوەی کردووه که قەبیلی کورمانج شەڕ بۆ ڕۆم و عەجەم نـەکەن و، له ژێر ئاڵای " پادشاهەك"ی خۆیاندا کۆببنەوه و، ئەوسا بەوه ئەویش ڕێـز پەیدا دەکات .

هێمن، ڕەخنەی " زمان" له خانی دەگرێت و، من هەرچەند دەکەم لەو قسەیەی ناگەم که دەڵێت :

" ئەحمەدی خانی بۆ من بوته، بەڵام دەتوانم ئەو بوته بشکێنم چونکوو خزمەتا زمانی کوردی نەکردووه، هەر خزمەتا لەهجەیەکی کوردی کردووه" .

ئەوه یانی چـی ؟ خانی زمانـی سـتانداری یـەکگرتووی کـوردیی دروست بکردایه ؟ مەگەر هێمن و هەژار و

نالی و مەحوی و جزیری و مەولەوی و ...هەموو هەر وا نین ؟ ئەوانە خزمەتیان بە زمانی‌کوردی نەکردووە چوونکە شیعریان هەر بە " لەهجەیەکی کوردی" بووە ؟ کەس لەو قسەیەی هێمن دەگات ؟ من تێی ناگەم .

هێمن دەکەوێتە سەر ئەوە کە تـاوانی نـاسیۆنالیستیی لە باسی شیعرێکیدا لە خۆی دووربخاتەوە، لە شیعری :

دەمکوژێ ئەمما بە گژ جەللادەکەمدا دێمەوە    کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە

دەڵێت :

" میللەتێکی لەتلەتکراوم، زوڵمم لێ کراوە (..) حـەتتا ئەو کـوردانەی ئینحرافی فکریان کردووە، بە عەقیدەی من هـەمووی لە حەیفی دوژمن بووە . مەسەلەن من لەگەڵ فکری کاژیك موخالیفم، پیسە . بەڵام دوژمن هێندەی زوڵم کردووە، مەجبوور بووە کوردی بێ تەحەمول ببێتە کاژیك" .

کەسێکی کە هیچ لە کاژیك نـەزانێت و ئەمە بخوێنێتەوە، مـەگەر هەر بە سەیرکردنی سیاق ( کۆنتێکست) بیری بۆ ئەوە بچێت کە دەبێت کاژیك" ئینحرافی‌عەقیدەی کوردی بێ تەحەمول" بێت لە ئاست زوڵمی دوژمندا، ئەوجا ئەو " ئینحیراف"ـە چیە و چۆنە ؟ وشەی " پیس" هیچ نـاخاتە دەستەوە . کاتێك کەسێك لە باسی مارکسیزم، ئیسلام، کاپیتالیزم، فاشیزم، زەردەشتییەت، پۆل پۆت، ترۆتسکی، ئاتاتورك، ئاتێلا ...هەر شت و هەرکەسێکدا هەر بڵێت" پیسە"، من چ لە" پیسە" بگەم ؟ کاتێك باسی" فکر"ێك دەکەوێتە گفتوگۆی نووسەرێك و شاعیر ێکەوە، ئێمە دەمانەوێت دیمەنی ئاسمانی دنیای بیرکردنەوەی ببینین . دەکرێت چوار کەس - بڵێین - فاشیزم یا مارکسیزم یا ئیسلامیان پێ پیس بێت، بـەڵام لە روونکردنەوەدا چوار شتی جیاوازیان لێ ببیسین . ئاسۆی رۆشنبیریی شاعیرێك بە هەڵوێستی یـەك وشەی" پیس"، زۆری دنیای ئەو شاعیرەمان لێ روون ناکاتەوە . پیس و پاك و ئەو شتانە رەنگە زۆرتر بۆ جنێودانی تووڕەیی و شتی وا بن . هێمن چیی لە کـاژیك خـوێندووەتەوە ؟ لەگەڵ کێی کاژیکدا کەوتووەتە قسە و باس ؟ ئەو " پیسە"یەی لەکوێ هێناوە ؟

مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە لە باسی هێمندا دەڵێت : " پیاوێکی بیروباوەڕ لەقلەقۆك بوو، ئـەگەر لای دوو کەسی مارکسی دانیشتبا دەبووە مارکسی، دواتر چووبایە لای دووکەسی موسڵمان، راستەوخۆ دەبووە موسڵمان ... بەکورتی هەردەمە و لەسەر بیروباوەڕێك بوو" . کەواتە، بەگوێرەی ئەوە، دەکرێت هێمن ئەو پیسەیەی کاژیکی لە دوو کەس بیستبێت و، ئیتر لێی بووبێت بەوە! خەتای ئەو دووکەسە بووە کە چوون ئەوەیان لا گوتووە . هەقە کاژیك بەدووی ئەو دووانەدا بگەڕێت، بیاندۆزێتەوە و بە سزای " نەتەوە"یان بگەیەنێت!

ئەمە شتێکی ترم وەبیردەهێنێتەوە: ساڵی- وادەزانم- ۱۹٦٦ بوو کە نەوشیروان و شازاد سایب بە سەرپەرشتیی

تاڵەبانی بڵاوکراوەیەکی" رۆشنبیری"یان ئامادە و چاپ کردبوو، من دیتم باسی" کاژێك"یشی بەمجۆرە تێدا بوو:
" ئەوانە کەسانێکن دەچن حەسیری مزگەوتەکان دەدزن"! ( پێداویستی دامەزراندنی کاژێك بۆ دزینی حەسیری مزگەوت، تێدا روون نەکرابۆوە ... رۆشنبیریی کاك نەوشیروان و جەماوەرەکەی) . ئێستا بە بیرمدا دێت کە ئەگەر هێمن زانیاریی لەبارەی‌کاژێکەوە لەو رۆشنبیرییەی‌کاك نەوشیروانەوە بوایە، دەکرا ئێستا بەمجۆرە بیروڕای خۆی لەبارەی کاژێکەوە بۆ کاك محەمەد ئوزوون و کاك مەحموود باکسی باس بکردایە :

" من کامیلەن موخالیفی دزینی حەسیرم وە مەخسووسەن دزینی حەسیری‌مزگەوت، لە مزگەوتەکانیش حەقەن وە موتلەقەن لە مزگەوتەکانی مەنتیقەی خودموختاریی کوردستانی ئێران، چونکە من وەکو کوردێکی ئێرانی دەزانم چەندە فۆلکلۆرا میللەتا کوردیی خودموختاریی کوردستانا ئیرانا هەر لە کۆبوونەوەی پیرەمێردانی دێهات لەسەر ئەو حەسیرانەی مزگەوتەکان دەپارێزرێت".

تەبیعی، ئەوە ئەگەر ئەوساش هەر بە " پیسە" نەوەستایە و بیویستایە بە " فکر" بیرمان رووناك بکاتەوە .

لێرەدا باسی خزمەتی فۆلکلۆریش دێتە قسەوە . باسێکی ژنیش کە باسێکی زۆر سادە و هەژارانەیە، دێهاتییەکی کە دەیەوێت زاراوەی شارستان بەکاربهێنێت و، هیچ ئاگای لەو شتە نیە کە باسی دەکات .

کوردییەکەی کە هێمن لێرەدا قسەی پێ لەگەڵ ئەو دوو نووسەرە دەکات، جوان نیە . جگە لەوە کە بە هەوڵی گوتنی هێندێك کرمانجیی باکوور شپرزە بووە، زۆر وشەی ناکوردییشی تێدا بەکارهێناون کە هیچ پێویست نەبوون، بەنموونە دەڵێت : لەهجەی من لەگەڵ سنە زۆری تەفاوەت هەیە، ئیحتیاجمان، زەربولمەسەلی‌کوردی، ئیقتیساد مەجبووری کردووە، ئەدەبێکی کامیلەن ژنانەیە، بۆ من جێگەی تەعەجوبە، کوردییەکی ئەسیل ... ئیتریش .

هێمن، شێوەزاری موکریانیی کوردیی زۆر چاك دەزانی و، شاعیرێکی گەورە بوو بەو شێوازە . پەخشانێکی زۆر جوانیشی پێ نووسیوە . من لە کتێبێکمدا بەراوردێکیم لەگەڵ هەژار کردووە و، ئێستاش هەموو وشەیەکی ئەو نووسینەی کتێبەکەم هەر پێ راستە . لەم قسانەشی لەگەڵ ئەو دوو کەسەدا ئەنجامگیریی ئەوە دەکەم کە هێمن : زانیاریی مێژوویی و ئاستی فکری و مەنتیقی نەتەوەیی ئێجگار زۆر هەژار و تەنانەت زۆر پەرپووت بووە، حەقەن خوێندەواریی - تەنانەت- هەژاریشی نەبووە . من نازانم هێمن چەندە فارسیی زانیوە، بەڵام ئەوەندەی من دەیبینم، هێمن، جگە لە" کوردیی موکریان" و " شیعر" و " پەخشان"ی بەو شێوەزارە، شتێکی تری پێ نیە .

ئەوانە - تەبیعی-کەم نەبوون . ئەو بە شیعری زۆر بەرزی و زانینی ئەو کوردییە موکریانییە دەوڵەمەندە و داڕشتنی ئەو پەخشانە جوانە بەو شێوەزارە، سامانی زۆری پێشکەشی کتێبخانەی کورد کردووە، بەڵام - دیسان - بۆ هەر زانیارییەکی تری دەرەوەی ئەوە، من هیچ نابینم هیچی پێ بووبێت .

ئەم وتووێژەی ئەو دوو نووسەرە و هێمن، زۆر بەداخەوە، هەژارییەکی زۆری فەرهەنگی پیشان دەدات، خۆزیا نەدەبوو .

گۆڤاری "هیوا"ی ئەنستیتوی کورد لە پاریس، ژمارە ٨ی هاوینی ١٩٩٢ی بەم باسە دەست پێدەکات: " وتوویژ لەگەڵ مامۆستا هەژار ــ ئەحمەدی شەریفی". باسی دیمانەیەکی هەژارە، کە گۆڤاری " کیهان فرهنگی"ی فارسی لەگەڵ هەژاریدا هەبووە، لە سیپتامبری ١٩٨٨دا بڵاوی کردووەتەوە و، وا کاک ئەحمەد لێرەدا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. پرسیاری پێش دوایینی و وەڵامەکەی بەمجۆرەن:

کەیهانی فەرهەنگی: ئێوە کە سالانی ساڵ لە وڵاتانی عەرەبی و لە ناو کۆمەڵ و کۆڕگەلی وان دا ژیاون، لە شاعیرانی عەرەب لەگەڵ کەسیان شوناسیتان هەیە؟

مامۆستا هەژار: عەرز بکەم، ئەمز لەگەڵ بەرەی لاو و گەنجی ئێستای وڵاتانی عەرەبی ئاشناییەکی ئەوتۆم نیە، بەڵام لە تەك شایەری بناڤدەنگی عەرەب ( محمد مهدی جەواهیری) زۆر دۆست بووم. شاعیرێکی باش بوو، نازانم ماوە یان نا؟ هەروەها ( ئەحمەد سافی نەجەفی)م دەناسی، لەگەڵ ( محەمەد سالح بەحرولعلوم) دا دۆستایەتیم هەبوو. قەسیدەیەکی جوان و رازاوەی هەیە.

دوا پرسیاری سەیرە: لەگەڵ مامۆستا شەوقی، شاعیری مەزنی کورد چۆن بووی؟

کاتێك ئەحمەد شەوقی مردووە، تەمەنی هەژار ١١ساڵ بووە، نە پتر و، لە موکریان بووە.

ئەوجا کە لە هەژاری بیستووە کە نێوانی لەگەڵ ئەو شاعیرانەدا هەبووە، دەبوو زۆر پرسیاری لەبارەی ئەو نێوانە بەبیردا بهاتنایە و بیپرسیبایە: دوا پێوەندیتان کەی و لە کوێ بوو، دوا نامەی نێوانتان ... ئیدی.

ئەو وەڵامەی هەژار لەبارەی نێوانی لەگەڵ ئەو شاعیرە عارەبانەدا بە هیچ جۆرێك راست نیە.

لە بارەی" بحرالعلوم"، نازانم ئەگەر هەژار لەنێوان١٩٤٨و١٩٥٤دا لە شوێنێك دیبێتی، بەڵام بە دڵنیایی هەژار لە ١٩٥٤ بەدوا" بحرالعلوم"ی نە دیتووە و نە بە نامە هیچ نێوانێکی لەگەڵدا هەبووە. ئەوەندەی من بزانم، هەژار ئاگای هەر لە یەك شیعری هەبوو کە ئەویش لە عیراق ئێجگار زۆر بەناوبانگ بوو، شیعری " أين حقي ؟ " (١٩٥٥) کە زۆر کەس لە عیراق - وەکو هەژار- شتێکیان لێ لەبەربوو. شیعرەکە لە ٣٦ یەکە پێكدێت کە هەژار یەکێکیانی لەبەر بوو و، زۆری بە دڵ بوو:

کم فتى في الكوخ أجدى من أمير في القصور قوته اليومي لا يزداد عن قرص صغير

ثلثاه من تراب و البقايا من شعير و بباب الكوخ كلب الشيخ يدعو : أين حقي ؟

( هەژار کە دەیخوێندەوە دەیگوت: و بباب الكوخ كلب الشيخ يعوي : أين حقي ؟)

بۆ باسی " أحمدالصافي النجفي"، هەژار دەیگوت : لە قاوەخانەیەك لە شام دادەنیشت، پیسێکی چڵکن بوو، " هەر لە دوورەوە دەمدیت".

بۆ باسی جەواهیری،هەژار رەنگە هەر ئەو یەك جارەی ساڵی ١٩٧٠ لە سلێمانی لەو مەهرەجانەدا لووتی بووبێت بە لووتی جەواهیرییەوە و، ناچار تۆقەی لەگەڵ کردبێت و، ئەو وێنەیەشی - ئەوەندە بە نابەدڵی- لەگەڵدا گرتبێت . وابووە کە من لەگەڵ هەژار بووم و لە ئاهەنگێکی شوێنێك بووین و لە دوورەوە جەواهیریمان دیتووە و، هێندێك کەس چوون سڵاویان لێکردووە و، وابووە وێنەشیان لەگەڵ گرتووە، بەڵام هەژار و من هیچ مناسەبەیەکمان بۆ ئەوە نەدیتووە کە ئێمەش وا بکەین، بە شەخسی نە دەمانناسیٚ و نە دەیناسین . بۆ باسی ئەو جارەش کە لە سلێمانی ئەو وێنەیەی لەگەڵدا گرتووە، هەژار بەمجۆرەی گێڕایەوە گوتی : " کوڕە خۆ ئەو ... نێوی لەوانەدا نەبوو کە شیعر بخوێننەوە، بەڵام ماڵی چەپڵەم بە قوڕ گرت، کە دیتی خەڵکی دیکە شت دەخوێننەوە و چەپڵەیان بۆ لێدەدریٚ، خۆی پیٚ نەگیرا، هەر وا لە خۆوە چووە پشت میکرۆفۆن و شیعری خوێندەوە" .

من جارێك لە یادی کۆچی دوایی" جەواهیری"دا شتێکم لە فەیسبووکدا نووسی کە بەمجۆرە بوو :

جەواهیری

جەواهیری دەیگوت : ئەگەر نەوەکەشم دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نەبینێت،

ئەمە مانای ئەوەیە عارەب قەومێکی بێئەخلاقە .

بەراوردی گەورەترین شاعیرانی قەومێك و، بڕیاردان کە کامەیان گەورەترینەکەیانە، کارێکی، ئەگەر هەر بکرێت، هاسان نیە . هەموو شارەزایانی ئەدەبیاتی عارەب لەوەدا هاوحوکمن کە " محمد مهدی الجواهري" ی سەدەی بیستەم ( نەجەف ١٨٩٩/٧/٢٦؟ ــ شام ١٩٩٧/٧/٢٧) یەکێك لە گەورەترین شاعیرانی مێژووی عارەبە . هەشن کە - بە بیٚ " یەکێك لە" - هەر بە گەورەترینیانی دادەنێن . من لەوەدا بە تەواوی لەگەڵ دەستەی دووەم هاوبیرم . من لە بەراوردی شیعری جەواهیری بەوەی گەورەترین شاعیرانی هەر شەش قۆناغی ئەدەبیاتی عارەبی هەزارو پێنجسەد ساڵ، دەگەمە ئەو نەتیجەیە کە بە پێوانەی هەر کام لەو قۆناغانەش خۆیان، هەر جەواهیری لە هەموویان بەهێزترە . راستە کە شاعیری شەراب نەبوو و، ماوەیەك گومانم لەوە دەکرد کە جەواهیری توانیبێتی لە شیعری تەڕی فاسقیێشدا لە ئاستی" أبو نؤاس"دا بێت، تا شیعری " عبدة الجبوریه"یم دیت، کە بۆ کیژێکی قەرەچی سەماکەری داناوە، ئیتر گوتم نا، جەواهیری لەوەدا " أبو نؤاس"یشی لەخۆیدا کۆکردووەتەوە " :

أ عبدة يا ٱبنة الطرب ــ و يا معسولة الشنب

و يا معزولة النصفين ــ مبتعد و مقترب ( ..)

و يا مهزوزة الخطوات ــ لم تخطئ و لم تصب

لأنت بداية الدنيا ــ لأنت نهاية الأرب (..)

ئەوە زۆر چاك دەكرا هى ئەبو نؤاس بوايە .

ئەم گەورەترین شاعیرەی زمانی عارەبی، بەرزترین شیعری کە گوتوویە، بە بیری زۆر شیعەی عیراق، ئەو شیعرە-یەتیکە بۆ یادکردنەوەی ئیمام حوسێنی داناوە ( آمنت بالحسين)،کە بە ئاوی زێڕ لەسەر مەرقەدی ئیمامحوسێنیان نووسیوە . شیعرەکە بە بەیتی " گۆڕت پڕ لە رووناکی" دەست پێدەکات :

فداء لمثواك من مضجع ــ تنوّر بالأبلج الأروع

( بە قوربانی ئەو ماڵەت کە جێی پاڵکەوتنتە ــ چۆن بە درەخشانترین تیشکهاویشتنت رووناکبووەتەوە) .

بەڵام من، وەکو هێندێك کەسی تریش، بەرزترین پارچە شیعری پێم ئەوەیە کە بە ناوی " کردستان یا موطن الأبطال" ( کوردستان ئەی نیشتمانی قارەمانان) ـە . کاك " كامل حسن البصير"ی ئەدیبی کوردی خەڵکی سلێمانی، کە عارەبیی زۆر چاك دەزانی و دەنووسی، دەیگوت : " بە بیری من، هەر بەیتێك لە بەیتەکانی ئەو شیعرە، لە رووی زمانەوە، لە ئاستی سوورەتی قورئاندایە" . منیش دەڵێم، هەر لە رووی زمانەوە، جیاوازییەکی نێوان قورئان و شیعری جەواهیری ئەوەیە کە قورئان وەردەگێڕدرێت، وەرگێڕدراوە، بەڵام زۆرترین شیعری جەواهیری وەرناگێڕدرێت . بۆ جەواهیری، مەگەرعارەبی زۆر چاك فێر ببیت، ئەوساش هەر چاو لە زانینی مانای چەند وشەیەك بپۆشیت، چونکە مانایان لە هیچ قاموسێکدا نابینیتەوە . جەواهیری، وشەی زۆری لە زۆر عەشیرەتانی عارەبی هەزارو پێنجسەد ساڵی لە شیعریدا کۆکردووەتەوە و، قاموسێك بۆ ئەوانە هەمووی نیە .

هەرچەندە، جەواهیری کە لە پاریس عاشقی کیژێکی فەرەنسی ( ئانیتا) بووە، شەش مانگ دۆست بوون و، جەواهیری هێندێك شیعری بۆ داناوە،( من سێ لەو شیعرانەی پاریسیم هەن) و دەڵێت کە کەسێك، " باهر فايق" ناوێك، ئەوانەی بۆ ئانیتا وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی .( لە دوو لەو سێ شیعرانەی، ناوی دڵبەری لە یەکەم دێڕدا دەبینین :

إن وجه الدجى " أنيتا" تجلى عن صباح من مقلتيك أطلا

ئەوەکەی تر :

أني وجدت " أنيت " لاح يهزني　　　　طيف لوجهك رائع القسمات

سێیەمەکە بە ناوی " باریس"ـە ( ... تعاليت باريس هل من مزيد ؟ ) .

من لەو وەرگێڕانە گەڕام، بەڵام بۆم وەدەست نەهات . بەڵێ دەکرێت شیعری جەواهیری وەرگێڕدرابن، بـەڵام من - بە بێ ئەوە کە بیشیانبینم - دەڵێم نا، ئەوانە جەواهیری نین، جەواهیری وەرناگێڕدرێت .

بەڵام، دیسان لە باسی باشترین شیعریدا، جەواهیری بۆ شیعری عارەبی، وەکو نالی بۆ شیعری کوردی، مرۆڤ لە گەنجیدا وا وێڵی سەرسووڕمان دەبێت، هەر جارە هەر شیعرێکی تری دەبینێت دەڵێت ئا" ئەمەیان مونتەخەبە".

بەڤوونە،کاتێك ئەو شیعر ەی دەبینم کە بەم دێڕە دەست پێ دەکات :

لم يبق عندي ما يبتزه الألم　　　　حسبي من الموحشات الهم و الهرم

یا ئەوەی بۆ یەمەن، کە لە " پراگ"ی چیکۆسلۆڤاکیاوە رووی تێ کرد ، تێدا دەڵێت :

و ناقل التمر عن جهل إلى هجر　　　　كناقل الشعر موشيا الى اليمن

( کە ئاماژەیە بە نامەیەکی وەڵامی ئیمام عەلی بۆ معاویە ) .

ئەوانە و ئێجگار زۆری تری، ئەو قسەیەی هەژارم لەبارەی شیعرێکی" حەسەنی سەیفولقوزات" وەبیر دەخەنەوە، کە هەژار دەڵێت : " ئەگەر سەیف هەر تەنیا« ساڵی قڕان»ی نووسیبایە و هیچی تر نا ، دەرگای هەر مان و نەمری وەك ئەدیبێکی گـەورەی کورد بە روادا کراوەتەوە و لەلای شاعیرە مەزنەکان پاڵپشتی بۆ دانراوە". جەواهیریش بۆ هەرکام لەو شیعرانەی لە ئەدەبیاتیعارەبیدا ئەو قسەیە دەیگرێتەوە . بە کورتی، ئەگەر بکرێت بڵێین،هەمووی لە هەمووی بەرزترە!

جەواهیری چەند جارێك کاری دەوڵەتیکردووە، هەر لە کاری دەرباری مەلیك فەیسەڵی یەکەمەوە تا بە مامۆستا- یەتیی خوێندگە دەگات، چـەند رۆژنامەی دەرکردوون و، سـەرۆکی سـاندیکای ئـەدیبانی عیراق ( إتحاد الأدباء العراقيين) بووە .

جەواهیری، لە رووی سیاسییەوە، زۆر سـاڵان ئـەندامی حیزبی کـۆمونیست بوو، بـەڵام - زۆر بەداخەوە- بە فەرمانڕەوایانێکی عارەبیشی هەڵگوتووە . تەنیا ئامادە نەبوو بە سەددام حوسێن هەڵبڵێت . جەواهیری کاتێك لە شام بوو، سەددام ناسنامەی دەوڵەتیی عیراقی لێ سـەندەوە . شیعرێکی هـەجو هەیە، دەڵێن گوایا جەواهیری لە وەڵامی ئەوەدا بۆ سەددامی داناوە ( تێدا بە سەددام دەڵێت : سل مضجعيك يا آبن الزنا أ أنت العراقي أم أنا ؟ )، بەڵام منیش وەکو هێندێك کەسی تر گومانی لێ دەکەم هی ئەو بێت .

بەهەرحاڵ، خۆزیاعارەبی پتر ئاوڕیان لەم شیعرەی بۆ کوردستانی دەدایەوە، نەك لە قسەی ئەو جینایەتکارانەی کە خوێنی کوردیان بۆ حەڵاڵ دەکەن . ببینن جەواهیری چۆن باسی کورد و کوردستان دەکات و چۆن بە نازناوەکانی پێغەمبەری ئیسلام لە سەرۆك بارزانی دەدوێت :

بإسم الأمين المصطفى من أمة بحياته عند التخاصم تقسم (..)

جەواهیری لە نامەشیدا بۆ سەرۆك مستەفا بارزانی، یا بۆ کەسانی تر کە باسی سەرۆك بارزانیی تێدا کردووە ( لە ئینتەرنێتدا هەن)، بە هەمان زمان لێی دەدوێت، باسی پیرۆزترینی ئەو سیفەتانەی دەکات کە هی گەورەترین قارەمانانی مێژووی شۆڕشانی مرۆڤایەتین . جەواهیری دەیویست بچێتە زیارەتی گۆڕی سەرۆك مستەفا بارزانی، بەڵام بە نسیبی نەبوو . ئای کە ئەگەر چووبا، دەبوو قەریحەی چ شیعرێکی بەرهەم بهێنایە .

جەواهیری،" كردستان يا موطن الأبطال"ی بە بەکارهێنانی پەندێکی عارەبی دەست پێدەکات، پەندەکە دەڵێت :

" المرء بأصغريه قلبه و لسانه"، واتا : ( قیمەتی) مرۆڤ بە دوو بچووکترین شتییەتی : دڵی و زمانی .

جەواهیری دەڵێت بەوە کە ئەو هەژار و نەدارە، مەگەر هەر دڵی و دەمی پێشکەشی کوردستان بکات :

قلبي لكردستان يُهدى و الفم و لقد يجود بأصغريه المعدم" .

بۆ " دڵ"ی، ئەوە خۆی دەیزانی،کە من هیچگومان لە ئەوپەڕی خۆشەویستیی ڕاستەقینەی بۆ کوردستان ناکەم، بەڵام کە بێتە سەر زمان ... چ زمان ؟ ئەوا هەتا زمانی عارەبی ڕۆژێکی لە دنیادا مابێت، دەبێت شانازی بەو شیعرەوە بکات، کە وەکو ئاڵا لە سەر لوتکەی مێژووی ئەدەبیاتی عارەب دەشەکێتەوە و، نەسل بەدووی نەسل ببیبنێت و ئافەرین لەو زمانەی بکات . دیارییەکی وەها مەگەر هەر جێی سوپاسی کورد بێت .

جەواهیری، من بەو سیفەتەم کە کوردم سوپاست دەکەم .

زۆر وابووە بەیتێك لەم پارچە شیعرەی،لەلایەن خۆپیشاندەران و شەرکەرانی عارەبەوە، وابووە بە دەستکارییەکەوە، بەکارهێنراوە، لەسەر دیواری ژووری زیندانان نووسراوە ... ئیدی .

شیعرەکە بەم بەیتە کۆتایی دێت، کە جەواهیری بەوە دەریدەخات چەند چاك ئاگای لە مێژووی شۆڕشی کوردە، بە گەلی کورد دەڵێت : شعب دعائمه الجماجم و الدم تتحطم الدنيا و لا يتحطم

( گەلێك، کەللەسەر و خوێن کۆڵەکەکانی بن دنیا تێكدەشکێت و ئەو تێكناشکێت) .

جەواهیری، - بە بیری من - زۆر لە جێی خۆیدا، لە هەولێر پەیکەری بۆ دروست کراوە . ڕەوانی شاد .

جاری یەکەم لە ژیانمدا کە وشەی" یەزیدی"یم بیست، تەمەنم ١٠-١١ ساڵ و، لە دێی" تربەسپی" ی نیزیکی قامیشلی ی هەرێمی رۆژئاوای کوردستان بوو . ئەو دێیە هی ماڵی (سێیەم) حاجۆ ئاغای عەشیرەتی هەڤێرکان بوو . عەشیرەتی هەڤێرکان عەشیرەتێکی گەورە بوو و، خەڵکی مسوڵمان و مەسیحی و یەزیدیيان تێدابوون و، هەموو یەکسان و دڵسۆز و پێبەندی سەرانی عەشیرەت بوون . بەڵام لەوانە، هەژار زۆرتر کەیفی بە یەزیدییەکان دەهات . تەنانەت " ئۆسمانێ ئەمینکی" ناوێك کە زۆر دۆستی هەژار بوو، مسوڵمان بوو، بەڵام ببوو بە شیووعی و شانازیی بە باپیرییەوە دەکرد، بۆچی ؟ دەیگوت چونکە باپیری " کوردێ عەسڵ ئێ بـ ڕاست ئێزدی" بووە، بەڵام بابی (هێندێك جنێوی بە بابی خۆی دەدا) ئینتیهازی! بووە و دەستی لە دینی قەومی خۆی بەرداوە و بووە بە " مسوڵمانێ قرێژ" (مسوڵمانی پیس) . هەژار زۆر پێدەکەنی و پێی‌دەگوت : کوڕە مردووت نەمرێ، خۆ مسوڵمان هیچ نەبێ رۆژێ چەند جار دەسنوێژ هەڵدەگرن، ئەوەتا ئەو یەزیدییانە دەبینی بۆگەنیان ماسی قڕ دەکا! بابی تۆ کە یەزیدی بووە قرێژ بووە یان دوای ئەوە کە فێری ئەو هەمووە دەسنوێژهەڵگرتنە بووە ؟

حاجۆ ئاغا، سا بەهۆی کێشەی عەشیرەتییەوە، یا سەرۆکایەتی، یا- وەك چەچان‌ئاغای‌کوڕی ساڵی١٩٧٥بۆی باس‌کردم - هەر بە رێکەوت وا شکاوەتەوە، لە سەردەمی راپەڕینی شێخ سەعیددا دەورێکی نـەبووە، بەڵام دوای ئەوە، چ خۆی و چ ئەولادی، هەمیشە،کوردی زۆر نەتەوەیی بوون و چەندە زیندان و شکەنجە و ناخۆشییان لەو رێگایەدا دیتووە، لە پێشمەرگەیەتی و زۆر شێوەی خزمەت بە شۆڕشی کوردستان و کوردانی لێقەوماوی هەموو بەشەکانی کوردستان قەت درێغییان نـەکردووە، وا لێرەشدا داڵدەی هەژاریان دابوو . حاجۆ ئاغا، رێك دوای شکانی راپەڕینی شێخ سەعید، لە دەوڵەتی تورکیا راپەڕیبوو و، عەشیرەتی ( بە مسوڵمان و مەسیحی و یەزیدی) شەڕی چاکیان کردبوو، بەڵام ئیتر هاتبووە دەوری قامیشلی،کە لە ژێردەستی فەرەنسییەکاندا بوو و،بە رێککەو-تنی مستەفا کەمال لەگەڵ فەرەنسییەکاندا، ئەو راپەڕینەش کۆتایی پێ هێنرا. حاجۆ ئاغا ئەو دێیەی" تربەسپی"-یشی هەر بە یارمەتیی فەرەنسییەکان ئـاوەدان‌کردبۆوە، کە لەم سەردەمەی هەژاری لێ بوو، هـەر پێنج کوڕەکەی ( حەسەن، چەچان، یووسف، محەمەد شەریف، جەمیل) لەوێ مابوون ( " ئاغا و شێخ و دەوڵەت"ی فان بروونەسن باسی هەڤێرکان و حاجۆ و لە کوڕەکانی حاجۆ باسی" جەمیل" دەکات کە دیتوویە و قسەی لەگەڵ‌کردووە . منیش لە وەرگێڕانە کوردییەکەیدا هێندێك پەراوێزی روونکردنەوەم وێ‌خستووە) .

"مەجدینۆ"ی یەزیدی تاقە یەزیدیی دێیەکە بوو کە من پێم‌دەزانی، بەڵام زۆر یەزیدی لە دێهاتی‌تری عەشیرەت

هەبوون و، هێندێکیان تا بهاتنایەتە تربەسپی، زۆرتر وابوو سەریان لە هەژار دەدا . یەکێك لەو شتانەی کە قەت نـاکرێت لەبیرم بچنەوە، قسەی یـەکێك لەو یەزیدییانە بوو، کە هەژار خۆی هەرجارە وەبیری بهاتایەتەوە، ئێجگار زۆر پێدەکەنی و دەیگوت: " من ئەو قسەیەم لە هیچ کوێی دیکەی کـوردستان نـەبیستووە"، یەزیدییەکە باسی ئەوەی دەکرد کە چ شـەرکەرێکی ئـازا بووە و، چۆن کاتی خۆی لە لای دەستەڕاستی حاجۆئاغاوە بووە و چەند عەسکەری تـورکی کوشـتوون و ... لەو قسانە. هەژار پێی‌گوت: تۆ ئـەوەندە ئازا بووی ؟ کابرا کە دیار بوو پرسیارەکەی بە دل نەبوو، گوتی: ئەز ؟ ئەز ترێ کەرێ نێرم! (مەبەست: زۆر توند و تۆڵ و تیژ و جەربەزەم ).

من، لە تربەسپی، هەڤاڵی مسوڵمان و مەسیحی و یـەزیدیم وەکو یـەك هـەبوون . هەر تـەنیا لە مەسیحییەکان هەڤاڵی کیژیشم هەبوون: ڤێرجین و سەمیرەی خوشکی . باوکیان عیادەی ددانسازیی هەبوو و، بەزەییمان پێدا نەدەهاتەوە، کەم شەو هەبوو تەرەقە فڕێنەدەینە عیادەی ئەو بەدبەختەوە . هەر یەکە شەیتانێك بووین بۆخۆمان . بەڵام من ئێستا وا دەڵێم، ئـەوسا ئەو وشەیە بە سەر زمانماندا نـەدەهات، نـەوەکا یەزیدییەك بیبیستایە، چونکە دەمانزانی ئەوان ئەو وشەیە و زۆر وشەی تر و تف کردن و چی و چییان لا حـەرام بوون و، ئێمەش هـەموومان ڕێزمان لە ئاینی هەموومان دەگرت . بێحەیایی و شەڕ و هەرا و بەزممان دەبوون، سەری یـەکترمان بە شەڕەبەرد دەشکاند، بـەڵام قەت بە بیری کەسدا نەدەهات کەمترین بێڕێزی بە هەستی ئاینیی ئەوی تر بکات ــ ناوبەناو بڵاوکەرەوەی مەسیحییەت پەیدادەبوون و، هەژار زۆر زیرەکانە لە هەرچی‌کتێبی هەیانبوایە (هێندێك بە کوردیی باکوور بوون) نوسخەی خۆی لێ دەستاندن بە بێ ئەوە قرشێکیان بداتێ، خەڵکی تر بە پارە لێیاندەکڕین . من ئەوەم لە نووسینێکی تریشمدا باس کردووە کە چۆن" شێخۆی نادۆ"ی کۆمیدیایی زۆر گەورە ( بە ئەسڵ خەڵکی هیندستان)، لەکاتێکدا کە ئەو حەشرەی بە شێخی مسوڵمانان و کەشەی مەسیحییەکان دەکرد ( ئای کە دەردی دەدانێ)، ئـەگەر لە گەرمەی کۆمیدیایدا، کە ئەو خەڵکەی وا وە پێکەنین دەخست، بیویستایە تف بکات، بنی تاکە پێڵاوێکی بەتـەواوی بە دەمی خـۆیەوە دەنا، هەر وەکو بیەوێت ماچی بکات، یا وەك دەمی بە پێڵاوەکە بسڕێتەوە، بەوجۆرە تفەکەی بە ئەسپایی دەکرد ،کە لەبەرخاتری هەستی یەزیدییەکان بوو وای دەکرد، دەیانگوت کە تفی بەوجۆرەیان قەبووڵ بوو .

یەزیدی چەند چینن، وەکو تایفەکانی هیندستانی کە نـابێت تێکەڵی چینی یەکتر بن، لە چەند ڕووەوە حەرامە تێکەڵیی یەکتر بکەن . زۆر قانوونی سەیروسەمەرەیان هەن، تەنیا ماڵی میر لە سەرووی هەر قانوونێکە و،هەرچی دڵی میر لە لەحزەیەکدا بیەوێت، ئەوا ئارەزووی دڵی میر لە سـەرووی گـەردوونەوەیە ... خـواردن و خـواردنەوە و

کردن و ...ئیتر هەرچی بیەوێت، شەرعی و حەڵاڵە. چینی هەرە خوار بریتیە لە" میللەت"، کە کۆیلەی چینەکانی سەرووی خۆیەتی و - بە تەبیعەتی حاڵ- سەرچاوەی یەکەمی" کاش" ( پارە)یە بۆ ئاغاکانی :

پەیکەرێکی مەعدەنی تـاوسـیان هەیە، کـاهین بە " میللەت"یدا دەگێرن . پـەیکەر، شێرەی هەیە، وەکو ئـەوەی بۆریی ئاوی ئاسایی بادەدرێت . کاهین دێتە ماڵی میللەت و پەیکەر لە بەردەم میللەت دادەنێت و، لە بەرچاوی میللەت، بە دەستی خۆی شێرەکە بەلایەکدا دەسووڕێنێت و دەڵێت : تاوس لێت رازی نیە، ئەمـ دەبینیت رووی لێ وەرگێڕاویت، رازیی بکە . میللەت پارەیەك دادەنێت . بەڵام تاوس دیسان رازی نیە . دەی پارەی تر دابنێ، قەرز بکە، هەرچی دەکەی بکە، گرنگ ئەوەیە تاوس لێت رازی بێت ... تا کاهین دەزانێت کە میللەت ئیتر پسـا! و پتری پێ نادرێت . ئەوجا بە هەمان شێوە، لەبەرچاوی خۆی شێرەکەی بۆ بادەدات و، دەڵێت : تەواو، ئەها رووی تێکردیت، لێت رازی بوو، پیرۆز بێت . پارەکە دەخاتە گیرفانیخۆیەوە و بۆ میر دەچێت (لەو رێیەدا چەندەی چیی لێ دێت و چەندەی بە میر دەگات، ئەوەیان نازانم) . نازانم کە میری یەزیدی هەموو ساڵێك هاتووەتە ئەڵمانیا و کاهینانی هەر جارە بە دەیان یا سەدان هەزار مارکیان لە کرێکارانی یەزیدی بۆ کۆکردووەتەوە، بە هـەمان شـێوە بووە یان شێوەی تری بۆ دۆزیونەوە ( میر سەرچاوەی هەموو قانوون و شەریعەتێکە و لە هەر لەحزەیەکدا هەرچی بە بیریدا بێت موقەددەسە) .

هەژار، کە ساڵێك لە سۆڤیەت بوو و، لەوێ سەری لە مەڵبەندی کوردەکان دابوو، کە کوردی زۆر نـەتـەوەیی و یەزیدین، ئەو جیاوازییە ئاینییەشیان هەر بە " کوردی نـەتـەوەیی بوون"ی خۆیان لە بەرانبەر قەومە مسوڵمان و مەسیحییەکانی سۆڤیەت دادەنا ، شانازییان بە " ئاینە نـەتـەوەییەکەیان" دەکرد (ئێستاش هەر وان و لە دوای میرانی خۆیان، زۆرتریان ماڵی بارزانی بە پیرۆز دادەنێن) . بە هەژاریان گوتبوو بەڵکو لە مۆسکۆ واسیتەیان بۆ بکات تاکو سۆڤیەت رێگا بدات میر تاوسیان بۆ بنێرێت و پارەی بدەنێ! هەژار دەیگوت پێمگوتن : جا تـاوس چۆن بە روبل رازی دەبێ ؟ نـەخێر، ئەو فێری پارەی دیکەیە و روبل قەبووڵ ناکا . هەژار بە قاقای پێکـەنینەوە دەیگوت : کوڕە ستالین بەوانە نـەوێراوە، چەند نـەسل لە مەدرەسەی سـۆڤیەتی کـۆمونیستانیان خوێندووە و، ئەوە کۆمونیستبوونەکەیانە دەیانەوێ پارە بدەن بە تاوسی میر تا لێیان رازی بێ . لە کوردستانیـش، یەزیدی هەبوون بە هەژاریان دەگوت : ئەرێ چۆن تاوس بگەیەنینە ئەو کوردانەی سۆڤیەت تاکو رازیی بکەن ؟

من هەرتك میری یەزیدی، تەحسین بەگ و معاویەم بە شەخسی بەوجۆرە دیتن کە لە کتێبی" رژێمی رەواندزی سەردەمی پاشای کۆرە"مدا باسمکردووە، لە پەراوێزی داوێنی لاپەرە ٦٩-٧٠دا نووسیومە :

من هاوینی ۱۹۷٤ له دەوروبەری حاجی ئۆمەران، جارێك تەحسین بەگی میری یەزیدیم دیت و، جگەلەوە دوو جاریش معاویەی برایم دیت . جارێکیان ۱۹۷٤ لای حەمەیعەزیز( حەمەی عەزەدۆم) لە ناوپردان و، جارەکەی تر هاوینی۱۹۷٥ لە ماڵی دکتۆر حوزنی(ی یووسف ئاغای حاجۆ) لە سەردەشت . میر تەحسین بەگ (..) کە ئەوجارە دیتم، لە ئۆتۆمبیلێکی کادیلاکی گراندا بوو . لەگەڵ خانمێکی زۆر شیکی نیوە رووتدا لەدواوە دانیشتبوون و، لە پێشەوەش هەر شۆفێرەکە تەنیا بوو . خانمەکە لە تارانییی دەکرد، هەردوو مەمکی بە تەواوی لە روبعەکراسەکەی دەرخستبوون، دیاربوو گەرمایان بوو، ئۆتومبیل زوو- زوو لە رێگا دەوەستا و، تەحسین دەستی لە پەنجەرەوە بۆ تابیعانی یەزیدیی دەردەخست تا ماچی بکەن، دیار بوو خانمەکە بەوە زۆر وەڕەز بوو و هەر ئوف - ئوفی بوو!

معاویە، کە لای حەمەی عەزیز بوو، کوڕەکەشی لەگەڵ بوو، ناوی " فیرعەون" بوو (..) . جاری دووەم کە بە سەردان هاتە ماڵی دکتۆر حوزنی، دەوری سەعاتێك مایەوە و، تەواوی ئەو سەعاتەی بۆ هێرش بردنە سەر حەمەی عەزیز تەرخان کرد و زۆر درۆ و فەروفیشاڵ و قسەی قۆڕی کردن و، یەکجار زۆری وە پێکەنین خستین .

نەتەوەکان، بە رادەی یەکەم بەرهەمی جوگرافیان، ئەوجا هێزی دەرەوەی کە خۆی بەسەر جوگرافیای قەومەکاندا دەسەپێنێت . کورد بەرهەمی زاگرۆسە، عونسوری سەرەکی و داڕێژەری رەنگی نەتەوەیەکە کە دەبێت بە ناوی کوردستان بێتە سەر شانۆی نەتەوەکان : نەتەوەی - ئەگەر ئێستا بێت - ژمارە ۱۹٤ی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووە- کان . بەڵام هەمان عونسوری جوگرافیا و هەمان هێزی دەرەوە، لە کوردستانیش، وەکو زۆرترینی ئەم دنیایە، پەرەسەندنی جیاوازی لە مەڵبەندە جیاوازەکانی پێکهێناوە . خەڵکی هەورامان بەفوونە، لە سەردەمی پیاوێکی کوێرەمووشدا کە ناوی" گوشایش" (۱۳۸۸-۱٤٦۸) بووە، بۆ جاری یەکەم بیستوویانە کتێبێك هەیە پێیدەڵێن " قورئان"، کە ئەو پیاوە هێناویەتە هەورامان و بە خەڵکەکەی ناساندووە؛ ئیتر وردەکارییەکانمان بەدەستەوە نین تا بزانین ئەو کوردە هەورامییانە چۆن و چەندە لە قورئانی عارەبیگەیشتوون و، بۆ ئەم وازیان لە دینی خۆیان هێناوە، یا ئەوانیش وەکو زەردەشتییەکانی سەرەتای ئیسلام هێندە بەدەست جەوری کاهینەکانیانەوە چەوسابنەوە کە خوا- خوایان بووبێت هەر شتێکی نوێ بێت و رزگاریان بێت لە کۆنەکە . بەڵام دەزانین- کەواتە- تا دەوری دوو سەدە دوای سەلاحەدینی ئەیووبی ( ۱۱۳۸- ۱۱۹۳)، کوردی هەورامان هیچ فریان بەسەر ئیسلامەوە نەبووە .

نووسەرێکی خەڵکی تەوێڵە ( کاك محەمەد بەهائەدین) قسەیەك لەو رووەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێت کە کەسێك لە مەڵبەندەکەیان لە پیرەمێردێکی پرسیوە :

ئەرێ مامە، قرۆنی ( قورئان) قەدیما ( قەدیمە، کۆنترە) یان ماریفەتو پیر شالیاری ؟

پیرەمێردەکە گوتوویە :

ماریفەتو پیر شالیاری قەدیما، قرۆنی هیزیگە( دوێنێ) گوشایشە کوڕی( گوشایشە کوێر) ئاوردەنش .
تۆ بیر لە مەودای نێوان شارەزوور و تەوێڵە بکەرەوە، هەمووی چەند کیلۆمیترە ؟ ئەوانەی تەوێڵە چەندین سەدە ئــاگاداری" قورئان"ی دینی ئەوانەی شارەزوور نەبوون تا گوشایش پەیدابووە . یەزیدیی شنگال و مسوڵمان و مەسیحیی زاخۆ و بعشیقەی زۆر لە یەکتر نیزیکتریش لە کوردستان چەندە ئاگایان لە کتێب و حەقیقەتی دینی یــەکتر بووە ؟ جا بۆ چی ئەوانە ؟ هەر من خۆم ئــەگەر بە منداڵی لە دێی ماڵی حاجۆ ئاغا نەژیابام، نازانم ئێستا یەزیدییەکانم چۆن بەبیردا دەهاتن .

هەژار دەیگوت هــەرتك کتێبی ئاینیی یەزیدیی دیتوون ( مسحەفێ رەش و جیلوە)، چونکە یەزیدی هەبوون کە هەژاریان زۆر خۆشدەویست و بە یەکێك لە خۆیان دادەنا و زۆر شتیان لێ نەدەشاردەوە،هەژار وابوو، دەیتوانی باش لەگەڵ چەند دەوروبەری زۆر جیاوازدا رێکبکەوتایە و لایەهەموان ئێجگار زۆر خۆشەویست بوایە، ئەو دوو کتێبەشیان پیشان دابوو . هەژار دەیگوت : هــەرتك کتێب بریتین لە ئــەدەبیاتی شیعەگەریی ئیسلام و هەمووی شەتەحاتی شیعەگەریی " شێخ عەدی" ــن ( عدي مسافر ١٠٧٥-١١٦٢) . دەیگوت : لە شنگال شانۆی زۆر لە باسەکانی قورئانم دیتن : چوومە سەر" پردی سیراتی موستەقیم"، چوومە شوێنێك کوتیان لێرە دەبێت پێڵاوت دە پێدا نــەبێت چونکە " لە قورئاندا هەیە کە مووســا دەبوو بۆ نیزیکبوونەوە لە گڕی خودا، پێڵاوی لە پێدا نــەبێت، خودا ( بە عارەبی) هاواری لێ کرد : " مووسا ئیخلەع حیزا" ( إخلع حذاء) ... هەمان وشەی " الله" و " جبریل" و ... زۆری تریان لا هەیە .

چیای شنگال ( شنگال لە نــەخشەی جەنەڕاڵەکانی ئیمپراتۆریی رۆمانیدا نووسراوە SENGARA سەنگــارا، سەنگارا)، تــەبیعەتی وەهایە، هــەر دەستەیەك تێدا خۆ حەشار بدات و ســەقامگیر بێت، دەکرێت مــەزهەبێکی هاوردە بە شــێوەیەکی جیاوازی خۆی تێدا پــەرە پێ بدات، بە رادەیەك کە ســەرەتاکەی لە بنەتاکەیدا ون ببێت . خــەڵکی ئەو چیایە هەر ئــاینێکی تریشــیان لە دەرەوەوە بهێنایە ( مەســیحی، زەردەشــتی ... هەرچی)، بە ئا ئــەو دابڕانەیان لە دنیای دەرەوەیان، مەگەر هەر هەمان کاریان لەگەڵدا بکردایە، ئەوەندەیان بگۆڕیبایە کە بە زەحمەت ئەسڵەکەی بناسرایەتەوە .

شتێکی گرنگی کە حاڵەتی عەشیرەتی کــوردی داسنیی شنگال لەوەی کوردی بارزان و هەورامان جیادەکاتەوە

ئەوەیە کە شنگال لەسەر لێواری سنووری نەتەوایەتیی کوردە، وەکو بارزان و هەورامان لە ناو باوەشی قەڵەمڕەویی قەومەکەیدا نیە . شنگال، بەتایبەتی عەشیرەتانی عارەب هاوسێیین و، تێکەڵاوی و جۆرە بەرژەوەندی لێرەدا لە ئارادا بوون، کە ڕێگای پەرەسەندنی کوردی شنگالی ئاڵۆزتر کردووە . ئەوەیە- بەفونە - دەبینین بارزانی و هەورامی عەگاڵیان نەکردووەتە سەر، بەڵام بەشێك لە یەزیدییەکان و کوردی تریش کردوویانە . من خۆم چەند کوردی نەتەوەیی ناوداری جزیرەم دیتوون کە عەگاڵ بەسەر بوون! ئەوە ئیتر بووە بە شتێکی فەرهەنگی، لە بەشانێکی باکووریش کورد هەبوون کە ڕژێمی ئاتاتورك لەسەر عەگاڵ کردنە سەر گرتوونی و سزای داون . تەحسین بەگی یەزیدی کە لە خزمەت دیوەخانی سەرۆك مستەفا بارزانیدا بوو، زۆر وادەبوو عەگاڵی بەسەرەوە بوو، بەڵام واش- دەبوو دەیگۆڕی، ئێستا لە ئەڵمانیا بەرگی ئەورووپایی دەکاتە بەر .

هەژار زۆر وابووە کە پرسیاری یەزیدییەکانی لێ کراوە، بە پێکەنینەوە گوتوویە : کوڕە لەوانە بۆگەنتر لە دنیادا نیە و، چیرۆکی وەك ئەمەی گێڕاوەتەوە :

قەووالێکی یەزیدی بە یەکی دیکە دەڵێ : لەکەیەوە خۆت نەشوشتووە (نەشۆریوە) ؟

ــ جارێك پێش حەوت ساڵ دەستم شوشت!

ــ خودێ تو بووی ئۆردەکێ ئاڤێ! ( دە وەڵڵا تۆ بووی بە مراویی ئاو ) .

هەرچەندە من ئێستا لە تەلەفزیۆنەوە، پیاوانی ئاینیی یەزیدیی پاك و خاوێن بە جلوبەرگی سپییەوە دەبینم، بەڵام ئەو قسانەی هەژاریش لەبارەی پیاوانی ئاینیی یەزیدیی جزیرەوە ڕاستن . منیش دیتوومن، تا کەسێکیان ئاینیتر بوایە، دەبوو پیستر بوایە، قەت دەست بۆ تاشینی سەر و ریش و سمێڵی نەبات و نینۆکی نەکات و بە هیچ جۆرێك خۆی نەشوات، بە ساڵ یا ساڵان تخوونی ئاو نەکەوێت . خۆشبەختانە، لە دوای جزیرەوە، من ئیتر یەزیدیی وەها پیسم نەدیتوون، خەزال خانم و دکتۆری هاوسەری لە ئەڵمانیا بەفوونە، هەڤاڵی خەباتم بوون و، لە باشوور و لە بەغداش یەزیدیم ناسیون و هیچ ئەو شتە سەیرانەیان نەبوون . ئەو قسانەی هەژار ڕەنگە هەر چەند یەزیدییەکی کەمی شوێنێك بگرێتەوە، لەو شوێنەش هەر هی ئەو سەردەمەی بێت کە هەژار باسی کردووە، نە پتر، بەڵام ئیدی هەژار شێتوشەیدای نوکتەی سەیری پێکەنین بوو و، هەر کە دەیانگوت یەزیدی، ئەو بە قاقای پێکەنینەوە ئەوانەی دەگێڕایەوە .

ئێستا هاتمەوە ماڵ و فەیسبووکم کردەوە، دەبینم دەنگوباسی" هێلانە بەجێهێشتن"ی - ئەمجارەیان- یەکجاریی " مەل" ێکی خۆشخوانی موکریان، هێدی، هەموو دەنگوباسێکی تری داپۆشیوە . لەبەرخۆمەوە بەدەنگ لە خۆم پرسی : ئەرێ بەڕاست جاری یەکەم کە من ئەو شاعیرەی نەتەوەکەمانم دیت چ ساڵێك بوو ؟ ١٩٦٦ یا ١٩٦٨؟ ئێستا نایەتەوە یادم، زۆر نەبوو هاتبووە ریزی شۆڕش و،لەگەڵ هەژاردا پێکەوە بوون، بەڵام لە چ تاریخێکدا هاتە شۆڕش ؟ ئەویشم لە یاد نیە و، لە هیچ کوێشدا نایبینمەوە .

یەکەمجار، هاوینێك بوو، کە لە ماڵی هەژار لە گەلاڵە دیتم . هەژار ماڵ و منداڵی بۆ هاوین هاتبوونە لای و، وا ئێستا"هێدی"یش ( کە ئەوسا هێدی نەبوو،هەر خالید ئاغا بوو) بە سەردان هاتبووە لایان و، هەموو لە کۆخێکی هاوینانەی ماڵی هەژاردا پێدەکەنین . هەموومان، هەر هەموو، دەنگی پێکەنینمان رێی رۆژێك دەڕۆیشت و، هەمووما دەستمان بە زگمانەوە نابوو، کە لە پێکەنینان زگمان دەئێشا . هەژار و هێدی بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە و ئەوەی دەیانگوت نەیاندەگوتەوە .

لەو کاتەدا پیرەمێردێکی کووڕی هاودەمی حەزرەتی نووح دەرکەوت، بە بەردەمی کۆخەکەدا دەڕۆیشت، خالید ئاغا بانگی لێ کرد : مام حاجی دە فەرموو، فەرموو، فەرموو و لەگەڵ هەر فەرموویەکدا قامکی ئیشارەتی لە ملی خۆی رادەکرد! مام حاجی فەرمووی نەکرد، بەڵام دوای ونبوونیشی، خالید ئاغا هەر بەو شێوەیە فەرموو - فەرمووی بوو و لەگەڵیدا پێدەکەنی . گوتم : خالید ئاغا ئەوە قامکت بۆ وا لێدەکەی ؟ دەمی هێنایە بەر گوێم و گوتی : دوایە پێتدەڵێم . لە هەلێکدا دواتر کە ژنی هەژار لەوێ نەبوو، ئەو زمانەی ئیشارەتی بۆ روون کردمەوە، گوتی : ئەوە زمانی منداڵییمانە، یانی : هەی لە ملی بابت بەم! ئێ جا بۆچی وا ؟ گوتی : ئەمن زۆر رقم لەو حاجییە سەگبابەیە، بۆیێ .

هەر ئەوجارە و زۆر جاریدیکەش،کە بە رێگایەکدا دەڕۆیشتین و، هەر خانمێکی غەریب لە گۆشەیەکەوە سەری دەربکەوتایە، خالید ئاغا لەبەرخۆیەوە دەیگوت : ئاخ ئێستا دوو رکاعەت نوێژی لەسەر بکەی! کە دەمگوت : خۆ تۆ جارێ بە حاڵ دیتووتە، یا هەر بەتەواوی نازانی شکڵی چۆنە . دەیگوت : جا ئەمن چم لە شکڵی داوە، خۆ عەکسی ناگرم، ئەمن دەمەوێ نوێژ و تاعەتی خۆم بکەم، شکڵی چ دەبێ با ببێ .

چەند رۆژێك دوای ئەو یەکەم دیتنەی لەو کۆخەدا، ئەوجا هەژار پێیگوتم کە خالید ئاغا شاعیرە، شاعیرێکی چاکە . ئەوجا بە خالیدئاغام گوت بەڵکو شیعری ببینم، دەفتەرێکی شیعرەکانی دامێ . شیعرەکانی سەرسامیان

کردم، هێندەم پێ جوان و بەرز بوون و، پێم سەیر بوو کە چۆن ئەویش وەکو هەژار و هێمن بەناوبانگ نەبوو .

موکریانییەکەیم هێندە پێ سیحراوی بوو، بەغوونە : وشەی " سویّ" لەجیاتی " ئاسۆ" :

وەرە سەر دەرکە وەکو مانگ لە سویّ گوڵەکەم تاویّ دەگەڵ من بدویّ

یا هێندێك شتی تری کە دەستبەجێ هەموو حەواسیان داگیرکردم :

ئاسك سڵە نەك هێندی تۆ نەشمیل و رەزا سووك گوڵ پێدەکەنێ نەك وەکو تۆ وا بە حەیاوە

یا : تا گوارە لە گوێت دێتە لەرین دێتەوە بیرم هەر لاویّ کە لەم خاکە لە سێدارە دراوە

دەستبەجێ کەوتمە نووسینەوەی هەمووی، هەر هەموویم نووسییەوە و لەگەڵ خۆمدا بردمەوە بەغدا . لەبەرخۆمەوە هەر دەمگوتنەوە . کە ئەوسا " شێرکۆ بێکەس" هەڤاڵم بوو، هێندێکم بۆ ئەویش خوێندەوە، بەڵام ئەو لیچێکی خوار کردەوە و گوتی : ئەمانە زۆر کۆنن!

من تا بچووبامە باڵەکایەتی، دەچوومە خزمەت هێدی و، ئەویش جارێك هاتە بەغدا ( ئەوسا بۆ هەر شوێنێك چووبا، عەودالّی دۆزینەوەی هاوسەرێك بوو ... دیارە بە زاراوەسازیی خۆی لەبارەی تاعەتی خوداوە!) . لە بەغدا چەند شەوێك بۆ گەڕان پێکەوە دەرچووین (بردمە ئەبو نەواس و سەعدوون و ئەو ناوە) . لە هوتێلێك دەمایەوە، وادەزانم ناوی" بێخاڵ" بوو و، زۆر بەوە تووڕە دەبوو کەسێك لە سەر تەختی خەوەکەی دابنیشتایە، ئەێ ژوورێکی بچووك و یەك یا دوو کورسیی تێدا بوو و، وا دەبوو میوان لە یەك یا دوو پتر بوون، بەڵام ئیدی دەبوو بە پێوە بوەستن نەك لەسەر جێگاکەی دانیشن تا تووڕەی نەکەن .

هێدی بەتەواوی ببوو بە بەشێك لە دەستەی هەڤاڵانی ماڵی بارزانی . لەگەڵ ئەحمەد تەوفیق یا مەلا رەشیدیشدا، هەرچەندە وەکو ئەوان نەتەوەیی بوو، بەڵام نێوانێکی زۆری نەبوو . بە دکتۆر قاسملو و هەڤاڵانی هەر دەگوت : شیوعیەکان! و بە هیچ جۆرێك هیچ نێوانێکیان نەبوو .

من دواجار هاوینی ١٩٧٩ لە کەرەج دیتم . دوای ئەوەش جارێك لە هۆڵەنداوە نامەیەکم بۆ نارد و، وەڵامێکی جوانیم بۆ هاتەوە، ئیدی چیتر ئاگامان لە یەکتر نەما .

کاتێك دواتر پێشەکیی" کاروانی خەیاڵ"یم دیت،کە باسی ژیانی خۆی تێدا دەکات، دیتم بە هیچ جۆرێك ناوی هەژاری تێدا نەبوو، هەر وەك قەت هەژاری نەناسیبێت و هەر ناویشی نەبیستبێت، بەراستی پێم شتێکی ئێجگار زۆر سەیروسەمەرە بوو . ئاخر ئەو هەمووە ساڵانە پێکەوە پێکەنین و گۆرانیگوتن و پێکەوە سینی لێدان (لەجیاتی دەف) بە گۆرانیی قۆریاتی کەرکووکەوە ... ئاخر ئەی هاوار، ئەوە چۆن هەمووی سڕدرایەوە ؟ کە نێوانی

دوو شـاعیر تێكچوو، شوكری خودا بكە كە بـۆمبی ئاتۆمیان نیە، دەنا ئێستا هیچمان نـەمابووین، نـە من ئەمە بنووسم و نـە كەس بیخوێنێتەوە .

هێدی، شاعیری شیعری رۆمانتیك و حەماسەی نـەتـەوەیی، دڵسۆزی ماڵی بـارزانی و شۆڕشی بە رابەرییان، موكریانی‌زانێكی گەورە، قسەخۆشێكی زۆر قسەخۆش و، ئەگەر تووڕەش بووبا، ئێجگار زۆر تووڕە . یەكێك لە شۆڕەسوارانی مێژووی ئەدەبیاتی كورد

رەوانت شاد .

٢٠١٦/١٠/٢٧

هێدی ی شاعیری قسەخۆش، بلیمەتێكی شیعری گاڵتە بوو، حەیف كە شیعری گاڵتەی زۆر كەمن، خۆزیا پتری دەگوت . نازانم ئەم دێڕەی لە شیعرێكی ( گاڵتەی جێژن :" غەزەلی عیشقی") بۆچی لە دیوانەكەی سانسۆركردووە:

خەڵكی قەیتانی لە كەوشایە منیش پێڵاو شڕ

هێندە بەستوومە بە بەن كەوشە لە قەیتانمدا

من ١٢ دێڕی شیعرێكیم لە بەرگی سێیەمی " هەژاری مرۆڤ ..."دا بڵاوكردەوە (كە هێدی بڵاوی نەكردوونەوە)، بەڵام - بەداخەوە- لەوێدا دێڕێكم لەبیرچووبوو :

كاك هەژار ئەمنی بەجێ‌هێشت چۆتە لای غالب، ئەویش

وا دیارە حەز لە سەیری بەرخی بەر مانگا دەكا

وادەبێت پێویست دەبێت بەرخێك بەر گوانی مانگا دەدرێت، بەرخ شیری مانگای پێ ناكەوێت و ئیدی دوای ئەوە هەر لەتر دەبات، خەپۆل و گێژ و وێژ هەر بەمەلا و ئەولادا دێت! وادیارە هێدی " غالب"ی زۆر پێ زیت و زیندوو نەبووە . لە پێشەكیی" كاروانی خەیاڵ"ـەكەشیدا باسی دەكات كە غالب ئاگری كردووەتەوە و تووشی بۆردومانی فڕۆكەی كردوون . كاك غالب لە كوردستانی باشوور لەگەڵ پێشمەرگە بوو و لەوێوە چووە سوێد .

سەرۆك مستەفا بارزانی، زۆر وادەبوو زۆر لە شاندی حکومەتی بەغدا تووڕە دەبوو . عارەبیی کتێبی دەزانی و، بە جۆرێك عارەبیی قسەدەکرد کە تووڕەبوونەکەی زۆر خۆشتر دەکرد، بەفوونە پێی‌دەگوتن : " هەی کەززابوون" . جارێکیان، کە زۆر لە شاندێکی وا تووڕە بوو، هەستا بڕوات، دەستی لە شاندەکە راوەشاند و گوتی : " وەڵڵاهی گۆڕی محەمەدعەلی‌کوردیتان پێ دەبینمەوە" .

محەمەدعەلی کوردی، ئەدیبێکی کورد بوو، من جارێك لە دووکانی بەشیر مشیر دیتم، لەگەڵ هەژاردا زۆر بە گەرمی باسی شیعریان دەکرد . محەمەد عەلی کوردی، وەسیەتی کردبوو لە حەمرین بنێژرێت . ئیتر کە کۆچی دوایی کرد، لە حەمرین نێژرا. شەوێك، لە گۆڕ دەرهێنرابوو و ماوەیەك بێ سەروشوێن بوو . کورد وەدووی کەوتن و، دەرکەوت کە پیاوەکانی حکومەتی‌بەغدا ئەو کارەیان کردبوو و بردبوویان لە شوێنێکی تریان ناشتبوو . کورد، شوێنەکەیان دیتەوە،هێنایانەوە و دیسان لە حەمرینیان ناشتەوە . حکومەت دیسان دزییەوە و، بردی لە شوێنێکی تری ناشت . کورد دیسان دیتیانەوە و هێنایانەوە حەمرین . حکومەت بۆ جاری سێیەم دزییەوە و ئیتر کورد بۆی نەدۆزرایەوە . ئەوەبوو سەرۆك بارزانی پێی‌گوتن : وەڵڵاهی گۆڕی محەمەدعەلی‌کوردیتان پێ دەبینمەوە" .

محەمەد عەلی کوردی

گۆڕت لە هەرکوێیەك هەیە، پڕ لە رووناکی و گوڵاو .

Jh Hedi

**هەژار : مەخابن**

ئەو شێعرەی "هەژار" دوو جار دە دوالاپەڕەکانی "هەژارانە"دا، کە ویژەنامەیەکی گۆڤاری "اصحاب انقلاب" بووە، چاپ کراوە (لاپەڕەکانی ٣٤ و ٣٥، جارێک لە سەر زەمینەی ڕەش و جارێک لە سەر زەمینەی سپی).

گۆڤاری"اصحاب انقلاب"م نەدیوە، بەڵام کۆپییەکی ویژەنامەکەم وەدەست کەوتووە. دەو ویژەنامەیەدا لە سەر شێعرەکە نەنووسراوە ئی کێیە و بۆ کێ کوتراوە، بەڵام دە سەروتاری ئەو وێژەنامەیەدا، کە سەرنووسەری"اصحاب انقلاب" لە ژێر سەردێڕی "از "بەرەو پیر" تا "مەخابن" نووسیویە، دە بەندێکدا ئاماژە بەو شێعرە کراوە و دەردەکەوێ بۆ کێ کوتراوە: "کلمات آغازین کتاب حیات استاد شرفکندی درسالهایی که "برهان" به تازگی شیخ و عارف بیارەاش را از دست داده بود و عبارات پایانی آن در سالهایی که "ایران" هنوز سیاهپوش آقایش بود و مستان در سوگ گلعذارشان نشسته بودند، نوشته شد... و هەژار " بەرەو پیر" و "مەخابن" را برای آن دو پیر سرود."- لاپەڕە ٣، هەژارانە، ویژەنامەی "اصحاب انقلاب"-

ئەوەش شێعرەکە:

## مەخابن

**هەژار**

دەسا دیدە بە گوڕ ئەسرین ببارە
لە گریانێ بەدەر نیتە چ چارە
ئەوا دڵ ئاگری کەوتە هەناوان
کە ئەمڕۆ دڵ یەکە و دەردی هەزارە
مەخابن ئەی مەخابن ئەی مەخابن
هەزاران یاری دیم بن وەک تۆ نابن
گوڵێ دڵ خۆش بکا نادا دیاری
دڵێ تۆی لا نەبێ چۆن دەکرێ چاری
لە پاش باڵات بە چی بێنم سەبووری
بەشم هەر ئاخ و داخە و لێوبەباری
مەخابن ئەی مەخابن ئەی مەخابن
هەزاران یاری دیم بن وەک تۆ نابن
مەڵێ ڕۆحی خودا لاچوو لە لامان
ڕۆحە و دەرچوو لە لاشی دڵ بە زامان
شەپۆڕیانە ئەوانەی ئاشقی تۆن
هەموو دڵدارەکانت بێ پەنا مان.

---

سەرچاوە: هەژارانە، ویژەنامەی گۆڤاری "اصحاب انقلاب": یادمان استاد عبدالرحمن شرفکندی، چاپ دوم، بهار ١٣٧٠



Nasser Sina
ئەوە وەرگێڕانێکی سەرپێی هەژارە لە هۆنراوەیەکی حمید سبزواری کە بە دەنگی

"محمد گلریز" وەک سروودی شینگێڕی بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی لە ڕادیۆکانی ئێران

بڵاو دەبۆوە. ئەوەش ئەسڵی شیعرەکە:

ببار از دیده، دامن دامن ای اشک
که غم زد آتشم در خرمن ای اشک

که بر این آتشم آبی فشانم
چو خشکیدی تو در چشم من ای اشک

دریغا ای دریغا ای دریغا
خدایی سایه ای رفت از سَرِ ما

به چه عشق تو را سودا کند دل
که همتای تو را پیدا کند دل

گلی با رنگ و بوی تو نبیند
اگر صد چشم خود را وا کند دل

دریغا ای دریغا ای دریغا
خدایی سایه ای رفت از سر ما

مگو روح خدا رفت از بَرِ ما
که جان دامن کشید از پیکر ما

خروش از خیل مشتاقان برآمد
که حرف عشق رفت از دفتر ما

دریغا ای دریغا ای دریغا
خدایی سایه ای رفت از سر ما
........

ئەوەش بڵێم کە ئەم بەزمانە هەموو کاک ... کە کارمەندی بەشی کوردیی ڕادیۆی تاران بوو

بە مام هەژاری دەکرد و لە راستیدا کەلێنێکی ژیانی ئابووریی هەژاری پێ پڕدەکردەوە.

وەسیەتنامەی ئیمام خومەینیش هەر هەژار کردی بە کوردی و لە ڕادیۆی کوردیی تاران

بڵاوبۆوە. ئەویش هەر بە پێشنیاری ئەم کاک .... ە.

Sherko Hejar
ماجد روحانی"یە ؟

Ebrahim Jahangiri
سوپاس کاک شێرکۆ باوەڕ بکە خەریک بوو بنووسم م ـر نییە؟ دوایە کوتم با لەخۆرا

گومان نەخەمە سەر خەڵک.

Sherko Hejar
کاک ئیبراهیم گیان، من حازرم ئەو قومارە بکەم، لەسەر چەند گرەو بکەین ؟

من دەڵێم هەوە!

Ebrahim Jahangiri
خۆ منیش هەر شکم بۆ ئەو چووە.

Nasser Sina
نەخێر! قسەکەی من بەهیچ جۆرێک باسی کاک ماجید نییە! ئەو کاتەی من لە بەشی کوردیی ڕادیۆی تاران بووم، کاکە ماجید لە گۆڤار و چاپەمەنیی سرووشی سەر بە ڕادیۆ تلەڤزیۆندا کاری دەکرد، نەک لە بەشی کوردیدا. بۆیە قسەکەی من ئەو ناگرێتەوە.

Ebrahim Jahangiri
باشە یانی ڕەتی دەکەیەوە کە کاری کاک ماجد بووبێ.

Behruz Salawaty
بریا کاک ناسر نوقتەکانی پڕ کردبایە، با خەڵك ئەمجۆرە کەسانە کە ئیدەعای خزمەت بە ڕۆشنبیری و گەشەی زمان و ئەدەب و زۆر شتی تر دەکەن، وەك چۆن هەن بناسن. بە داخەوە لەم تیپە کەسانە کاتی خۆی لە رادیو سنە کەم نە بوون. دلنیام ئیستەش هەر وایە. نازانم چۆن ئەبێ هەژار مل بدات بەم جۆرە کارانە! هەژارێ کە خۆی گوتوویەتی 'نیشتمان وەك مەلە، نووسەر باڵە ...... هەر مەلێ باڵی شکا جیی چاڵە'. ئەوەندەی لێ دەزانم شاعیران و نووسەرانی ئیمە لە زۆر دەم و کاتدا لەرزیوو مۆتەزەلزل بووگن.

Sapan Kurdi

ماجد ڕوحانی نازانم چۆن بوو توانی خۆی بگەیێنتە مام هەژار و ئاوا لە زۆر لایەنانەوە وەسەر تەڵەی پەڕێنێ، بە دڵ نیایی کاری ئەوە چونکە لەو کات و سەردەمانەدا دۆستە خۆشەویستەکانی مام هەژار وەك مامۆستای مێژوو نووس جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی کە لە ڕادیۆی کوردیی تاران کاریان دەکرد، دەمێك بوو ئێران و تارانیان بە جێ هێشت بوو

Nasser Sina

قسەکەی من بەهیچ جۆرێک باسی کاک ماجید نییە مامۆستا سەپان گیان! ئەو کاتەی من لە بەشی کوردیی ڕادیۆی تاران بووم، کاکە ماجید لە گۆڤار و چاپەمەنیی سرووش کاری دەکرد کە سەر بە ڕادیۆ تلەڤزیۆن بوو، نەک لە بەشی کوردیدا. بۆیە قسەکەی من ئەو ناگرێتەوە.

Sapan Kurdi

دەستخۆش کاك ناسر گیان، بەڵام بڕوات هەبێ دەستێکی هەر تێدا بووە، ئینجا کاکە گیان بۆ وەك نەورۆزانەیەك کورد ووتەنی: نایکەی بە دوو پێنج تمەنی و ناوەکەیی-ان پێناڵێت؟ ئەم کوردە دەبێ چەند هەزار نهێنی لەگەڵ خۆی بەرێتە بن گڵ، یا خوا بێوەی و بێمزەرت بێ هیچ کاتێ نە بی داخ لە دڵ، وەك بولبوڵ بە چریکەك پێمان بڵێی لە سەر چل ئەم شۆفارە کێ بوو کە مام هەژاری خستە سەر کڵ؟؟؟

له فەیسبووك : هەژار

Sapan Kurdi

کاك هێدی گیان دەستی بەڕێزت و دەستی کاك ناسر سینا خۆش بێت، ئەم بابەتانە بۆ لێکدانەوە باری دەروونی نووسەر و شاعیرانی کورد زۆر گرنگن، هەر بژین

Hassan Mavarani

بەداخەوە مامۆستا هەژار لەگەل خزمەتی گەورەی بە ئەدەبی کورد لەباری سیاسیەوە هەڵەیەکی زۆری هەبوو و لە ئاست مەسەلەکانی مادی زۆر سست بوو. ئەوەش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی دەربەدەری و دەستکورتی لە پەرەوازیی لە باشوری کوردستان و بەغداادا. مامۆستا حەسەنی قزلجی بۆیگێرامەوە کە لەبەر چارەرەشی لە چێشتخانەیەکی بەغدا کاریان دەکرد. پێلاو و جلی تازەشیان بەدەگمەن دەسدەکەوت. پیاوخاسێکی کوردپەروەر جوتێک پێڵاوی تازەی بۆ هەژار ناردبوو. کابرای خاوەن کار هەژار دەنێری بۆ نان هێنان لە نانەواخانە. هەژاریش دڵی بە پێلاوە تازەکە وە بوو بە پێخواسی لە گەرمای چر و سوتێنەری بەغدادا بە سەر جادە بەرەو نانەواخانە دەڕوا. لەبەرومیکە لەسەر ئیسفالتەکەش ئاور دەباری هەر بە ڕاکردن دەروا و دێتەوە. کابرای خاوەن کار دەڵێ هەی ئافەرین خۆت نەخافڵاند و زوو گەڕایەوە. هەژاری بەستەزمانیش بزەیەکی تاڵ بەسەر لێواندادێنی. ئەو لەبەر پێلاو پاراستن خوی تووشی چەرمەسەری کرد، چون پێڵاوی تازەی پێنەدەکردراوە.



شکڵی مرۆڤ خۆی، یا دیتنی وێنەکەی، وادەبێت زۆر شت لە دنیای کەسێك بە من دەڵێت و، زۆریش وادەبێت هیچم پێ ناڵێت .

رەنگە من تا ئێستا پتر لە پەنجا وێنەی هەژارم دیتبن . بەڵام تەنیایەکێکیان،هەر ئەو تاقە یەکە لەگەڵ"هێمن"دا، بۆ من کتێبێك بوو، کە فەسڵێکیم لێ خوێندەوە و نووسییەوە . دەکرا پتریشـم لێ بخوێندایەتەوە و بنووسیایەتەوە، بەڵام بۆ باسەکەم لەو کتێبەمدا هەر کارم بە ئەو یەك فەسڵەی هەبوو، نە پتر .

وێـنەی بە بزووتنەوە ( فیلم)، لە وێنەی فـۆتۆگرافی بێجووڵەش رەنگە پتر بڵێت، چونکە بریتیە لە ژمارەیەکی ئێجگار زۆری وێنەی بە سـەریەکەوە، بەتـایبەتی ئەگەر دەنگیشی وێڕابێت . من وابووە چەند ساڵ نێوانم لەگەڵ کەسێکداهەبووە و دوای ئەوە بە بۆنەیەکەوە ئەوجا ناسیومەو زانیومە کە ئەو ساڵانە ئەسڵەن ئەو مرۆڤەم نەدیتووە . کەچی جارێك لە پاریس پێنج دەقیقەیەك سیاسەتمەدارێکی رۆژئاوای کوردستانم دیت، هەر بە پێنج دەقیقە نە پتر، هـەموو وردەکـارییەکانی دڵ و دەروون و شـەخسیەتی ئەو مرۆڤەم دیت و، لەوساوە زۆر جار زۆر شتم لە بارەیەوە دیتووە و خوێندووەتەوە ( بەتایبەتی نووسینی خۆی) کە لەسـەریەك - لەسـەریەك ئەو ناسینە پێنج دەقیقەییەم بۆ

دەسەلمێنێتەوە ( مرۆڤێکی ئەوپەڕی هیچوپووچ) .

جارێك کوردێکی دۆستی هەژار، هاتە دووکانەکەی هەژار لە بەغدا و کوڕە ٨-٩ ساڵییەکەی لەگەڵ بوو، گوتی : کاك هەژار، ئەم کوڕەم هۆگری شیعری تۆیە و، کە پێم گوت من مامۆستا هەژار دەناسم و دۆستمە، زۆر بە حەماسەوە تکای لێ کردم کە بیهێنم بتبینێت . هەژار زۆر بە شادی و مەحەبەتەوە دواندنی و، دوای دەوری سەعاتێك رۆیشتن . هەر کە لە دووکانەکە دەرچوون،هەژار گوتی:" ئەو فەقیرە ئێستا لە دڵی خۆیدا دەڵێ : خۆزگە نەمدیبا!" .

ئاخر شکڵی هەژار خۆی یا هەرکەسێك ( یا لە وێنەیدا) لەو سیاقەدا دەبێت چیی لە چی بگۆڕێت ؟ قەڵەو یا لەڕ، درێژ یا کورت، چاوڕەش یا زەرد یا پرتەقاڵی، پێست ئەسمەر یا عەننابی! یا نازانمچی، چ فەرق دەکات ؟ ئیتر وێنە بۆ چیە ؟ ئەوەش کە من لە ئەو تاقە وێنەیەی هەژار - هێمندا دیتوومە، لەحزەیەکی حەقیقەت بووە کە کامیرا تۆماری کردووە، بەڵام - هەر بەغوونە- " مارلۆن براندۆ" ی ئەمریکایی و" محمود المليجي" ی میسری دەیانتوانی زۆر چاك رووی شتێك لە فیلمدا پیشان بدەن کە فەری بەسەر خۆیانەوە نەبوو، زۆر لەحزەی حەقیقەتیان بۆ کامیرا تۆمار دەکرد کە حەقیقەت نەبوون! بازیگەری بوون، نە پتر . مارلۆن براندۆ و محمودالمليجي، لە فیلمدا قسەشیان دەکرد، بەڵام ئەوەی کە بە شکڵ پیشانیان دەدا ئێجگار زۆر لە قسەی دەمیان پتر بوو . من زۆر جار کە" محمود المليجي"یم لە فیلمێکدا دیتووە، پێم وابووە هیچ پێویستی بە قسەکردن نەبووە،هەر بە بێ دەنگی کە سەیردەکات سەیرکردنەکەی - وەك بڵێین- چیرۆکی هەزارویەك شەوت لە بەرگەوە بۆ بەرگ بۆ دەگێڕێتەوە . مارلۆن براندۆش لە " Godfather "دا بەغوونە هەمان شتە، بە بێ ئەوە یەك وشەش بڵێت، دنیای ئەو سەرۆکەی مافیات بۆ باس دەکات ... کە هەمووی بازیگەرییە، هەر بە دەموچاوی خۆی ئەو هەمووە حەقیقەتەت بۆ دەگێڕێتەوە ... کە هیچی فەری بەسەر حەقیقەتی بازیگەرەوە نیە . شێرکۆ بێکەس بازیگەری چاك بوو، وێنەیەکی هەژاریش کە دووکەڵی سیغارەکەی بە شێوەی فووکردن بە با دەکات بۆ ئەوە سەرنجی راکێشام . بەڵام هەردی، کە شاعیرێکی گەورە بوو، ئەو هونەرەی دەوردیتنی لە راگەیاندندا نەبوو، ئەو شاعیر بوو، نە ئەهلی ڤیدیۆ و راگەیاندن و ئەو قسانە .

سەیر ئەوەیە کە خوێندەوارانێك هەن دەڵێن هەژار و هێمن و جگەرخوین و رۆژبەیانی و فڵان و فیسار بۆ ئێمە هەر بریتین لە تۆماری بەرهەمیان، هەر لایەنێکی " مرۆڤبوون"ی ئەوانە لە دەرەوەی چوارچێوەی تۆماری بەرهە- میان، کە دەکاتە ژیانی تایبەتیان، چ کاری بە ئێمە نەداوە و، هەر نابێت باس بکرێت . من کە هەموو شتێکی دنیای مرۆڤ، بە تۆمارەکانیشییەوە، هەر بە ئامراز بۆ " مرۆڤبوون" دەبینم، دیارە بە رادەی یەکەم ئەسڵەکەم

مەبەستە، نەك ئامرازەکانی؛ بەڵام ئەوەی لێرەدا دەڵێم سەیرە ئەوەیە کە بۆچی ئەوانە ئەوەندە خولیای دۆزینەوەی هەر وێنەیەکی ئەو ناودارانەن، ئێ ئەوە بۆچی گرنگە ؟ شکڵیان هەرچی بووبێت یا نەبووبێت چ لە تۆمارەکەیان دەگۆڕێت ؟ هیچ، بەڵام هەر شکڵیان مەبەستە، دوور لە ناوەرۆکی سایکۆلۆجیی ئەو شکڵە!
ئەوانە لە دنیای رۆشنبیریدا پێیاندەگوترێت : خوێندەواری نەخوێندەوار .

پێش چەند رۆژێك،دۆستێکی خۆشەویست،کاك کەمال، ئەم وێنەیەی بۆ ناردم،کە من بۆ ئەوە دیسان سوپاسی دەکەم : مامۆستا هەژار و مەعسوومە خانمی ژنی و من بە کراسێکی ئەو وڵاتەوە(دشداشە) - ١٩٥٤ لە بەغدا، لە ژوورێکی خانووەکەی" خات شەوکەت"دا ( کە لەلای خۆیەوە هەر کە بانگی ژنی هەژاری دەکرد، لەجیاتی بڵێت " مەعسوومە"، دەیگوت :" رۆڵە مەخسوودە"! ) .

ئەم وێنەیە زۆر سەرنجم رادەکێشێت، شتی تێدا دەبینم: وەکو ئەوەیە کە دنیایهەژار و ژنی لەلایەك و ئەوەی من لەلایەکی ترەوە ساڵی١٩٥٤یش فریان بەسەر یەکترەوە نەبووبن، ئەوان لە سەر هەسارەی خۆیان و، منیش مەودای هەزار ساڵی رووناکی دوور لەوان لە سەر هەسارەیەکی تر . هەژار و ژنی، لێرەدا، رووی هەستێك پیشان دەدەن کە من لە گۆرانییەکی فارسیی" گلپا یگانی" دا دەبینم :" نە می موندە نە مستی ــ شبامو غم گرفتە؛ مثل اینە کە ساقی ــ برام ماتم گرفتە" . ماتەم لەوە ماتەمتر ؟ مەگەر هەژار لە کاتی کۆچی دوایی باوکیدا لەمە پتر ماتەم گرتوویە ؟ بەڵام من هەر مێشیشم میوان نیە، دنیای من لەم وێنەیەدا بریتیە لە یەك بۆمبی ئاتۆمی کەیف و شادی کە وەکوهەتاو لە ناو خۆیدا لە تەقینەوە ناوەستێت . من یەکەم بازیچەم لە ژیانمدا لەکەسوکارمەوە بەدەست-گەیشتووە،کە دوای ئەوە هەموو شەوەکە توند- توند دە باوەشیخۆم گرتووە و لەگەڵ خۆم خەواندووە،بەیانییەکەی دیسان فووم تێکردووە و ،بۆ ئەم وێنەیە دیسان جارێکی تر باش فووم تێکردووە تا جوان دەرچێت . ئەو بازیچەیە، دەبوو هی منداڵێکی بچووکتر بوایە، بەڵام بەوە کە بۆ من یەکەم بوو لە ژیانمدا، لە گونجاویش گونجاوتر بوو .

بۆمبی ئاتۆمی شادی و ماتەم گرتنی لە پەنایەوە، هیچی بە تەما نیە تۆزێك لەوەکەی تر نیزیك ببێتەوە . نە من هیچ دەکەومە ژێر تەئسیری ئەو کارەساتەی ماتەمی دەموچاوی ئەو دوو مرۆڤەی پەنام، نە ئەوان کەمترین ئاوڕ لە دەموچاوی بۆمبی ئاتۆمی شادیی پەنایان دەدەنەوە . جگە لە جیاوازییە رووحییەکە، هەر بە لەشیش لێك دوورن، نە ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە من بهێننە نێوان خۆیانەوە یا بەردەمیانەوە، نە من بیر لەوە دەکەمەوە بچمە نێوانیان یا دەست لە ملیان بکەم، ئاخر مەگەر نابێت ئەو شتانە لە وێنەگرتندا روو بدەن ؟ مەگەر ئەوە وێنەگرتن نیە ؟

بەڵێ، وێنەگرتنە و، وێنەگرتنی زۆر چاکیشە،هیچ بازیگەرییەکی تێدا نیە، دوورە لە هونەرەکانی راگەیاندن و

فوو کردنە دووکەڵی سیغارە و ئەو شتانە . وەك ئەوەیە کە مارلۆن براندۆ یا محمود المليجي،لە دوای کار هاتبێتەوە ماڵەوە و - ئەمجارەیان - وێنەیەکی " راستەقینە"ی خۆی و خێزانی گرتبێت .

## دەڵێن شاعیر بوی " چۆن بویە" یا " بۆ بویتە" قەساب ؟

ئەمە بەم شێوەیە لە " بۆ کوردستان"ی هەژاردا هەیە :

لە یحی عبدالعظیمی لحامەوە کە دوای شاعیری بوە بە قصاب :

دەڵێن شاعیر بوی بۆ بویتە قەصصاب     لە تانەی نـەزان جـەرگم کون کونە

جاران من چاوم لە دەستی سـەگ بو     ئێستا سەگ چاویان لە دەستی منە

ئەمە وێدەچێت وەرگێڕانی ئەم شیعرە عارەبییە بێت :

کیف لا أرتضي الجزارة ما عشت     قديما وأترك الآدابا

و بها صارت الکلاب ترجيني     و بالشعر کنت أرجو الکلابا

پێش چاپی" بۆ کوردستان"ـەکەی،لەجیاتی ئەو" بۆ بویتە"یە، بە " چۆن بویە" ی وەرگێڕابوو :

دەڵێن شاعیر بوی چۆن بویە قەصصاب  لە تانەی نـەزان جـەرگم کون کونە

جاران من چاوم لە دەستی سـەگ بو     ئێستا سەگ چاویان لە دەستی منە



" عبدالكريم قاسم" ی فـەرمانـڕەوای عیراق، ڕۆژێکی سیپتامبری ١٩٥٨، پێشـوازیی لە شاندێکی - گوایا- "یەکێتیقوتابیانیکوردستان- و" کوردانێکی سووریا"دەکات . وێنەیان لەگەڵ دەگرێت و وێنەکە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەبێتەوە . کـوردی سـووریا کێ ؟ زەبیحی! کە بە عارەبیی سـووریایی خـۆشـە ویستیی خەڵکی سـووریا بۆ زەعیم کەریم قاسم باس دەکات! ــ ئەوەی ڕاستی بێت، زەبیحی لە بـەغدا دوای ئـەوەش هـەر بە عارەبیی سووریایی قسەی لەگەڵ عارەبی بەغدادا دەکرد، سەیر بەوەیەوە گرتبوو، بەری نەدەدا!

جەلال تاڵەبانی و زەکیە حەقی لە ئەملا و ئەولای قاسم وەستاون، چوارەمی ریزی لایەکەی تاڵەبانی" زەبیحی"یە، هەژار لە ریزی لایەکەی تر لە نێوان " زەکیە حەقی" و " حەبیب کەریم فەیلی"دا وەستاوە . زەکیە حەقی، خزمی حەبیبکەریم فەیلی، ماوەیەك سەرۆکی" یەکێتی ئافرەتانیکوردستان" بوو؛ حەبیب کەریم، دواتر ساڵانێك لای سەرۆك بارزانی سکرتێری پارتی بوو .

جەوانێکی عارەبیکۆمونیست،کە وادەزانم بە روتبەی" نائب ضابط"ێکی بەشی وێنەگریی هێزی هەوایی ( القوة الجویە)ی عیراق بوو و، لەو ماوەیەدا بە ئینتیداب ناردبوویانە ئیدارەی وێنەگرتنی کەریم قاسم، هەر بە جلوبەرگی

مەدەنی دەهاتە دووکانەکەی هەژار و جەلال نەجیب بێتوشی ( ڕەنگە کاک جەلال ئێستا لە بەرلین ناوەکەی لە بیر مابێت) و فیلمی هەر وێنەیەك کە پێوەندیی بە کوردەوە بوایە دەهێنا، یەکێك لەوانەش دواتر یەکەم وێنەی سەرۆك بارزانی لای قاسم بوو . هەژار ئەم وێنەیەی خستبووە چوارچێوەیەکەوە و لە خوار ڕەسمێکی سەرۆك بارزانی(بەرهە-مێکی بەدیع باباجان) بە دیوارەوە هەڵواسیبوو .کاتێك سەرۆك بارزانی هاتە ماڵیهەژار ،وێنەکە سەرنجی سەرۆك بارزانیی ڕاکێشا، لە بەردەمی وەستا و باش لێی ورد بۆوە و، پرسیاری یەکێك لەوانەی وێنەکەی لە هەژار کرد: ئەوە کێیە ؟

وەرە سیاسەت تۆ ئەوەندە ڕووقایم و بێباك بێت کە زەبیحی بە ناوی کوردی سووریا وێنە لەگەڵ فەرمانڕەوای عیراقدا بگرێت تا لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوبێتەوە! باشە لەوە ناترسن کەسێك زەبیحی بناسێتەوە و بە حکومەت بڵێت کێیە ؟ کوردی سووریای چی و شتی چی ؟

ئەوە دەکرا کاری یوونس بەحری بوایە،بەڵام ئیتر لێرەدا کاری جەلال تاڵەبانی بوو ،کوردێکی بەناوبانگی مهاباد بە ناوی کوردی سووریا لەگەڵ خۆیدا دەباتە لای سەرۆکی عیراق تا بە عارەبیی سووریایی پێی هەڵبڵێت!
هەژار لە " چێشتی مجێور"دا باسی ئەو کراس و پانتۆڵە دەکات کە لێرەدا لەبەریدایە .

---

من دوای نووسینی ئەمە لە فەیسبووکدا، ئەوجا گوتم با سەیرێکی باسی ئەوە لە" چێشتی مجێور"دا بکەمەوە، دەبینم باسی ئەوە دەکات کە هەژاریش لەگەڵ زەبیحیدا بە وەکیلی کوردەکانی سووریادانراوە! بەڵام خوێندنەوەی تۆماری درێژی کوردەکانی سووریا و قسەکردنی سووریایی هەر زەبیحی کردوویە، دەڵێت :
" زەبیحی تۆمارە درێژی ڕاخست، بە عارەبی سوریاییانەش فەرمایشاتێکی فەرمو"! (ل٢٨٣) . حەیف کە ناڵێت " فەرمایشات"ـەکە چی بوون . ئەو تۆمارە درێژەش بە ناوی کوردانێکی سووریاوە، وەکو سووریاییەتیی زەبیحی و هەژار، سەرتاسەر خەیاڵی بووە و لە بەغدا نووسراوە، تەبیعی بە بێ ئەوە تاقە یەك کوردی سووریاش هیچ ئاگا-یەکی لێ هەبووبێت، کوردی سووریای چی ؟ هەژار هیچ لە قسەکانی کەریم قاسمیش باس ناکات .



ئەم وێنەیەی هەژار و سەبری بۆتانی و نووسینی وێڕای لە بارەی کاک" عەبدەك"ی " چێشتی مجێور"ی هەژار، لە لاپەڕەی " پیر وەیسی پیر وەیسی"ی فەیسبووکدا، چەند شتی وەبیرهێنامەوە :

کاك سەبری بۆتانی، من دواجار - وادەزانم- ١٩٧٣ بوو کە لە گەلاڵە لە ماڵی دۆستانێکم (لە بنەماڵەی حاجۆ ئاغا) دیتم . کوردێکی نەتەوەیی زۆر پاك و دڵسۆز و هێژا و بەمەحەببەت، شیعریشی هەبوون و، ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد بوو و، ئیدی مرۆڤێکی ئاڵۆز نەبوو تا لە شتی ئاڵۆز بگات، سادەیی و ساویلکەییەکی خۆش و بەڕێزی هەبوو . هەژار دەیگوت ماوەیەك کاك سەبری بۆتانی کوڕێکی خۆی لابوو، وادەزانم گوتی " نزار" بوو ( من لە سوێد کاك "بەشیر"ی کوڕی کاك سەبریم دیت، کۆپییەکی دیجیتاڵی باوکی خۆی، بە گۆرانی و مووسیقا و ئەو شتانەشەوە خەریك بوو، ئیدی هیچ کام لە کوڕەکانی تریم نەدیتوون) . هەژار چیرۆکێکی ئەو کاك نزارەی دەگێڕایەوە، دەیگوت :

" لە چاپخانەکەی سوورەبان بووین، رۆژێك هاتە لامان، پێمکوت : " دوو کەر وێکڕا یەك باقە گیایان لەبەردەمە دەیخۆن، یەکێکیان رووی لە مەشریقە و ئەوی دی رووی لە مەغریب و، هەر ئەو یەك باقە گیایەشە، ئەوە چۆن

دەبێ ؟ ". زۆری بیر لێ کردەوە و بۆی حەل نەبوو . ڕۆیشت، دوای چەند ڕۆژێك هاتەوە، کوتی :" ئەو پرسیارەی کردتان بۆ دوو کەر نابێ، بۆ دوو بزن دەبێ!" . کوتم : " باشە بۆچی بۆ کەر نابێ و بۆ بزن دەبێ ؟ ". کوتی : " من سەیرم کرد بزن کە گیا دەخوا، هەر جارە هێندێك دەخوا و سەری بۆ دواوە وەردەگێڕێ!" . خالید ئاغا لەوێ بوو، کوتی : " کاك هەژار، ئەوە پێیانکوتووە، دەنا بۆخۆی ئەوەندە زیرەك نیە ئەوە بزانێ". نزار سوێندی دەخوارد کە : " نەوەڵڵا کەس پێی نەکوتووم، من خۆم بزنم دیت وایدەکرد!".

وێنەکە شتێکی کاك" عەبدەك" یشی وەبیرهێنامەوە : کاك عەبدەك - بە کوردیی هێندێك لە دکتۆرە خۆشەکانی لای خۆمان-" ڤێرژنێکی ترادیشیونێل"ی گوندێکی ڕۆژئاوا لە هیپپیەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئەورووپا یا ئەمریکا بوو . ئێ ؟ ئەوە یانی چی ؟ یانی بڕوای بە هیچ ئاینێکی دنیا نەبوو، گاڵتەی بە نوێژ و ڕۆژوو و مزگەوت و ئەو شتانە دەهات، عەقیدەی ژیانی لە ئەو قاپە عارەقە و گۆشت و ساوارەدا خولاسە دەبۆوە کە بۆ جەمێك دابینی بکردایە و، دوای ئەوە بە بێ خەم لێی بخەوتایە . کاك عەبدەك لە قسەکردندا هیچ ڕستەیەکی بە بێ " هەنگری من" نەبوو . هەرچیی بگوتایە، ئەوەی لەگەڵدا دەگوت : هەنگری من- من ساڤار خوار، هەنگری من ئەز چووم قامیشلۆ، هەنگری من ئەز ڤەگەریام، هەنگری من ... ئیدی وەکو " ئا"ی عەشیرەتی ئاکۆیان، بە" هەنگری من" دەستی پێدەکرد. من جارێك لە هەژارم پرسی : هەنگری من یانی چی ؟ گوتی : هیچ، هیچ مانایەکی نیە، ئیدی عەبدەك هەر وا لەخۆیەوە دروستی کردووە و دەیڵێ . گوتم : کەس لێی ناپرسێ ئاخر ئەو " هەنگری من"ـە چیە تۆ وا پێتەوە گرتووە ؟ گوتی : نا، جا بۆچی لێی بپرسن ؟ ئەتۆش بۆخۆت لەگەڵ هەر قسەیەکدا بڵێ : پەنگری من! و منیش دەڵێم : کەنگری من! چیبی تێدەچێ ؟ هیچ، زۆریش خۆشە .

هەژار وابوو، بلیمەتێکی کۆمیدیا بوو، بە پێچەوانەی قانوونی فیزیا شتێکی زۆری (کۆمیدیا) لە هیچ دروست دەکرد .

وێنەکە هێندێك شتی تریشی وەبیرهێنامەوە، بـەڵام جارێ هەنگری من هەر ئەوەندەم بۆ ئەم نووسینەی ئێرە پێ باشە .

هێمن لە پێشەکیی " تاریك و روون"یدا دەڵێت :

" تووشی نەخۆشی‌یەکی رووحی هاتم (..) تا حاڵی خۆکوشتن پاڵی پێوە نام (..) هەڵەی وام کردن کە نەدەبوو بە هیچ نرخێك بیان‌کەم و بەسەر پەلی واداکەوتم کە دەبوو خۆیان لێ‌بپارێزم (..) بەڵام لە پڕ ئەو مژ و هەورە رەوی و گزنگی هیوا سەرلەنوێ لە ئاسۆی ژیانمدا ئەنگوت :

لاوێکی رووناکبیر و کوردێکی پاك و بەشەرەف کە بەداخەوە ناکرێ ناوی بەرم خۆی و رەفیقانی ئەو لەو ماوەدا زۆر لە هانام هاتن و زۆرم لەگەڵ ماندوو بوون . لە ساڵی ١٣٤٠دا سەلەنوێ هەڵچوومەوە و هاوکاری ئازادیخوازانم دەستپێ‌کردەوە".

ئەو سەربازە لاوە رووناکبیرە بێ‌ناوە کێ بوو ؟ هەقە ئێستا ناوی بزانین، ئەوە بۆ هێمن پێی‌دەگوترێت :

" مرۆڤی بەجێ لە کاتی بەجێ لە شوێنی بەجێ" .

خۆزیا هەژاریش لە ئێران تووشی کسێکی وەها بهاتایە، بەڵام نا، تووشی کسانێکی زۆر جیاواز هات : دکتۆر شیرازی و چەندانی تر، بـەڵام بە تایبەتی " ماجد روحانی" کە من بەوە دەڵێم :" مرۆڤی نابەجێ لە کاتی نابەجێ لە شوێنی نابەجێ" .

٧٦

درۆ بە درۆ

ئاغا دەتگوت کۆڵەوەژە خوار و رەش و بە گرێ و تەژە
دەستی رژد و نان نەدەر بو میوان بۆ ئەو دەردی سەر بو
باتوی کەر و باینجانی لە نەزانی یەك ئەزانی
شاعیر شیعری بۆ دانابو بەرەو ئاوەژوی رانابو :
مانگ لە جوانیت شەرمەزارە نانخۆرت هەزار هەژارە
بەژن و باڵات سەولی تازە چاوت چاوی سەقر و بازە
کەس لێتان وریاتر نیە زیرەك و زاناتر نیە

ئاغا زۆر لێی خۆش هات ئەمە کەوتە بەزم و گەپ و گەمە
وتی : فەرمودەت دڵگیرە دەم خۆشانەت هەزار لیرە

شاعیر هەر ما و پارە نەبو هاوار نەبێ چارە نەبو :
ئاغا لیرەکان پێم‌ناگەن فەرموی پێم سەیرە تێم‌ناگەن ؟
تۆ دڵخۆشت کردم بە درۆ منیش لەو ماڵە دام بە تۆ
درۆمان بە زۆران داوە دراو بێ‌ناوە لەوناوە
نرخی درۆ هەر درۆیە وەرامی گڵەت کلۆیە

( بۆ کوردستان، چاپی ١٩٦٦ی سوورەبان، ل ١٦٠-١٦١)

هەژار زۆر جار چیرۆکی ئەم شیعرەی گێڕاوەتەوە، دەیگوت کە ئەوە رووداوێکی نێوان کەریم‌خانی زەند و شاعیر-ێك بووە : شاعیرێك بە شیعرێکی دوورودرێژی پڕ لە درۆ و دەلەسە بە کەریم خانی زەندی هەڵگوتووە تا دڵی خۆش بکات و خەڵاتی لێ وەرگرێت . کەریم خان گوتویە : هەزار لیرەی بدەنێ . شاعیر دڵی بەوە زۆر خۆش

دەبێت، بەڵام کەس هیچی ناداتێت، شاعیر دەچێتەوە لای کەریم خان و شکایەت دەکات

ـــ خادم الرعیە! ئێوە فەرمانتان نەکرد کە هەزار لیرەم بدەنێ ؟

ـــ بەڵێ، فەرمانمان کرد .

ـــ دە ئەوە هیچم نادەنێ .

ـــ جا بـۆچی بتدەنێ ؟ تـەبیعی نـاتدەنێ . تۆ هـەزار درۆت بۆ من کرد تا دڵم خۆش بکەی، منیش لە وەڵامدا درۆیەکم بۆ تۆ کرد تا دڵت خۆش بکەم و ئیدی تەواو . درۆ بە درۆ، پارە لەوبەینەدا شوێنێکی نیە .

بـەڵام چیرۆکی وا لەبارەی کەریم خان و شـاعیرەوە هەیە ؟ دەبێت هەژار لە شوێنێك دیتبێتیت، بـەڵام لەکوێ ؟ لە سەرچاوەی فارسی یا عارەبی ؟

" عباس محمود العقاد " کە میسرییەکان شانازیی پێوە دەکەن ( لە دایکێکی کوردی خەڵکی ئامەد)، یـەکێك لە کتێبەکانی بە ناوی " أبونواس الحسن بن هانئ " ـە . من دەزانم کە هەژار، هەرچەندە هۆگری عەقادیش نەبوو ،بەڵام کتێبەکانی دەخوێندنەوە و، حەقمە - ئەویش وەکو من و پتریش - شەیدای باسەکانی ئەبو نواس بوو، لەبەر ئەوە سـەیر دەبێت ئەم کتێبەی نەخوێندبێتەوە . عەقاد لەوێدا دەڵێت کە : ئەبونواس لە زەنجبار زۆر ناسراو و خۆشەو-یستە و پێی‌دەڵێن " کیبونواسي " یا " بونواسي " یا " أبانواسي "و، زۆر چیرۆکی سـەیری لێ دەگێڕنەوە، کە ئەمە یەکێکیانە :

بازرگانێك بزنێکی سەربڕی و، گۆشتەکەی بۆ شۆرباوگۆشت خستە مەنجەڵەوە و لە سەر ئاگر دانا تا بکوڵێت . دواتر، هەژارێك چووە لای و پێی‌گوت : زۆر سوپاست دەکەم بۆ ئەو شۆرباوگۆشتەت، چونکە من هەر تەنیا نانی وشکم هەبوو بیخۆم، بەڵام بە لای مەنجەڵەکەتدا ڕۆیشتم و بۆنی گۆشتی مەنجەڵەکەتم هەڵمژی و نانەکەم بە بۆنی گۆشتەکەت خوارد، بەڕاستی زۆر خۆش بوو، دیسان زۆر سوپاس . بازرگان یەخەی‌گرت و گوتی : وەرە، پارەکەی دانێ، من هەر ئێستا دەزانم بۆچی ئەوگۆشتە هیچ تامێکی نەبوو، تۆمەز تۆ هەموو تام و بۆن و بەرامەکەت دزیوە . لێیان بوو بە شەڕ و، کار کەوتە لای خەلیفە " هارون الرشید " . خەلیفە گوتی :

بـازرگان لە سەر هەقە، هەر ئێستا ١٢ ڕوپیەی بدەیە . زەلام نـاچار ١٢ ڕوپیەی دا بە بازرگان . لەوکاتەدا کە بازرگان پارەکەی دەژمارد، ئەبونواس پەیدا بوو و،کە تێگەیشت چ بەزمە، پارەکەی لە دەستی بازرگان دەرهێنا و، یەك یەکی لیرەکانی بە زەویدا دا و، گوتی : بازرگان گیان خۆ گوێت لە زرنگەی لیرەکان بوو، ئەوە هەقەکەت،

هەقی بۆنی گۆشت مەگەر هەر بە زرنگەی لیرەکان بێت . ئیتر ئەبونواس بەوجۆرە هەقی هەژارەکەی سەندەوە و لیرەکانی دایەوە و، لە دەستی بازرگانی رزگار کرد .

بەڵام " هێدی " ( کاک جەعفەری حوسێنپوور) لە فەیسبووکدا ئەوەی بەم وێنەیەی سەنەدێك بۆ روون کردینەوە :
شاعری بنزد کریمخان آمدو قصیده ای که در ستایش او گفت و چاپلوسیها نموده بود، خواند و بپایان رساند . کریمخان آواز داد: "کره (به ضم کاف و کسر راء به معنی مرد یا آقا) صد تومان به این شاعر بدهید". شاعر خوشنودگردیده، سری فرودآورد و بیرون آمد. ولی پیش هرکس رفت پولی بگیرد، نتیجه ندید . بنزد کریمخان بازگشته،گلەکرد که کسی پول نداد . کریمخان گفت :"کره، تو دروغها گفتەبودی و خواندی و ما خوشمان آمد . ما هم دروغی گفتیم که تو خوشت بیاید ، دیگر پول چیست ؟ "!
در پیرامون ادبیات - احمد کسروی - چاپ دوم ١٣٢٥ .

## وەرگێڕانێکی هەژار لە " أحمد شەوقی" ( یحکون أن أمة الأرانب)

### کەروێشک آوا ـــ هەژار

پارچە زەوییەك هەبوو کەروێشکاوا     گشتی پۆشرابوو لە شینکە و ئاوا
ژیانیان خۆش و بە مندالّ و بە مالّ     بێ ترس بوون لە گەمالّ و لە تەمالّ
( یحکون أن أمة الأرانب     قد أخذت من الثری بجانب
و أبتهجت بالوطن الكريم     ومثل العيال والحريم )
فیلی زۆردار دلّی خۆی لێ رەش کرد     زەوییەکەی لەت بە لەت و بەش بەش کرد
( فأختاره الفیل له طریقا     ممزقا أصحابنا تمزیقا)
هەبو کەروێشکێ جیهاندیدە و پیر     خاوەنی بیر و بە تەگبیر و ژیر
( و کان فیهم أرنب لبیب     أذهب جل صوفه التجریب )
بانگی کرد هۆ گەلی کەروێشکاوا     مردنو خۆشە نە ژینی ئاوا
نەبنە یەك کاری هەموتان گەندە     رەگی سەربەستی بە یەکبون بەندە
( نادی بهم : یا معشر الأرانب     من عالم و شاعر و کاتب
إتحدوا ضد العدو الجافي     فالإتحاد قوة الضعاف )
لە هەمولایەکەوە لێك کۆ بون     کەتنە راوێژەوە بۆ سەرخۆبون
( فأقبلوا مستصوبین رأیه     و عقدوا للإجتماع رایه )
هەلّبژێران لە نێواندا سێ کەس     چاو لە پایە نەبو زانا یا و بەس
تاکو پیلانێ وەها رێك بخرێ     فیلی زۆردار لە زەوی دەربکرێ
( و أنتخبوا من بینهم ثلاثه     لا هرما راعوا و لا حداثه
بل نظروا إلی کمال العقل     و أعتبروا في ذاك سن الفضل )
یەك وتی : کارەکە زۆر دژوارە     باربکەین باشترە چار هەر بارە
( فنهض الأول للخطاب     فقال إن الرأي ذا الصواب
أن تترك الأرض لذي الخرطوم     کي نستریح من أذی الغشوم )
گشتی واتن کیی کەن ئەم دەنگە     مەرگمان خۆشترە نەك ئەم نەنگە
( فصاحت الأرانب الغوالي     هذا أضر من أبي الأهوال )

وتی دوهەم کە لە تیرەی کێوی
کەس گزیزان نیە هێندەی رێوی

( و وثب الثاني فقال إني
أعهد في الثعلب شيخ الفن )

هەیە پێویستی بە راوێژی ئەو
مزی بیریشی دوو کەروێشکی قەڵەو

( فلندعه يمدنا بحكمته
و يأخذ إثنين جزاء خدمته )

ئەمە وتیان وتەیە بێ سەروبن
بێ فەڕن دوژمن و بیری دوژمن

( فقيل لا يا صاحب السمو
لا يدفع العدو بالعدو )

سێهەمین راستەوەبو بۆ گوفتار
وتی خزمینە بەگەل دەس‌دەنە کار

دەستی گەل هێزە بە گەل با پکۆشین
بودرێك هەڵبکەنین دای‌پۆشین

( و أنتدب الثالث للكلام
فقال : لا يا معاشر الأقوام

إجتمعوا فالإجتماع قوه
ثم احفروا على الطريق هوه)

فیل شەوێ یان لە رەوێ تێ‌دەکەوێ
زۆر بە شانازی دەڵێن لێرولەوێ

چونکە دەسمان بە دەسی یەك ئەسپارد
یەکیەتی ئێمە سەری فیلی خوارد

( يهوى إليه الفيل في مروره
فنستريح الدهر من شروره

ثم يقول الجيل بعد الجيل
قد أكل الأرنب عقل الفيل )

هەرچی کەروێشکە بە گفتی شاد بون
فیلە کەوت و کەوتی و ئازادبون

( فأستصوبوا مقاله و أستحسنوا
و عملوا من فورهم فأحسنوا

و هلك الفيل الرفيع الشان
فأمست الأمة في أمان )

هاتنە کن سێهەم و گوتیان شامان
تۆی و بۆتۆیە ژیان و سامان

( و أقبلت لصاحب التدبير
ساعية بالتاج و السرير)

وتی : نا .. ئێوە هەڵەن .. ئەو جێ‌یە
پێوبڵێم شایەنی شانی کێ‌یە ؟

ئەو کەسەی پێشی لە تین و تاوا
بانگی کرد : هۆ گەلی کەروێشکاوا .

( فقال : مهلا يا بني الأوطان
إن محلي للمحل الثاني

فصاحب الصوت القوي الغالب
من قد دعا يا معشر الأرانب ) .

چ پیاوی زیرەك لە دنیادا هەن کە دەتوانن بە فشقیات رێگای خۆیان بکەنەوە :

لە « عصفورتي عصفورتي »ی «یونس بحری»یەوە تا نوکتەکانی« السید الرئیس جلال الطالباني »ی سۆسیالیست

یوونس بەحری کێیە ؟

کە سەرچاوەکان بۆ ناسینی بدۆزیت، دەبینیت کە دەڵێن لە ٧٩ ( یا ٨١) ساڵی ژیانیدا زۆر شت بووە :

مارشاڵی ئەڵمانیای نازی، رۆژنامەنووس، ئیمامی مزگەوت لە ئیندۆنیسیا ، قارەمانی پەڕینەوە بە مەلە لە دەریای مانش ( ناوی" بەحری" لەوەوە هاتووە) ، مفتی لە ئیندۆنیسیا ، ئیمامی مزگەوت لە هیندستان ( و شەوانەش لە کابارێیەکی شەو لەگەڵ خانماندا سەمای کردووە! و لەوبەیندا پەیامنێری رۆژنامەیەکیش بووە)، رابەری حیزبێکی خەیاڵی لە عیراق (حزب التراخی)، دانەری ٢١ کتێب، دامەزرێنەری ١٦ رادیۆ، ١٧ زمان فێربووە، ناسنامەی ١٥ دەوڵەتی هەبووە، ٩٠ ژنی بە رەسمی هێناون و، پتر لە ٢٠٠ ژنی تریش بە شێوەی عورفی ژنی بوون، ٣٦٥ کوڕی هەبوون و نازانرێت چەندکچی هەبوون، چوار جار حوکمی ئیعدام دراوە، چەند جار خراوەتە زیندان، دۆستی سەرانی دەوڵەتان و پادشایان بووە ." نوری السعید" ( سەرەك وەزیرانی بەناوبانگی رژیمی پادشایی عیراق) زۆر لەگەڵیدا پێکەنیوە : جارێك نوری السعید و پادشای عارەبستانی سعوودی لە سەفەرێکی فەرەنسادا، لە مزگەوتێکی پاریس نوێژی جومعە و جەماعەت دەکەن، خوتبەی ئیمامی مزگەوتەکەیان زۆر پێ بەرز دەبێت، نوری السعید دەچێت قسەی لەگەڵ دەکات : حەزرەتی ئیمام، ئێوە لەکوێ پێکەیشتوون ؟ ئیمام عەمامەکەی فڕێدەداتە لاوە و پیشانی دەدات کە ریشەکەی هی خۆی نیە، دەستکردە و، بە پێکەنینەوە دەڵێت : نووری پاشا نەتناسیمەوە ؟ من یوونس بەحریم! ... هەی بەحریی لەعنەتی ئەوە تۆیت ؟ جا وەرە دیسان پێکەوە بیکەنەوە بە پێکەنین و فشقیات . چیرۆکەکانی لەگەڵ پادشایانی عیراقدا ،لە زیندانی قاسمدا و ئەوجا چوونە لای قاسم خۆی دەخوێنیتەوە . هەر لە ئیمام یحیای یەمەنەوە تا دەگاتە هیتلەر لە دۆستانی بوون،هیتلەر بە شەخسی زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێ کردووە و ... زۆری دی لەو بابەتە، هەر ئێجگار زۆر .

شەوی رابرد ، بە رێکەوت وێنە و باسی ئەم " یونس بحري" ( یونس صالح آغا الجبوري)یەی مووسڵم دیت، ئەوە دیسان دنیای کۆمیدیای هەژاری وەبیرهێنامەوە . هەزار شێتوشەیدای چیرۆکەکانی ئەم یوونس بەحرییە بوو . ئای کە حەزی دەکرد باسی لە کەسێك ببیستایە، ئیدی هەموو شتێکی دیکەی لەو لەحزەیەدا لە بیردەچۆوە و، کۆری بەوەندە باسی دیکەی بەحری دەڕازاندەوە،بەتایبەتی دوو چیرۆکی بەحریی ئێجگار زۆر خۆش دەگێڕانەوە :

بەحری چووەتە ئەڵمانیا و، بە ناوی رابەری نازییەکانی عارەب رادیۆیەکی بۆ هیتلەر هەڵسووڕاندووە . بە ملیۆنان عارەب لە شەڕی جیهانیی دووەمدا گوێیان لێ گرتووە : هنا حي العرب في برلين( ئێرە گەڕەکی عارەبە لە بەرلین) . بە رواڵەت پڕۆپاگەندەی بۆ هیتلەر کردووە، بەڵام زۆر شیفرەی نهێنیی جاسووسیی لە قسەکانیدا بۆ ئینگلیس هەبوون . هەژار لێرەدا دەیگوت : لە مناسەبەیەکی نازییەکاندا لە بەرلین، کە هیتلەریشی تێدا بووە، داوای لێ کراوە کە سروودێکی نازیی عارەب بخوێنێت، ئەویش پێشتر بیری لەوە نەکردووەتەوە تاکو شتێك سازبکات،بەڵام ناچار، دەبوو شتێك بڵێ، خۆی تێکنادا، دەچێتە سەر شانۆ و گۆرانییەکی عارەبیی منداڵان دەڵێ :" عصفورتي عصفورتي"!(چۆلەکەکەم چۆلەکەکەم) بەڵام بە لاساکردنەوەی حەرەکاتی هیتلەری دەڵێ . هەژار لەگێڕانەوەی ئەوەدا وا دەورووژا کە بەرزەپێ هەڵدەستا و لاسای"یوونس بەحری"ی دەکردەوە، دەیگوت دەبێ ئاوای کردبێ : ئیدی هەژارت بدیتایە چۆن وەکو هیتلەر چاوی زەق دەکرد و دەستی رادەوەشاند و خۆی چەپ و چیر دەدا و بە زیقەوە " عصفورتي "ی دەگوت ... ئای چ هونەرمەندێکی گەورەی کۆمیدیا بوویت هەژار، کە دار و بەردیشت دەختە جەزبەی پێکەنینەوە .

هەژار چیرۆکێکی دیکەشی زۆر بە کەیف دەگێڕایەوە : یوونس بەحری کە لە ئیندۆنیسیا ئیمامی مزگەوت دەبێ، پیاوێك لە دوای نوێژ دەچێتە لای و لێی دەپرسێ : ئیمام، من چوار ژنم هەن، بەڵام حەزم لە کچێك کردووە و دەمەوێ ئەوەش بهێنم و بیکەم بە پێنج، ئەوە بە شەرع جایزە ؟ بەحری دەڵێ : هەر جایز و بەس ؟ کوڕە خێریشە، پێغەمبەر خۆی لە دە ژنی پتر هێناوە، من خۆم پتر لە سەد ژنم هێناوە، برۆ بە کەیفی خۆت بهێنە، لە ژن خۆشتر هەیە ؟ کابرا لێی لە هەڵلا دەدا کە تۆ فاسقی و درۆ دەکەی!

کەچی جارێکی دی،کە مفتی بووە و دیتوویە پیاوێك ویستوویە کچێکی جوان بهێنێت کە یوونس بەحری خۆی ئارەزووی کردووە، بە پیاوەکەی گوتووە : بە شەرع بۆ تۆ جایز نیە ئەوە بهێنیت، جیاوازیی تەمەنتان زۆرە . لە دەست پیاوەکەی داوە و خۆی هێناویەتی .

جارێك لە ئیندۆنیسیا پەکی دەکەوێت، دەزانێت پارەی کە هەیەتی بەشی دەرچوونی لە ئیندۆنیسیا ناکات ( دەبێت دوای ئەو کەتنەی بێت کە هەژار باسی دەکرد)، بۆ وەدەستهێنانی پارەیەك ئەم فێڵە دەکات : لە رۆژنامە-کاندا راگەیاندنێك بڵاودەکاتەوە :" یوونس بەحریی ناوداری عیراقی بە مەلە بە فلان رووباری پڕ لە تیمساحدا دەڕوات،هەر ئەوانەی کە لە ئێستاوە بلیت دەکڕن رێگا دەدرێن سەیر بکەن : لە فلان شوێن و سەعات و دەقیقەی ئەوەندە ئامادە بن". بلیتێکی زۆر دەفرۆشێت، ئەوجا کەسێك دەنێرێتە لای حاکمی هۆڵەندیی شوێنەکە کە پێی-

دەڵێت : ئەو یوونس بەحرییە عیراقییە شێت بووە، دەیەوێت خۆی وا بکوژێت،تیمساح بیخۆن، ئەوەش ئینگلیسی حاکمیعیراق زۆر نارەحەت دەکات و دەبێتە هۆی کێشەیەکی دیپلۆماسیی نێوان ئینگلستان و هۆڵەندا،وا باشە نەهێڵیت رووبدات . ئیدی حاکمەکە قەدەغەی دەکات و، بلیتیش تازە فرۆشراون، خۆ یوونس بەحری چی بکات ؟ حاکمی ئیستیعماری هۆڵەندی نایهێڵێت .

بەحری، چووەتە هەرکوێ، دوو کاری کردوون : ژنی لێ هێناوە و فێری چێشتلێنانی خەڵکی شوێنەکە بووە . لە دواییدا لە بەغدا ریستورانێکی کردبۆوە، ئەوەندەی من بزانم ئەوە دوا کاری بوو . لە سایتێکدا دیتم دەڵێت ریستورانەکەی لە بەغدا لە " کرادە" بووە، بەڵام من خۆم ریستورانیم لە " الأعظمیە" دیتووە .

بە قسەی دکتۆر"عبدالرحمن‌البدوي"ی زۆر بەرز و بەرێزی میسری،"هدی سلطان" خانمیگۆرانیبێژ و بازیگەری سینەمای میسریش یەکێك لە عاشقەکانی یوونس بەحری بووە و گۆرانیی " بحري و نحبوه"ی بۆ ئەو گوتووە ( یەکەم دڵداریی لە ئەوروپا لەگەڵ خانمێکیهۆڵەندیدا بووە: جوولی فان دەر فێیین،لە سەرتاسەری دنیادا چیرۆکی زۆری لەگەڵ خانمان هەبوون ) .

من کە رەوشتی یوونس بەحری و جەلال تاڵەبانی سەرنج دەدەم،دەبینم،هەرچەندە بەحری لە زۆر رووەوە بەتواناتر بووە ( ئەو هەمووە زمانەی زانیوە، ئەو هەمووە کتێبەی نووسیوە...)، بەڵام لە جەوهەردا بە یەك سێو دێنە بەرچاوم کە دوولەت کراون، ئەگەر لە جینەکانیان بکۆڵرێتەوە، رەنگە ئێجگار زۆر وەکو یەك بن .

ئەگەر هیتلەر عیراقی بگرتایە، ئەوا حەتمەن یوونس بەحری دەبوو بە سەرۆکی دەوڵەتیعیراق، بەڵام چەرخی گەردوون وا سوورا کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا عیراقی گرت و جەلال تالەبانیی مارکسیستی مائۆیستی کرد بە سەرکۆماری عیراق، نەك کە هیتلەر مفتییەکی عارەبی مسوڵمانان بکاتە سەرکۆماری!

هەڤاڵ تاڵەبانی، بە سۆسیالیزمی هەڤاڵی خۆشەویست " مائۆ تسی تونگ" و، هەڤاڵەتیی " فؤاد الرکابي" و ناسیۆنالیستانی سەر بە" جمال عبدالناصر"و لە هەمان کاتدا " عیسی پژمان"ی شای ئێران و دۆستایەتیی شای ئوردون و ئەوجا کۆماری ئیسلامیی ئێران و ماچکردنی دەستی بازرگانی تورك و فلان و فیسار، بوو بە سەر-کۆماری ئەمریکاییەکان بەسەر وڵاتێکەوە و، بە ملیار دۆلاری بۆ ژنەکەی و خوشکی ژنەکەی دابینکرد . بەحری، نەبوو بە سەرۆکی هیچ وڵاتێك و، بە هەژاری مرد، ساڵی ١٩٧٩ لەسەر حیسابی شارەوانی لە گۆڕستانی غەزالی لە بەغدا نێژرا . منداڵەکانی بەحری لە ژنێکی خەڵکی مووسڵ باش پێگەیشتن، بەڵام - ئەوانیش وەك منداڵەکانی تر - لە سایەی دایك و یا خزمانەوە، نەك پەروەردەی باوکیان ( باوکێك کە هەر وە ماڵێك نەکەوتووەتەوە)، تا لە

دواییدا بوون بە دکتۆر و پرۆفیسۆر ... بەڵام دیارە هیچ کوڕێکی وەکو کوڕی تاڵەبانی نەبوو بە جێگری سەرەک وەزیرانی هیچ کوێ .

کەسانێك پرسەی برای رابەری شەهید دەکەن. کەسانێکی تر پرسەی برای شاعیر و چەند شتی تر دەکەن. کەسانێکیش میرزا عەبدوڵڵایان بە شەخسی ناسیوە و، دەچنە سەرەخۆشیی. خوشك و کچان و خزمانێکیش، هەرکەسە و بە سیفەتی پێوەندییەکەی، پرسەی بۆ دادەنێن. ئەدی من؟ میرزا عەبدوڵڵای شەرەفکەندی لە قامووسی دنیای مندا کێ بوو؟ من شینی کێ دەکەم؟

شینی من، ئەمە چیرۆکەکەیەتی:

پیاوێکی خەڵکی تەرەغە، ژنەکەی دەمرێت و، زوو کیژۆڵەیەك دەهێنێت و، منداڵێك لەوبەینەدا لە ژنی مردوو یا لە کیژۆڵەی تازەبووکی- یا لە هەر ژنێکی لە هەر ئاسمانێکەوە باریوە- دەبێت کە دەخرێتە لانکێکەوە. پیاو سەیری ئەو دیمەنە دەکات و، ئەوە شیعرێکی" لای‌لایە"ی بەبیردا دەهێنێت و دەینووسێت. دوای چەندمانگێکی کەم، پیاو دەڕوات. بۆ کوێ دەڕوات؟ منداڵی ساوای ناو بێشکە ئەوە چووزانێت؟ نازانێت. پیاو، پێش ڕۆیشتنی، مژدەیان داوەتێ کە کوڕەکەی لە لانکەکەیدا قسە دەکات، بەڵام قسەی چی لە بێشکەدا؟

– کوڕەکەت لە لانکەدا قسە دەکا!

– لە لانکەدا قسە دەکا؟ دەڵێ چی؟

– دەڵێ: هووو!

– جا توخوڵا ئەوەش بوو بە قسە؟

کەسێك جارێك دوو گوێز بۆ منداڵ بەلایەکدا فڕێدەدات تا وەدووی بکەوێت و فێری گاگۆڵکە بێت. یەکی تر جارێکی تر بە فێڵێکی تر هانی دەدات پێ بگرێت. یەکی تر وشەی زۆر لە" هووو"ی پتر فێر دەکات، بەڵام ئەوانە هیچ کامیان پیاوەکەی تەرەغە نین، کاکە عەبدوڵڵای شەرەفکەندییە، یا زێنەب خانمی شەرەفکەندییە، یا ئەوەی لە هەموان پتر شەیدای خۆشەویستیی ئەو منداڵەیە: مریەم خانمی باوەژنی پیاوەکەی تەرەغەیە کە هەر دوو چاوی نابینان، زۆرتری کات خەریکی تەشی ڕستن یا چنینە و، منداڵ دەیەوێت فێڵ لە نەنکی کوێری بکات، دەست بۆ گلۆڵە بەنەکەی دەبات و دەیکێشێت، داپیرە دەڵێت: ختە پشەکە ختە، دا ئەو پشیلەیە لابەن! منداڵ قریوەقریوی پێکەنین دەیگرێت کە چۆن فێڵی لە نەنکی کرد! و دەموچاوی نەنکی وەکو مانگی چاردە، یا هەر وەکو ڕۆژ دەگەشێتەوە و، تیشکی شادیی بە ئەو قریوە قریوەی نەوەکەی لێ دەڕژێتە رووحی منداڵەوە.

دەکرێت ئێجگار زۆر شت بڵێم، کە هەرکەسێك شتانێکی لە یەکەم هەشت ساڵی تەمەنی خۆی تێدا ببینێتەوە،

بەڵام ئەمە لەوەدا زۆر تایبەتی بوو،کە وشەی" بابە"ی تێدا نەبوو . ئەوە" ماڵی خۆمان"ی بێ" بابە" بوو . ئەودەم وابوو و،هەمیشەش هەر وا مایەوە . قەت هیچ کوێی دی لە ژیانی ئەو منداڵەدا نەبوو بە" ماڵی خۆمان"ی و،دیارە تازەش کە لەسەر ئاسانەی وەدووکەوتنی میرزای شەرەفکەندی" ماڵی خۆمان"ییەتی،نابێت . کوڕ،هەر یەك جار " ماڵی خۆمان"ێکی هەبوو و تەواو . ماڵی خۆمان : میرزا عەبدوڵڵا بوو، زێنەب خانم بوو،کاکە سادق بوو، کاکە ڕەسووڵ بوو ، نەنە جانی خۆشەویست بوو کە منداڵە فێڵبازەکە خۆی لێ‌دەکرد بە پشیلە و دەستی بۆ گلۆڵەی بەنە-کەی دەبرد ( دواتر وەبیرم هاتەوە کە ژنی پیاوە تەرەغەییەکەش لەوێ بوو) .

منداڵ، ساڵی ١٩٥٤ " ماڵی خۆمان"ی بەجێ‌هێشت، چووە لای پیاوە تەرەغەییەکە لە بەغدا و ... زۆر شت ڕوویدا تا دوای بیست ساڵ، ڕۆژێکیان دیسان لەگەڵ هەڤاڵێکی خەباتیدا چۆوە ماڵی خۆمان :

لە دەرگای دا، خانمێك دەرگای کردەوە، پرسیاری میرزا عەبدوڵڵا کرا و فەرمووی لێ کرا و، میرزا عەبدوڵڵا ڕێك وەکو پێش بیست ساڵی دەهاتە بەرچاوی، بەڵام میرزا عەبدوڵڵا میوانەکەی نەناسییەوە، نەیزانی ئەوە هەمان کوڕی ماڵی خۆمانە . ئەوە کێیە ؟ برایەکی کوڕەکە لەوێ بوو، گوتی : ئەوە کاکمە!

ماڵی خۆمان ئێستا : میرزا عەبدوڵڵا بوو، نەنە جان بوو، زێنەب خانم بوو، کاکە سادق و کاکە ڕەسووڵ بوون، ئامۆژن هەبوو و، گوڵـزارێك کچ، حـەوت کچ، هەر لەو خانمەوە کە دەرگای کردەوە تا بە وردیلەتـرین دەگەیشت .

بەڵام، برای شەقڵاوەیی و بەغداییش و ژنی پیاوەکەش لە ماڵی خۆمان بوون . پیاوە تـەرەغەییەکە هەوڵی دا ڕێگا لەوە بگرێت ماڵ ببێتەوە بە ماڵی خۆمان، بەڵام تێدا زۆر سەرکەوتوو نەبوو ... تا لەدواییدا سونامیی سیاسەت و کتێب و نازانم چی و چی هات و ... هەمووی لەگەڵ خۆی برد .

ئێستاش وا میرزا عەبدوڵڵا کۆچی دوایی کرد و، من لە ماڵی خۆمان نیم تا تەرمەکەی هەڵگرم و، بەدەستی خۆم بینێژم و، لەسەری بگریم .

مامە عەبدوڵڵا جانی خۆشەویستی ماڵی خۆمان

من، وا لە ژووری ماڵێکی زۆر لە ماڵی خۆمان دوور ... لە ڕۆژئاوێکی تـاریکی وڵاتێکی دووری سـارددا ... لە تەنیاییدا... گڵکۆت لە فرمێسکمدا دەبینم و، شینی خۆم بۆ تۆی ماڵی خۆمان دەکەم .

* * *

←

کە من ئەمەم لە فەیسبووکدا نووسی، هەشتا کەس بە پرسە و دەربڕینی هاوخەمیی خۆیان بە سەریان کردمەوە و، شادی بۆ ڕەوانی میرزاعەبدوڵڵا و سەرساغی بۆکۆستکەوتوو داواکار بوون . لەوانە: کاک" هەواری هەوشینان" نووسیبوی :

" ئەوڕۆ نیوەڕۆیە لەسەر کار هاتمەوە، بۆ پشوودان، سەرێکی فەیسبووکم دا و بەسەر ئەو دێڕانەداکەوتم . ئیدی خۆم بۆ ڕانەگیرا و بە ماندوویی ماشێنم هەڵکرد و بەرەو کووچەی ڕۆستەمبەگی وەڕێکەوتم . وەك شێتان بە دارودیوارەکەی« ماڵی خۆتان»دا نوسام و تێر تێر بۆنی سەرکردە و نووسەر و میرزاعەبدوڵڵا و کاکە ڕەسووڵ و هەمووتانم کرد".

کاك کامیل بۆکانی، دوو کۆمێنتی هەبوون، یەکەمیانی بەم وشانە کۆتایی پێهێنابوو : هیوادارم (..) لە داهاتوو-یەکی نزیکدا بتوانن لەکوردستانێکیئازاد سەردانی مەزارەکەی بکەن . کۆمێنتی دووەمی بەمجۆرە بوو :

" ساڵی یەکەمی دواناوەندی بووم . وێنەیەکی مامۆستا هەژارم (کە پێم وایە لە پشت بەرگ یا ڕوبەرگی یەکێك لە ژمارەکانی سروە چاپ کرابوو) لە قاپێك گرتبوو و لە ژووری میوانان لە دیوارم دابوو .

ڕۆژێکیان دایەگەورەم لە کەلبەڕەزاخانەوە هاتبووە ماڵمان . دایەگەورەم زڕدایکی دایکم بوو . دایکم تەمەنی یەك ساڵ بووە کە دایکی مردووە و بابی لەگەڵ ڕابیعەی سارەبانزادەی خەڵکی کەلبەڕەزاخان زەماوەندی کردبوو . دایکم لە دایکی خۆی برای نەبوو و هەر سێ خوشك بوون . لە دایە ڕابیعەش سێ خوشك و برایەکی هەبوو . تاقە براکەی دایکم کە مامۆستا بوو، دوای شـۆڕش بوو بە پێشمەرگە و لە ناوچەی هەوشار شەهید بوو . مابوونەوە شەش خوشك و دایکێك لە پاش برایەکی شـەهید . من قەتم باپیرم نەدیتوە بەڵام دایەگەورەمم زۆر خۆش دەویست .

باسی ئەوەم دەکرد ڕۆژێکیان دایەگەورەم هاتە ماڵمان لە ژوورەگەورەکە هەر چاوی بە وێنەکەی مامۆستا هەژار کەوت و گوتی ئەوە کاك هەژارە ؟ زۆرم پێ سەیر بوو . یەکەم لەبەرئەوەی دەمدیت مامۆستاهەژار دەناسێ و دووهەم هێندە سەمیمی باسی دەکا و پێی دەڵێ کاك هەژار . کوتم دایەگەورە چۆنی دەناسی ؟ گوتی کوێر بم ڕۆڵە کەسوکاری خۆشتان ناناسن . ئەوە ئامۆزای باپیرتان بوو . کوێر بم ئەو ساڵانەی لە عـێـراقێ بوو براژنە زێنەب قەت فرمێسکی وشك نەبوون . هەتا باپیریشتان مابوو کاکە عەوڵا و براژنە زێنەب هاتوچۆیان هەر دەکردین، ئەمان کە باپیرتان نەما و ئەمن منداڵەکانم بردەوە کەلبەڕەزاخان ئیدی ئاگامان لێك نەما .

به گوتەی نەنکم حەمەرەسوولی باپیرم کە تاقە کوڕی باوکی بووە پاش ئەوەی بە منداڵی باوکی مردووە لەگەڵ دایکی چوونە گوندێکی‌دیکە و دوایە کەگەورە بووە مامەکانی بەشە ماڵیان نەداوەتێ و دەستیان بەسەر زەوی و زارەکەیدا گرتووە . ئەویش دواتر چووە لە خانەقای شێخی برهان بووەتە دەروێش حەمە-رەسووڵ و لە داخی مامەکانی شۆڕەتیشی وەك ئەوان هەڵنەبژاردووە و لەپێشدا لە خۆشەویستی‌تەریقەت شۆرەتی کردووەتە دەروێشی و دوایەش گۆڕیویەتی و کردوویەتی بە زەندش ".

کاك عەلی عەونی، لە بەشێکی قسەیدا دەڵێت : " لە کۆچی مامۆستا هەژاردا من لە کەرەج پوورە زەینەبم دیت کە چەند بە خەم بوو بۆ کۆچی مامۆستا".

لە وەڵامی ئەو بەڕێزانەدا، من شتێکم نووسی، کە ئەمە بەشێکی بوو :

" (..) من لە چەند کەسێکم بیستووە، یەکێك لەوانە لە" هێمن" بەغوونە، کە لە هەموو کەسوکار و خزم و خوێشیان، مەرگی باوك لە مەرگی هەرکەسێکی تریان لەسەر سەختتر بووە . هەرچەندە دەزانم ژیانی هەر مرۆڤە دنیایەکە بە کۆمەڵێك شتانی هەر خۆی و، ئەوەی بۆ تاکە مرۆڤێك شکاوەتەوە مەرج نیە خەڵکی تر بگرێتەوە، بەڵام لێرەدا منیش وا هەست دەکەم کە ئەوە منیش دەگرێتەوە . میرزا عەبدوڵڵای شەرەفکەندی،باوکی رووحیی من بوو، من هەر بە مەرگی ئەو هەستم بە کۆچی‌دوایی باوك کرد و،دیتم چەندە سەختە . هەمان هەستی زێنەب خانم(و میرزاعەبدوڵڵاش)ی بە کۆچی‌دوایی هەژار،کە کاك عەلی لە کەرەج سەرنجی داوە، چونکە هەژاریش بۆ ئەوان باوکی رووحییان بوو و، بە کۆچی‌دوایی ئەو نیوە برایەیان هەستیان بە کۆچی باوك دەکرد نەك کۆچی نیوە برا یا هەر کەسوکارێکی تر .

رەنگە من لێرەدا - نائاگایانە- زۆر خۆپەرست بووبم و هەر هۆشم لای دەربڕینی هەستی خۆم بووبێت و، - بێ ئەوە کە پێم زانیبێت - کەوتبمە داوی باسێکی وەهاوە هەر وەك من لە مەرکەزی دنیای" ماڵی خۆمان"دا بووبم و گەردوون بە دەوری مندا سووڕابێتەوە، لەجیاتی ئەوە کە باسی گەورەیی میرزا عەبدوڵڵا " هەر خۆی بەخۆی" بکەم .

ئەو مرۆڤە بەڕێزە،ئیدیالستێکی‌گەورە بوو، رەوشتی پاکیی فریشتەکانی‌هەبوو و،لەسەر ئەوە زۆر چەو-سایەوە ( لە ئیدارەکەی، ئیدارەی تاپۆی زەوی و خانوو، بەرتیلی رەت دەکردەوە و یەك ئیمزای ناهەقی لەسەر شتێك نەدەکرد و لەسەر ئەوە دەیانچەوساندەوە) . مرۆڤێکی ئێجگار زۆر زیرەك بوو،" I.Q"ی لە ئاستی ئەوەی دکتۆر شەرەفکەندی‌دا بوو، ئەگەر بەرزتریش نەبووبێت .

زەینی لەبیرنەچوونەوەی وشەیەکی کە قەت خوێندبێتییەوە، نیزیك لەوەی هەژار بوو . ئەگەر بۆ پێداو-
یستیی بەخێوکردنی ئەو خێزانەی کە کەوتبووە ئەستۆیەوە ناچار وازی لە خوێندن نەهێنایە،هەم - بەلای
کەم- دەبووە دکتۆرێك و هەم دەبوو بە نووسەر و وەرگێڕێکیش . من هەر پێش چەند مانگێك زانیم کە
وەرگێڕانی لە دوو زمانی فەرەنسی و رووسی هەبوون، نازانم بۆچی ئەوەی لە من شاردبۆوە و قەت پێی-
نەگوتم . ئەسڵەن هەر قەت باسی خۆی نەدەکرد، تاقە شانازییەکی هەر بە " کاکم" (هەژار) و - دواتر- بە
" سادق" (دکتۆر شەرەفکەندی) بوو،کە ئەویشی وەکو من بە کوڕێکی خۆی هەست پێدەکرد و، زۆر-
یشی شایی بە منی تەپۆ بوو ( تا کەوتمە نووسینی کتێب و ئەو شتانە و" سونامی"یم قەوماند) . ئەوەی
راستی بێت، ئەو ماڵە - منیان لێ دەرچێت- یەك لە یەك زیرەکترن . ئەگەر زێنەب خانم بیخوێندایە،
رەنگە لە هەمووان سەرکەوتووتر بوایە، ئەوجا مامە عەبدوڵلا و، رەنگە دکتۆر شەرەفکەندی سێیەم و
هەژار چوارەمیان بوایە .

ئەو خوشك و برایانەی هەژار لە رووی‌عاتیفە و ئیدیالیزمی‌مرۆڤبوونەوە، زۆر لە هەژار جیاوازن، هەموو
ئەو شتانەیان بۆخۆیان هەڵگرتووە و بەشی ئەویان نەهێشتووەتەوە .

## راستکردنەوەی هەڵەی چاپی کتێبی " بارزانی - هەژار و هەژار و چەند کەسێك "

| لاپەڕە | هەڵە | تکایە راستبکرێتەوە و ببێت بە : |
|---|---|---|
| ١٢ | نامەم بۆ ماڵی خۆمان نوسی | نامەم بۆ بارزانی نوسی، نامەم بۆ ماڵی خۆمان نوسی |
| ١٧ | ون بوو | ون بوون |
| ١٨ | ١٩٧٥ | ١٩٥٧ |
| ٢٤ | واقیغ | واقیع |
| ٣٠ | ٩٦٤ | ١٩٦٤ |
| ٤٣ | (أحمد صالح العبدي | (أحمد صالح العبدي) |
| ٥٠ | دەلیت | دەڵێت |
| ٧٧ | چییرۆکەکانی | چیرۆکەکانی |
| ٧٧ | دەمویت | دەموێت |
| ٧٩ | یەکێتیی لەگەڵ سووریادا | یەکێتیی لەگەڵ میسردا |
| ٧٩ | راستەخۆی | راستەوخۆی |
| ٨٠ | ئێمەمانان نانمان | ئێمەمان نانمان |
| ٨٠ | ئێمەمانان خزممان | ئێمەمان خزممان |
| ٨٨ | دە دەباوەشی خۆی گرتن | دە باوەشی خۆی گرتن |
| ٩١ | چەند کتێبێك | چەند کتێبێکی |
| ٩١ | دەوڵەمەندانترە | دەوڵەمەندانترە |
| ١١٠(دیڕی ٧) | کاك هەژار کوتی : " بەڵام قوونی | کاك هەژار کوتی : " بەڵام ئەوەی کە لەسەرەوە بوو، سەیریکرد ئەوەی لە ژێریدا بوو، سەری تاس بوو، تاقە یەك موو بە سەرییەوە نەبوو، بەڵام قوونی |

# Le Dinyay Hejar u Dewruberî

Şêrko Hejar

2017

93
00